حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی راگەیاندن/ پەیوەندییە گشتییەکان

# ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی لە بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییە کوردییەکاندا

نامەیەکە خوێندکار (**کۆسرەت طە محمد شاری**) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی راگەیاندن/ پەیوەندییە گشتییەکان پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە.

بە سەرپەرشتی

**پ. ی. د. لانە صابر محمد سعید**

٢٧٢٢ کوردی

٢٠٢٢ زایینی

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (کۆسرەت طه محمد شاری) بە ناونیشانی (**ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی لە بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییە کوردییەکان**) بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن/ پەیوەندییە گشتییەکان، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د.لانە صابر محمد سعید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. سلام نصرالدين محمد

سەرۆک بەش

ڕێکەوت: / / ٢٠٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (کۆسرەت طه محمد شاری) بە ناونیشانی (**ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی لە بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییە کوردییەکان**) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)ی پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| واژۆ: | واژۆ: |
| ناو: | ناو: |
| پلەی زانستی: | پلەی زانستی: |
| سەرۆکی لیژنە : | ئەندام: |
| ڕێکەوت: | ڕێکەوت: |

| | |
|---|---|
| واژۆ: | واژۆ: |
| ناو: | ناو: |
| پلەی زانستی: | پلەی زانستی: |
| ئەندام : | ئەندام و سەرپەرشتیار: |
| ڕێکەوت : | ڕێکەوت: |

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت:   /   /  ٢٠٢

## پێشکەشە بە:

- دایک و باوکی شیرینم.
- خوشک و برا ئازیزەکانم.
- هاوسەری ئەزیزم، کە بەردەوام پشتیوان و هاندەرم بووە، هەروەها منداڵە چاوگەشەکانم.
- بەشی تەکنیکی میدیا لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.
- بەشی راگەیاندن و بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.
- کادرانی سیاسی، پارتە سیاسییەکان و میدیاکارانی کوردستان.

کۆسرەت

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانینی بێپایانم بۆ بەڕێز (پ.ی.د. لانە صابر محمد سعید)، کە وەک سەرپەرشتیارێکی دڵسۆز هاوکار و ڕێنیشاندەرم بووە و زۆر شتی لێوە فێربووم.
- سوپاس و پێزانینم بۆ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی کە دەرفەتی خوێندنی ماستەرنامەکەیان بۆ ڕەخساندم.
- سوپاسی زۆرم بۆ بەشی تەکنیکی میدیای پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی_ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کە مۆڵەتی خوێندنی ماستەریان پێدام.
- سوپاسی سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم، کە بە سەرنج و تێبینییەکانیان هاوکارییان کردم و هەڵسەنگاندنیان بۆفۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە کردوە: پ.د. کاوە محمد فرج، پ.د.ابراهیم سعید فتح الله، پ.ی.د. سلام نصرالدین محمد، پ.ی.د. کاروان محمد حسن، پ.ی.د. هۆشیار مظفر علی).
- سوپاسی سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە هاوکاریان کردم لە هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەکەدا: پ.د. ابتسام اسماعیل قادر، پ.ی.د. فواد علی احمد، پ.ی.د.ابراهیم سعید فتح الله، پ.ی.د. سلام نصرالدین محمد).
- سوپاسی زۆرم بۆ لیژنەی گفتۆگۆی ماستەرنامەکە، کە بەشدار دەبن لە تاوتوێ کردنی توێژینەوەکەدا.
- سوپاس بۆ سەرجەم ئەو کادرانەی مەکتەبەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە هاوکارم بوون لە گەیاندنی فۆڕمی ڕاپرسییەکاندا.
- سوپاس بۆ پ.د.نەزاکەت حسێن، کە هاوکارم بووە لە ڕووی مەیدانییەوە بۆ گەیاندنی فۆڕمەکان بە بەرتوێژان لە پارتی دیموکراتی کوردستان.
- سوپاس بۆ هاوڕێم دلێر عەبدولخالق، کە هاوکارم بووە لە ڕووی مەیدانییەوە بۆ گەیاندنی فۆڕمەکان بە بەرتوێژان لە بزووتنەوەی گۆڕان.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سەرجەم ئەو هاوڕێ بەڕێزانەی هاوکارییان کردم لە دەستخستنی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە، بە تایبەتی ئاکۆ ئیسماعیل و سەلمە فاتیح و دەریا عبدالوهاب.
- سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕیز (ئارام مەحموود ئەحمەد) بۆ پێداچوونەوە و ڕێنووس.

**توێژەر**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی لە بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییە کوردییەکان) گرنگی داوە بە دەسنیشانکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لای پارتە سیاسییەکان، روونی کردۆتەوە پارتەکان بایەخیان بە کام ئەرک داوە و کام ئەرکیان پشتگوێ خستووە.

توێژینەوەکە هەوڵیداوە ئاستی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکان لەنێو پارتە سیاسییەکاندا بزانێت، تاوەکو چەند کاریان بۆ ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکان کردووە، یاخود تاوەکو چەند ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان بۆ پێکهاتەی بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکان جێبەجێکردووە.

توێژینەوەکە ئامانجی دیاریکردنی ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ پێکهاتەی بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، هەروەها خستنەڕووی ئەو کێشانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا لە بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکاندا.

توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر پشتی بە رێکاری (رووپێوی) بەستووە لە رێگەی ئەنجامدانی فۆڕمی راپرسییەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سێ پارتە سیاسییە سەرەکییەکەی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە پێکهاتوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان)، بۆ سامپڵی توێژینەوەکەش کادرانی (٦) مەکتەب و ژووری هەریەک لە پارتە سیاسییەکان وەرە، کە ژمارەیان (١٩٨) کادرە بە پلەی جیاواز.

توێژەر لە کۆتاییدا گەیشتووەتە چەند ئەنجامێک، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا، زۆرجار کاری لەسەر ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان نەکردووە، تەنها زۆرجار کاری لەسەر ئەرکی میدیایی کردوە و گرنگی پێداوە، راستە ئەرکی میدیایی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەرکەکانی(لێکدانەوە، قایلکردن، هەڵسەنگاندن، دۆکیۆمێنتاری، ئاسانکاری) هەر یەکەیان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکان.

٢- یەکێک لە کێشەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاری سیاسیدا، بریتییە لە گرنگینەدان بە کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەلایەن کارگێڕیی ئۆرگانەکان و پابەند نەبوون بە ئەخلاقی پراکتیزەکردنی پیشەی پەیوەندییە گشتییەکان و گرنگی نەدان بە کردنەوەی خولی راهێنان بۆ کادران لەو بوارەدا.

# لیستی بابەتەکانی توێژینەوەکە


| ناونیشانی بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | أ |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| پێشکەشە | ج |
| سوپاس و پێزانین | د |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | ە |
| لیستی بابەتەکانی توێژینەوەکە | و |
| لیستی خشتەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە | ح |
| لیستی پاشکۆکانی توێژینەوەکە | ط |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە** | |
| پێشەکی | ١ |
| یەکەم: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| دووەم: گرنگی توێژینەوەکە | ٤ |
| سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە | ٥ |
| چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە | ٥ |
| پێنجەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە | ٦ |
| شەشەم: سنووری توێژینەوەکە | ٧ |
| حەوتەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٧ |
| هەشتەم: راستی و دروستی توێژینەوەکە | ٨ |
| نۆیەم: ئاستی جێگیری توێژینەوەکە | ٨ |
| دەیەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە | ٩ |
| یانزەیەم: دیارکردنی چەمکەکان | ١٠ |
| دوانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ١١ |
| سیانزەیەم: سوودوەرگرتن و خاڵی لێکچوو و جیاواز لەگەڵ لە توێژینەوەکانی پێشوو | ١٦ |

| ناونیشانی بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **بەشی دووەم: لایەنی تیۆری پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکاندا** | ٢٠ |
| **باسی دووەم: پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسیدا** | ٢١ |
| یەکەم: دەروازەیەک بۆ پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا | ٢١ |
| دووەم: چەمک و پێناسەی پەیوەندیی گشتی لە بوارە سیاسییەکاندا | ٢٢ |
| سێیەم: هۆکاری سەرهەڵدانی پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسیدا | ٢٣ |
| چوارەم: تایبەتمەندی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا | ٢٤ |
| پێنجەم: ئامانجەکانی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا | ٢٥ |
| شەشەم: ئەرکەکانی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا | ٢٦ |
| **باسی سێیەم: بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکاندا** | ٣٨ |
| یەکەم: دەروازەیەک بۆ بازاڕکاری سیاسی | ٣٨ |
| دووەم: پێناسەی بازاڕکاری سیاسی | ٤٠ |
| سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بازاڕکاری سیاسی | ٤٢ |
| چوارەم: گرنگی بازاڕکاری سیاسی | ٤٤ |
| پێنجەم: ئەرکەکانی بازاڕکاری سیاسی: | ٤٦ |
| شەشەم: پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی | ٤٨ |
| **باسی یەکەم: پارتە سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەدا** | ٥٦ |
| یەکەم: دەروازەیەک بۆ پارتی سیاسی | ٥٦ |
| دووەم: چەمک و پێناسەی پارتی سیاسی | ٥٧ |
| سێیەم: پارتە سیاسییەکان و بوارەکانی بازاڕکاری سیاسی | ٦٠ |
| چوارەم: گرنگی پارتی سیاسی بۆ کۆمەڵگە | ٦٣ |
| پێنجەم: ئەرکی پارتی سیاسی لە سیستمی فرە حزبیدا | ٦٤ |
| بەشی سێیەم : لایەنی میدانی توێژینەوەکە | ٦٧ |
| دەرئەنجام | ١٠٣ |
| پێشنیاز | ١٠٥ |

| | |
|---|---|
| ڕاسپاردەکان | ١٠٥ |
| سەرچاوەکان | ١٠٧ |
| پاشکۆ | |


## لیستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | **تەوەری یەکەم/ زانیارییە تایبەتەکانی بەرتوێژان** | |
| ٢. | خشتەی (١) تایبەتمەندیە کەسیەکانی بەرتوێژوان | ٧٢ |
| ٣. | تەوەری دووەم : پرسیارە تایبەتمەندەکانی توێژینەوەکە سەبارەت بە ئامانج و ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا | ٧٣ |
| ٤. | خشتەی (٢) ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسیەکاندا | ٧٤ |
| ٥. | خشتەی (٣) پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتاندا،تاوەکو چەند ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات | ٧٦ |
| ٦. | تەوەری سێیەم: ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕگەری بۆ پارتە سیاسییەکان | ٧٧ |
| ٧. | خشتەی (٤) ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بازاڕی سیاسی | ٧٨ |
| ٨. | خشتەی (٥) ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەرهەمی سیاسی | ٨٠ |
| ٩. | خشتەی (٦) ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دامەزراوە سیاسی | ٨٢ |
| ١٠. | خشتەی (٧) ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئامرازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری | ٨٤ |
| ١١. | خشتەی (٨) گرنگیدانی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ جەماوەر | ٨٦ |
| ١٢. | **تەوەری چوارەم: چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لە جێبەجیکردنی ئەرکەکانی لە بازاڕکاریی سیاسی** | |
| ١٣. | خشتەی (٩) ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاریی سیاسی | ٨٨ |
| ١٤. | خشتەی (١٠) ئەرکی لێکدانەوە لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا | ٩٠ |
| ١٥. | خشتەی (١١) ئەرکی قایلکردن لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا | ٩٢ |
| ١٦. | خشتەی (١٢) ئەرکی هەڵسەنگاندن لە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا | ٩٤ |
| ١٧. | خشتەی (١٣) ئەرکی دۆکۆمێنتاری لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا | ٩٦ |

| | | |
|---|---|---|
| .١٨ | خشتەی (١٤) ئەرکی ئاسانکاری لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا | ٩٨ |
| .١٩ | **تەوەری پێنجەم: خشتەی (١٥) کێشەکانی بەردەم پەیوەندییە گشتییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لە بازارڕکردنی سیاسی لە پارتەکاندا** | ١٠٠ |
| .٢٠ | **تەوەرەی شەشەم: خشتەی (١٦)پەیوەندی نێوان ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا و ئەنجامدانی ئەرکەکانی پەوەندیی گشتی لە پارتە سیاسییەکاندا بۆ پێکهاتەی بازارکاریی سیاسی** | ١٠٢ |
| .٢١ | خشتەی (١٧) بەهای پەیوەندی کۆڕاوەکان (قيمه معامل الارتباط) | ١٠٢ |


## لیستی پاشکۆ


| ژ | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆرمی ڕاپرسی بەرتوێژان | ١٢٠ |

# پێشەکی

هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە، تاکەکان ئارەزووی گەڕان و دروستکردنی پەیوەندیان لەگەڵ چواردەورەکەیاندا هەبووە، ئەمەش بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. پەیوەندییە گشتییەکان، وەک زاراوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەرکەوت و لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنرا، سەرەتا لە بواری بازرگانیدا بەکارهێنرا و دواتر پەلی کێشا بۆ بوارەکانی دیکە، پاشان لە بواری سیاسیدا، هەر بۆیە لە سەدەی بیستدا بازاڕکاری سیاسی سەریهەڵدا و لە کۆتایی سەدەی بیستدا گەشەی کرد، بەڵام پێش ئەو کاتە گرنگییەکی ئەوتۆی لەلایەن توێژەران و نووسەرانەوە نەبووە، لەو نێوەندەدا بازاڕکاری سیاسی وەک هونەری قایلکردن دەرکەوت.

پسپۆڕانی بواری سیاسەت و پەیوەندی گشتی، بە روونی ئاماژە بە گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان دەدەن لە کاری لایەنە سیاسییەکاندا، بەو پێیەی ئەوان ئاوێنەی رەنگدانەوەی بەرنامە و سیاسەتی پارتە سیاسییەکانن، هەروەها هەوڵی بەردەوامیان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پتەو و متمانەیە لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیدا، متمانەی گشتی و زانینی رەوتەکان و ئەمەش بەندە بە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێکهاتەی پارتە سیاسییەکاندا.

پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی گرنگن لە بازاڕکاری پارتە سیاسییەکان، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت شیکردنەوە، لێکدانەوە و هەڵسانگاندن بۆ جەماوەری ناو دەزگا و دەرەوەی دەزگاکە بکات، هەروەها رێگاکانی پەیوەندی کردن دەستنیشان بکات تا بتوانێت کارگەریان لەسەر جەماوەر دروستبکات و سەرنجیان بەلای پارتەکەدا رابکێشێت.

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی لە بازاڕکاری سیاسیدا، لای پارتە سیاسییەکان) ئایا ئەرکی پەیوەندییەگشتییەکان چیە لە پارتە سیاسییەکاندا وئایا جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکاندا لە چ ئاستێکدای و ئایا کێشەی پەیوەندییە گشتییەکان چیە لە جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانیان بۆ بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکاندا، ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ پێکهاتەی بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، هەروەها خستنەڕووی ئەو کێشانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی

ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا لە بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکاندا، توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر پشتی بە ڕێکاری (ڕووپێوی) بەستووە لە ڕێگەی ئەنجامدانی فۆڕمی ڕاپرسییەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سێ پارتە سیاسییە سەرەکییەکەی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە پێکهاتوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان)، بۆ سامپڵی توێژینەوەکەش کادرانی مەکتەب و ژووری هەریەک لە پارتە سیاسییەکان وەره.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە کە لەخۆگرتووە کە بەشێوەیەکی زانستی سەرجەم لایەنەکانی خستۆتە ڕوو، بەشی: دووەم لایەنی تیۆری لە خۆگرتووە کە لە سێ باس سەرەکی پێکهاتووە، کە باسی یەکەم پارتە سیاسییەکانی لە خۆگرتووە، باسی دووەم بەشێوەیەکی فراوان باسی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری سیاسیدا کراوە، باسی سێیەم و کۆتای بە چڕ وپڕی باسی بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکانی لەخۆگرتووە، بەشی سێیەمی تووێژینەوەکە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە و وەڵامی (١٩٨) کادری هەرسێ پارتە سەرەکیەکەی بەشدار بوو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتە. لە کۆتایدا دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان خراونەڕوو.

# بەشی یەکەم

# میتۆدنامەی توێژینەوەکە

# بەشی یەکەم

# میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

بوونی کێشەیەکی دیاریکراو لە هەر بوارێکدا، پاڵنەری سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، یان بابەتێکە را و بۆچوونی جیاواز هەیە لە سەری[١]، توێژەر ئەو کاتە دەست بە ئەنجامدانی توێژینەوە دەکات، کە درکی بە بوونی "کێشە" کردبێت، بە مانایەکی دیکە تاکو کێشەیەکی دیاریکراو سەرنجی توێژەری رانەکێشابێت، دەست بە توێژینەوە ناکات.

توێژەر هەوڵدەدات بزانێت پارتە سیاسییەکان بەشدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند پشت بە جێبەجێکردنی ئەرکاکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەبەستێت بۆ بازاڕکاری سیاسی بۆ بەرنامەکانیان و پارتەکانیان.

توێژەر لە پێنج خاڵدا وردتر هەوڵی دەستخستنی وەڵامی پرسیارەکان دەدات.

١- ئایا ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان چیە لە پارتە سیاسییەکاندا؟

٢- ئایا ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان چیە لە پارتە سیاسییەکاندا؟

٣- ئایە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان بۆ پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکاندا لە چ ئاستێکدایە؟

٤- ئایا ئەو چالاکیانە چین کە هەر ئەرکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان کاری لەسەر ئەکات بۆ بازاڕکاریی سیاسی پارتە سیاسییەکان؟

٥- ئایا کێشەی پەیوەندییە گشتییەکان چیە لە جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانیان بۆ بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکان؟

### دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە خۆی لەم دوو خاڵەدا دەبینێتەوە:

**١_ لەڕووی زانستییەوە**، ئەم توێژینەوەیە کەلێنێک لە پیشەی بواری پەیوەندییە گشتییەکان پڕ دەکاتەوە لە پرۆسەی بازاڕکاری سیاسی و بواری ئەرکەکانی پەیوەندی گشتیدا، توێژەرانی دواتر لە لایەنی زانستی و تیۆرییەوە دەتوانن سوودمەند ببن، چونکە توانراوە بەشێکی زۆر لە

---

[١] – محمد منير حجاب، أساسيات البحوث الاعلامية ولالجتماعية، ط٣، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦، ص ٣٢.

ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕکاری سیاسی بخرێتە روو، هەروەوها وەک سەرچاوەیەکی زانستی سودی لێ وەربگیرێت، هەروەها لە رووی میتۆدی توێژینەوە و شێوازی فۆڕمی ڕاپرسی سودمەندنین.

**٢_ لەڕووی پراکتیکییەوە:** باوەڕ هێنان بە لایەنە سیاسییەکان کە پەیوەندیی گشتی هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی پەیامەکانی دەزگاکە بۆ جەماوەر و بە پێچەوانەشەوە، هەروها سوود گەیاندن بە پارتە سیاسییەکان، بەو پێیەی توێژینەوەکە کەموکوڕیی لایەنەکان دەردەخات لە پرۆسەی بازاڕکاری سیاسی و بەرجەستەکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجەکانی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە پێنج خاڵدا کورت دەکەینەوە:

١- زانینی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

٢- دیاریکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

٣- دیاریکردنی ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ پێکهاتەی بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

٤- زانینی چالاکی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

٥- خستنەڕووی ئەو کێشانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا لە بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە**

گونجاوترین میتۆد بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی جۆری (رووپێوی)ی تێدا پەیڕەو دەکرێت، هەربۆیە توێژەر ئەم میتۆدەی بەکارهێناوە.

**پێنجەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە**

مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە سەرجەم رەگەز و تاکەکانی توێژینەوەکەیە کە پەیوەندیان بە کێشە و ئامانجی دیاریکراوەوە هەیە و دەستنیشانکراون.[١]

**أ_ دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە کادرانی پێشکەووتوی هەر سێ پارتە سیاسییەکەی بەشدار لەکابینەی نویەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە پێکهاتوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان)، بەو پێیەی دیارترین پارتە سیاسییەکان و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆرینەی جەماوەری بەدەستهێناوە و توانیویانە حکومەت پێکبهێنن کە بەم شێوازە کورسییەکانیان دابەش بوون لە کۆی (١١١) کورسی پەرلەمانی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان ٦٨٨ هەزار و ٧٠ دەنگی بدەستهێناوە، کە دەکاتە (٤٥) کورسی پەرلەمانی، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ٣١٩ هەزار و ٩١٢ دەنگی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (٢١) کورسی و بزووتنەوەی گۆڕان ١٨٦ هەزار و ٩٠٣ دەنگی بەدەستهێناوە دەکاتە ١٢کورسی پەرلەمان [٢].

**ب_ دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوەکە:**

بۆ دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوەکەش کادرانی مەکتەب و ژوورەکانی هەرسێ پارتە سیاسییەکە وەرگیراون بە شێوازی (سامپڵی مەبەستدار)، کە خۆی دەبینێتەوە لە مەکتەب و ژوورەکانی (رێکخستن، رێکخراوەکان، پەیوەندییەکان، هەڵبژاردن، راگەیاندن، پێگەیاندنی کادران و بیر و هۆشیاری)، چونکە ئەم مەکتەبانە بەشداری سەرەکین لە داڕشتن و گەیاندنی پەیامی پارتە سیاسییەکان بە جەماوەر و وەرگرتنەوەی رای جەماوەر بۆ سەرکردایەتی پارتەکان.

توێژەر (٢٤٠ ) فۆڕمی دابەش کردووە بەسەر مەکتەب و ژوورەکانی هەرسێ پارتە سیاسییەکە، دواتر لە کۆی (٢٤٠) فۆڕمی دابەشکراو (٢١١) فۆڕم گەڕاوەتەوە، بە رێژەی (٨٧,٩) لە سەرجەم فۆڕمە دابەشکراوەکان، هەروەها (١٣) فۆڕم لەبەر نەبوونی مەرجی زانستی تیایاندا دوورخرانەوە، بەو جۆرە (١٩٨) فۆڕمی راپرسی دروستی کادران ماوەتەوە بە رێژەی (٨٢,٥) لە کۆی فۆڕمە دابەشکراوەکان.

---

١- فرید کامل ابو زینة و اخرون، مناهج البحث العیلمي، الاردن، دار السیرة للنشر والتوزیع، ٢٠٠٦، ص٢٥.

٢ - https://payinstitute.org/perleman/xulekani_parlaman/x-perleman/fraksionekan.html کاتی سەردان (٢٠٢٢/١/١٨) کاتژمێر (٨:٤٠)شەو.

**شەشەم: سنوری توێژینەوەکە**

**سنوری مرۆیی:** کادرە سیاسییەکانی مەکتەب و ژووری ئەو پارتە سیاسیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێناوە.

**سنوری شوێن:** پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (٣) پارتی سیاسییە و پێکهاتوون لە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان).

**بواری کات:** توێژەر لە ماوەی سێ مانگدا فۆرمە ڕاپرسییەکەی بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا دابەش کرد لە نێوان مانگەکانی (٧_٨_٢٠٢٢/٩)دا.

**حەوتەم: ئامڕازی توێژینەوەکە**

توێژەر وەک لایەنی مەیدانی، پشت بە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و فۆرمی ڕاپرسی دەبەستێت لەنێو دەستەبژێری سیاسی.

**فۆرمی ڕاپرسی**: ئامڕازێک بۆ پرسیار کردن لە تاکەکان بە مەبەستی زانینی ڕاستی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان کە ئاڕاستەی بەرتوێژان کراوە، واتە بەشداری تاکەکان لە هەڵسەنگاندی کارێک، یەکێکە لە ئامڕازە زانستییەکان کە توێژەر پشتی پێدەبەستێت لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیدا بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست و کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە، توێژەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم ئامڕازەوە بە داتای ورد بگات، تا بۆچوونی کادران لە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاری سیاسی لای پارتە سیاسییەکان بزانرێت[1].

**هەنگاوی ئامادە کردنی فۆرمی ڕاپرسی:**

لە پێناو دروستکردنی فۆڕمێکی دروست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی گونجاو توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتەبەر لە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەی پێشوو کە نزیکن لەم

---

[1] - مي عبدالله، البحث فى علوم الاعلام و الاتصال من الاطر المعرفية الى الاشكاليات البحثية، بيروت، دار النهضة العربية، ٢٠١١، ص٢٥٨.

توێژینەوەیەوە و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزادا، فۆڕمەکە لە شەش تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، ئەمانەی خوارەوەن:

١_ پرسیارە گشتییەکان/ زانیارییە دیمۆغرافییەکان لە چەند بڕگەیەک پێکهاتووە.

٢_ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا.

٣_ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا.

٤_ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاری بۆ پارتە سیاسییەکان.

٥_ چالاکی هەر ئەرکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ پێکهاتەی بازاڕی سیاسی.

٦_کێشەی پەیوەندییە گشتییەکان لە جێبەجێنەکردنی بازاڕکاری سیاسی بۆ پارتەکان.

**هەشتەم: راستی و دروستی توێژینەوەکە**

دوای ئامادەکردنی فۆڕمێکی راپرسیی، کە لە (٦) تەوەر و (٦٢) بڕگە پێکهاتبوو، بۆ گەیشتن بە پێوەری راستی، توێژەر پشتی بە (٥) پسپۆڕی ئەکادیمی بەستووە*، دوای دابەشکردنی فۆڕمی راپرسی بەسەر پسپۆڕاندا و ئەنجامدانی کاری ئاماریی، دەرکەوت کە:

بۆ فۆڕمی راپرسی رێژەی سەدی راستی رواڵەتی بریتییە لە (٩١,٩٣٪)، کە ئەم رێژەیەش رێژەیەکی بەرزی راستەقینەی راستییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە، کە بەم شێوەیە رێژەکەی دەرهێنراوە.

(کۆی گشتی بڕگە گونجاوەکان دابەشی کۆی گشتی بڕگەکان دواتر لێکدانی ١٠٠ دەکرێت بەو شێوەیە رێژەی ئاستی راستی دەرکراوە).

٪٩١,٩٣ = ١٠٠ × ٩١٩,٠ =٦٢ ÷ ٥٧

---

* – پ.د. کاوە محمد فرج، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری – بەشی کارگێڕی کار– پسپۆڕی بازارگەری.

– پ.ی.د. ابراهیم سعید فتح الله، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان– بەشی راگەیاندن– پسپۆڕی راگەیاندن.

– پ.ی.د. سەلام نصرالدین محمد، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان– بەشی راگەیاندن– پسپۆڕی تەلەفزیۆن.

– پ.ی.د. هوشیار مظفر علي أمین، زانکۆی صلاح الدین/ کۆلێژی ئاداب – بەشی راگەیاندن– پسپۆڕی پەیوەندی گشتی.

– پ.ی.د. کاروان محمد حسن، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان– بەشی راگەیاندن– پسپۆڕی تەلەفزیۆن.

**نۆیەم: ئاستی جێگیری توێژینەوەکە**

جێگیری بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی، دەردەکەوێت بەهای جێگیری بە ڕێگەی (مقایس کرونباخ الفا) دەکاتە (٠,٨٩٩) کە گەورەترە لە بەهای (٠,٦٥) ئەمە بەهایەکی باش دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە پرسیارەکاندا.

**دەیەم: ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:**

لەپاش کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، لە ڕێگەی پرۆگرامی (SPSS)ەوە شیکاری بۆ زانیارییەکان کرا، توانرا سوود لەم هاوکێشە ئامارییانە وەربگیرێت:

١)ڕێژەیی سەدی = $\frac{\text{بەش} \times ١٠٠}{\text{کۆی گشتی}}$

٢) ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي – Maen) بۆ دەرهێنانی ناوەندی گۆڕاوی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕاپرسییەکەدا.

**ناوەندی ژمێرەیی ( الوسط الحسابي ) ( Mean )**

$$\bar{X} = (X_1 + X_2 + X_3 + \ldots\ldots X_n) / n$$

**یان دەتوانرێت بەم شێوەیە بنوسرێت**

$$\bar{X} = \frac{\sum_{i=١}^{n} x_i}{n}$$

٣) لادانی پێوەری (الانحراف المعياري – Standard Deviation) بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهاییەکان لە ناوەند.

لادانی پێوەری (Stander deviation)

$$Stander\ deviation\ (S.D) = \sqrt{\frac{\sum_{i=١}^{n}(x_i - \bar{x})^٢}{n-١}}$$

٤) هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (Person Correlation Coefficient) بۆ دەرهێنانی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، وەکو گۆڕاوی (y،x).

$$Correlation\ (r) = \frac{x_i y_i - \frac{(\sum_{i=١}^{n} x_i)(\sum_{i=١}^{n} y_i)}{n}}{\sqrt{[\sum_{i=١}^{n}(x_i - \bar{x})^٢][\sum_{i=١}^{n}(y_i - \bar{y})^٢]}}$$

$$Correlation\ (r) = \frac{x_i y_i - n\ (\bar{x})^٢ (\bar{y})^٢}{\sqrt{[\sum_{i=١}^{n}(x_i - \bar{x})^٢][\sum_{i=١}^{n}(y_i - \bar{y})^٢]}}$$

**یانزەیەم: دیاریکردنی چەمکەکان**

**١- ئاستی جێبەجێکردن:** دەرخستن و خستەڕووی ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە لە پارتە سیاسییەکاندا، تا چ رادەیەک توانراوە بۆ بازاڕکاری سیاسی پارتەکانیان جێبەجێی بکەن، هەروەها دەرخستنی ئەو چالاکیانەیە کە هەر ئەرکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جێبەجێی دەکات بۆ بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکان.

**٢- ئەرکی پەیوەندی گشتی:** پەیوەندی گشتی چەند ئەرکێک لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت کار لەپێناویدا بکات تا ئامانجی دەزگاکە، یان پارتە سیاسییەکەی تێدا بەدەستبهێنێت، کە لە پێناویدا هەوڵی بۆ دەدات لە بەرامبەردا بەشێک لە خواستەکانی جەماوەر پربکاتەوە، هەروەها رەزامەندی زۆرترین جەماوەر بەدەستبهێنێت و وا لە جەماوەر بکات کە مانەوە و وابەستەبوونیان بە پارتەکەوە بەردەوامی هەبێت، لەم توێژینەوەیەدا لە چەند روویەکەوە بیر و ڕای شارەزایانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان خراوەتە ڕوو، هەروەها توێژەر ئەرکەکانی (محمد نجیب الصرارة)کە پێکهاتوون لە ئەرکی(لێکدانەوە، قایلکردن، هەڵسەنگاندن، دۆکۆمێنتاری، ئاسانکاری، میدیایی) کرد بە بنچینەی کارکردن بۆ لایەتی مەیدانی توێژینەوەکە.

**٣- بازاڕکاری سیاسی:** هەموو ئەو هەوڵ و رێکارانەیە کە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە گرتویانە بەر تا بتوانن لە رێگەیەوە بەرنامە و سیاسەتی پارتەکەیان روونبکەنەوە و بیگەیەنن بە جەماوەر تا سەرنجی جەماوەر بە لای خۆیاندا رابکێشن و هەل ومەرجێک برەخسێنن تا بەرهەمی سیاسی خۆیانی تێدا بخەنەڕوو بە مەبەستی بەرزکردنەوەی رێژەی جەماوەریان.

**٤- پارتە سیاسییەکان:** مەبەست لە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە توانیان زۆرترین کورسی پەرلەمانی دەستەبەر بکەن و متمانەی زۆرترین جەماوەر بەدەستبهێنن کە (یەکێتی و پارتی و گۆڕان)ە.

**دوانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**توێژینەوەی یەکەم: توێژینەوەی (لانه صابر محمد سعید)، بە ناونیشانی(العلاقات العامة في مجلس وزراء إقليم كردستان/ إدارة السليمانية" دراسة ميدانية في وظائف العلاقات العامة) (٢٠٠٥)**[١].

توێژەر هەوڵیداوە ئەم ئامانجانە بەدەستبهێنێت، گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵتر سەبارەت بە گرنگی کاری بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ حکومەت، دیاریکردنی کاریگەری چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر ئەدای ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / ئیدارەی سلێمانی، گەیشتن بە گرنگترین ئەرکەکان کە بەش بە بەش جێبەجێی دەکات و ئەو ئەرکانەی کە بە گرنگیی رێژەیی ئەنجام نادرێن، دەستنیشانکردنی ئەو گرفت و ئاستەنگانەی کە لە ئەنجوومەن رووبەڕووی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان دەبێتەوە، شیکردنەوەی ئاستی بەرژەوەندی فەرمانبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەرکەکانیدا، هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێک راسپاردە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەنجوومەن بە ئامانجی دروستکردنی میکانیزمێک کە یارمەتی بەشەکە بدات جێبەجێیان بکات.

توێژەر لە دوو لاوە هەوڵی داوە ئەنجامەکان بخاتە روو:

یەکەم: لە بواری لایەنی تیۆری:

١- پەیوەندییە گشتییەکان بەشدارن لە هەڵسەنگاندنی کارایی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بە خەڵک دەکرێن و پێوانەکردنی کاریگەرییان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرامبەر بە خەڵکەکەی.

٢- هەرچەندە پەیوەندییە گشتییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ حکومەت، بەڵام بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت کە رەنگە رێگری لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بکات، لە پێش هەموویانەوە تێکەڵبوونی گەورەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ چەمکەکانی دیکەدا، کە دواجار کاریگەری لەسەر تێگەیشتن لە ئەو ئەرک و ئامانجانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامی دەدەن بۆ جێبەجێکردن.

٣- لە ئەنجامی خێرابوونی شێوازی ژیاندا، هەم حکوومەت و هەم جەماوەر بەیەکەوە هەمیشە پێویستە هەوڵبدەن دەستبەجێ ئارەزوو و ئاواتەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا،

---

[١] - لانه صابر محمد سعيد، العلاقات العامة في مجلس وزراء إقليم كردستان/ إدارة السليمانية" دراسة ميدانية في وظائف العلاقات العامة ، رسالة ماجسترغير مشورة، كلية الإعلام، قسم العلاقات العامة ، جامعة بغداد، ٢٠٠٥.

هەندێک داواکاری هەیە کە پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، هەروەها ئەمەش ئەوەیە کە رێگری دەکات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

دووەم: لە بواری لایەنی مەیدانی:

ا/ لە رووی ئامانجەوە:

١- ئاگاداربوونی رایگشتی لە چالاکییەکانی حکومەت.

٢- ناسینی بۆچوون و بۆچوونی هاولاتیان سەبارەت بە بەرپرسانی حکومی.

٣- باشترکردنی وێنەی ئەنجومەن لەناو جەماوەردا.

ب/ لە رووی دابەشکردنی ئەرکەوە:

توێژینەوەکە دەریخستووە کە بەریەککەوتنێک هەیە لە نێوان ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەنجومەنەکەدا ئەنجامی دەدەن بۆ جێبەجێکردن و ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات.

تویژەرە بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە.

١- پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتدا گرنگییەکی زۆری هەیە لە پێکهێنانی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان حکومەت و خەڵکەکەیدا لەرێگەی کارەکانییەوە وەک بەستەرێک کە روونکردنەوە و لێکدانەوەی هەردوو لایەن بۆ ئەوی دیکە لە ئەستۆ دەگرێت.

٢- پەیوەندییە گشتییەکان بەشدارن لە هەڵسەنگاندنی کارایی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بە خەڵک دەکرێن و پێوانەکردنی کاریگەرییان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرامبەر بە خەڵکەکەی.

٣- هەرچەندە پەیوەندییە گشتییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ حکومەت، بەڵام بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت کە رەنگە رێگری لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بکات، لە پێش هەموویانەوە تێکەڵبوونی گەورەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ چەمکەکانی دیکەدا، کە دواجار کاریگەری لەسەر تێگەیشتن لە ئەو ئەرک و ئامانجانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامی دەدەن بۆ جێبەجێکردن.

**توێژینەوەی دووەم: توێژینەوەی (هوشیار مظفر علي أمين) بە ناونیشانی (العلاقات العامة في الأحزاب السياسية الكردية – دراسة مسحية لأنشطة العلاقات العامة للحزب الديمقراطي الكردستاني) (٢٠٠٧)** [1].

توێژەر هەوڵیداوە ئەم ئامانجانە بەدەستبهێنێت، چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەدا و زانینی ئاست و شێوازی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکان و دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی حزبەکان لە پەیوەندییە گشتییەکاندا وەکو مۆدێلێکی پارتەکە و زانینی کاریگەری ئەو بەرژەوەندییە لەسەر خودی پرۆسەی سیاسی، بەکارهێنانی شێوازی کارکردنی زانستی ئەکادیمی لە لێکۆڵینەوەی گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەدا، دەستڕاگەیشتن بە پێکهاتەیەکی پێشکەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەدا، تێگەیشتن لە کاریگەریی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێکهێنانی رایگشتی لە رێگای بانگەشە و ریکلام و راگەیاندن، ناسینی سروشتی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەدا و میکانیزمەکانی کاری ناوخۆیی و دەرەکی تێیدا.

توێژەر لە کۆتای توێژینەوەکەدا گەیشتوە بەم ئەنجامانەی لای خوارەو:

١- سەلماندنی قەوارەیەک هەیە کە بەرپرسە لە پەیوەندییە گشتییەکان، وە ئەم قەوارەیە مەکتەبی سیاسی و بەشی فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکانی ناوخۆ و دەرەوە.

٢- سەلمێنراوە کە پەیوەندییە گشتییەکان بەشدارییەکی کاریگەر لە گەیشتن بە ئامانجەکانی حزبدا دەکەن.

٣- پسپۆڕییەکی ئەکادیمی ورد لە پەیوەندییە گشتییەکاندا نییە، هەروەها گرفتە لە شێوازی کارکردندا کە حزب بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ ناگرێت.

**توێژینەوەی سێیەم: توێژینەوەی (سۆندۆس فواد مستەفا)، بە ناونیشانی (الوظيفة الاتصالية للعلاقات العامة في برلمان اقليم كردستان – دراسة وصفية) (٢٠٠٨)** [2].

بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لە ئەرکی پەیوەندیکردن لە پەرلەمانی کوردستان، کێشەی توێژینەوەکەش لە هەوڵێکدا دیاری دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە تا ئێستاش

---

١ - هوشيار مظفر علي أمين، العلاقات العامة في الأحزاب السياسية الكردية – دراسة مسحية لأنشطة العلاقات العامة للحزب الديمقراطي الكردستاني، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ٢٠٠٧.

٢ – سۆندۆس فواد مستەفا، الوظيفة الاتصالية للعلاقات العامة في برلمان اقليم كردستان – دراسة وصفية، ريسالة ماجستير، جامعة بعداد، كلية الإعلام، ٢٠٠٨.

هەن بۆ رێگریکردن لە هەوڵەکان بۆ پێشخستنی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان لە دامەزراندنی پەیوەندی کاریگەر لەگەڵ چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەگا لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

توێژەرلەم توێژینەوەیەدا سێ پرسیاری سەرەکی بە ئامانج گرتووە:

١- چالاکی و شێوازی پەیوەندییە گشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان چین؟

٢- ئەو شێوازی پەیوەندییانە چین کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەکاردەهێنن، وە کێن راسپێردراون بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە؟

٣- ئەوانەی بەرپرسن لە پەیوەندییە گشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن بۆ کارەکانیان و تێڕوانینیان بۆی؟

توێژەرەکە لەم توێژینەوەیەدا گەیشتە کۆمەڵگەیێک ئەنجام.

١- لە هەڵبژاردنی کادرانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان هیچ دیدێکی زانستی روون نییە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەدای لیژنەی پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن لە پەرلەمان هەبووە.

٢- توێژینەوەکە بۆی دەرکەوتووە کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەو شێوازە زانستیانەی نەگرتۆتەبەر کە پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای ناوخۆی، بەو پێیەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان توێژینەوەی زانستی ئامادە ناکات و پلانی درێژخایەن یان کورتخایەن داناڕێژێت لە بەرنامەی کارکردنیاندا.

٣- خراپی هۆشیاری ئیدارە لە چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان و ئەو رۆڵەی کە دەتوانێت لەم بوارەدا بیگێڕێت.

٤- توێژینەوەکە پشتڕاستی کردووەتەوە کە هیچ بوودجەیەک بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان نییە، وە ئەمەش ئەوەیە کە کارەکە پێویستی پێیەتی لەڕووی چالاکی و پێداویستییەکان بۆ ئەنجامدانی دروست.

**توێژینەوەی چوارەم: توێژینەوەی (ئاواز حسن اسماعیل)، بە ناونیشانی (چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – توێژینەوەیەکی رووپێوی شیکارییە) (٢٠١٥)** [١].

ئەم توێژینەوەیە باس لە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەمدا، واتە ئاماژەکردن بە سەرجەم چالاکییەکانی ئەو وەزارەتانە و چەندێتی چالاکبوونی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان توێژەر بە شێوەیەکی رووپێوی شیکاری توێژینەوەکەی ئەنجام داوە .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی سروشتی ئەو کێشە و کەم و کورییانەی کە رووبەرووی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان دەبنەوە لە وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەو دەرەنجامانەشی کە لەو توێژینەوەیە بەدەست هاتوون ئەوانەن :

١- لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە بەشی پەیوەندییەکانی سەرجەم ئەو وەزارەتانەی کە دیاریکراون بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە، ئامانجێکی دیاریکراویان هەیە کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن.

٢- لە بەشی پەیوەندییەکانی سەرجەم ئەو وەزارەتانەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە هیچ پلانێکی تایبەتیان بۆ بواری پەیوەندییە گشتییەکان نییە، هۆکاری نەبوونی پلانیش دەگەڕێتەوە بۆ نەشیاوی بەرپرسەکانی پەیوەندییە گشتییەکان نییە، هۆکاری نەبوونی پلانیش دەگەڕێتەوە بۆ نەشیاوی بەرپرسەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و کەسانی پسپۆر، لەهەمان کاتیشدا بەشی پەیوەندییەکان هیچ رۆڵێکیان نەبووە بۆ دانانی پلان بۆ کارەکانی بەشەکە.

**توێژینەوەی پێنجەم: توێژینەوەی (ساکار عزیز رشید)، بە ناونیشانی (دور التسويق السياسي المستند على الاخلاق في كسب مو قف الرأي العام من خلال السمات الشخصية للمرشح، دراسة استطلاعية لاراء عينة من الناخبين في إقليم كوردستان/العراق) (٢٠١٨)** [٢].

---

[١] – ئاواز حسن اسماعیل، چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، نامەی ماستەرە ، زانکۆی سەلاحەدین، کولێژی ئاداب، بەشی راگەیاندن، ٢٠١٥.

[٢] – ساكار عزيز رشيد، دور التسويق السياسي المستند على ألخالق في كسب مو قف الرأي العام من خالل السمات الشخصية للمرشح دراسة استطالعية آلراء عينة من الناخبين في إقليم كوردستان/العراق،نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی بازرگانی و ئابووری،٢٠١٨.

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی پێوەر و بنەما ئەخلاقیەکانی کاندید و پارتە سیاسییەکان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دیاریکردنی ستراتیژی بازاڕگاری پارتە سیاسییەکان و جۆری ئەو بازاڕگاریەی کە دەیکەن لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دیاریکردنی گرنگترین ئەو سیماتە کەسیانەی کە داخوازی دەنگدەری لەسەرە لەگەڵ شێواز و بنەماکانی دەنگدانی دەنگدەر لە هەڵبژاردنی کانددی و پارتە سیاسییەکان.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی سێ ملیۆن دەنگدەر، وە دیاریکردنی قەبارەی پێویستی نموونەی هەڕەمەکی بە پێی هاوکێشەی ئامارییەکانە کە لە توێژینەوەکەدا بەکار هاتووە.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گەشتووە بەو دەرئەنجامانەی کە ئەو کاندیدانەی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە دیاریدەکرێن و بانگەشەیان بۆ دەکرێت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بە خواست و پێویستی دەنگدەران نین لە هەمانکاتدا دەنگدەر لە هەرێمی کوردستان تا رادەیەک دەنگ دەدەن بە کاندید لەسەر بنەمای سیفاتی کەسی، و گرنگترین ئەو سیفاتە کەسیانەی کە دەنگدەر لای پەسەندە بە پلەی یەکەم کە لە لایەن دەنگدەرانەوە قبووڵکراوە سیفاتی دەستپاکی، متمانەی تەواوی هەبیت لە چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها بەدوای ئەوە سیفاتی پابەندبوون بە پلەی دووەم، ئینجا سیفاتی دڵسۆزی بە پلەی سێیەم، ئینجا سیفاتی کاریزما، هاریکار، بێ فیز، زیرەکی، دۆستانە، وە زۆربەی دەنگدەران دەنگ نادەن بە سیفاتی شەڕانگێز، ئاڵۆز و فێڵباز.

**سیانزەیەم: سوودوەرگرتن و خاڵی لێکچوو و جیاواز لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەر هەوڵیداوە کە سوود و خاڵی لێکچووی توێژینەوەکانی پێشوو بەم شێوەیەی خوارەوە بخاتە روو:

**أ- سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای خستنەڕووی چەند توێژینەوەیەکی پێشوو کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی ئەنجام درابوون، توێژەر هەوڵیداوە لە چەند روویەکەوە سوودیان لێوەربگرێت و خاڵی لێکچوو بخاتەڕوو:

١- سوودوەرگرتن لەڕووی میتۆدی توێژینەوە، هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە زۆرینەی توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە.

٢- سوودوەرگرتن لەڕووی پلان و نموونەی توێژینەوە و هەنگاوە زانستییەکانیان.

٣- سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانیان و گەڕان بەدوای ئەو سەرچاوە زانستیانەی لەو توێژینەوانەدا خراونەڕوو.

٤- سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو وەک سەرچاوەیەکی زانستی و لەڕووی ناوەرۆک و تیۆرییەوە.

**ب-خاڵی لێکچوو و جیاواز لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەکانی پێشوو خۆی لە (٥) توێژینەوەدا دەبینێتەوە کە (١)توێژینەوە بە زمانی کوردی و (٤)توێژینەوە بە زمانی عەرەبییە، لێرەدا خاڵی لێکچوو و جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەکە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو خراوەتە روو:

توێژینەوەی (لانە صابر محمدسعید)، خاڵی لێکچوو هەردوو توێژەر لە توێژینەوەکانیاندا کاریان لەسەر ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان کردووە، توێژینەیەکی وەسفیە بۆ لایەنی مەیدانی توێژەران فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارکارهێناوە، بەڵام خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی پێشوی ئاماژە بۆکراو ئەوەیە کە توێژینەوەی پێشوو کاری دامەزراوەکانی حکومەت کردوە لە یەک زۆنی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. توێژینەوەی (هوشیار مظفر علي أمين)، خاڵی لێکچوو هەردوو توێژەر لە توێژینەوەکانیاندا کاریان لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان کردووە لە پارتی سیاسیدا، بۆ لایەنی مەیدانی توێژەران فۆڕمی ڕاپرسی (رووپێوی) بەکارکارهێنراوە، هەروەها کادرانی ناخۆی پارکە وەرگیراوە، بەڵام خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی پێشوی ئاماژە بۆکراو ئەوەیە کە توێژینەوەی پێشوو کاری تەنها لەسەر یەک پارت کردووە. توێژینەوەی (ئاواز حسن اسماعیل) خاڵی لێکچوو هەردوو توێژەر لە توێژینەوەکانیاندا کاریان لەسەر ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان کردووە، بەڵام خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی پێشوی ئاماژە بۆکراو ئەوەیە کە توێژینەوەی پێشوو کاری دامەزراوەکانی حکومەت کردوە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردووە بەڵام ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر پارتەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەت کردوە، توێژینەکەی پێشوو توێژینەوەیەکی رووپێوی شیکاریە، توێژینەوەی (ساکار عزيز رشيد)، خاڵی لێکچوو هەردوو توێژەر لە توێژینەوەکانیاندا کاریان لەسەر

بازارکاری سیاسی پارتەکان کردوە، توێژینەیەکی وەسفیە بۆ لایەنی مەیدانی توێژەران فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارکارهێناوە بەڵام خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی پێشوی ئاماژە بۆکراو ئەوەیە کە توێژینەوەی پێشوو کاری لەسەر بازارکاری سیاسی و ئەدای کاندیدەکان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە ، بەڵام ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر پارتەکانی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەت کردوە،

# بەشی دووەم: لایەنی تیۆری

## پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکاندا

باسی یەکەم: بازاڕکاری سیاسی لە بواری سیاسیدا

باسی دووەم: پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا

باسی سێیەم: پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا

## بەشی دووەم: پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاری سیاسی پارتە سیاسییەکاندا

لەم بەشەدا کە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت هەوڵدراوە بە سێ باس تەوەرەکان بخرێنە روو

باسی یەکەم: پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسیدا، سەرەتا دەروازەیەک بۆ پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا خراوەتە روو، پاشان لە چەند روویەکەوە چەمک و پێناسەی پەیوەندیی گشتی لە بوارە سیاسییەکاندا کراوە، دواتر هۆکاری سەرهەڵدانی پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسیدا باسکراوە، پاشان تایبەتمەندی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا و ئامانجەکانی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا و ئەرکەکانی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا بە پێی بۆچوونی شارەزایەن باسی لێوە کراوە.

هەرچی باسی دووەمیشە بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکاندا باس کراوە، سەرەتا بۆ ناساندن دەروازەیەک بۆ بازاڕکاری سیاسی ناسێندراوە، پاشان پێناسەی بازاڕکاری سیاسی کراوە و تایبەتمەندییەکانی بازاڕکاری سیاسی و گرنگی بازاڕکاری سیاسی و ئەرکەکانی بازاڕکاری سیاسی و پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی خراونەتە بەر باس.

لە کۆتایشدا پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا باسی لێوە کراوە کە دەروازەیەک بۆ پارتی سیاسی و چەمک و پێناسەی پارتی سیاسی خراونەتە روو، هەروەها پارتە سیاسییەکان و بوارەکانی بازاڕکاری سیاسی و گرنگی پارتی سیاسی بۆ کۆمەڵگەدا و ئەرکی پارتی سیاسی لە سیستمی فرە حزبیدا باسی لێوە کراوە.

# باسی یەکەم: پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسیدا

## یەکەم: دەروازەیەک بۆ پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا

چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە دامەزراوەکانی بواری سیاسیدا دەرکەوت (بە ئینگلیزی: Public Relation)، پەیوەندییە گشتییەکان یەکێکە لە چالاکییە گرنگەکانی کاری پارتە سیاسییەکان و بوارێکی پێویستە بۆ هەر کارێک و کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی پارتەکە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکیدا، هەروەها کاریگەری لەسەر پارتەکە وەک چالاکییەکی دەرەکی، ئامانجی چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکان بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پارتەسیاسییەکە و کادران و ئەندامان و جەماوەر و لایەنە پەیوەندیدارەکانە، پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ دروستکردنی وێنەیەکی زەینی دامەزراوەکە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خزمەت بە کۆمەڵگەگا دەکات و بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت[١].

پەیوەندییە گشتییەکان بووەتە ئامرازێکی چارەنووسساز لە دارشتنی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان پارتەکان و جەماوەرەکەی لە لایەک و لە نێوان کادرە سیاسییەکان و جەماوەر لە لایەکی دیکەوە، هەروەها رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە هەڵمەتە سیاسییەکان کە ئامانجیان ئاراستەکردنی رایگشتییە، دارشتنی رەوتەکانی و دیاریکردنی هەڵبژاردنەکانی، پەیوەندییە گشتییەکان لە فاکتەرە کاریگەرەکانن کە پاڵپشتی دەسەلاتی سیاسی دەکەن، جا چ لەسەر ئاستی پارتەکان بێت، یان لەسەر ئاستی کادرەکان بۆ هەندێک پۆست لە چوارچێوەی بەرێوەبردنی سیاسەتی گشتیدا. پەیوەندییە گشتییەکان بووەتە هێزێکی کاریگەر لە پرۆسەی سیاسی و سەرۆکی پارتەکان و پارتە سیاسییەکان، ئەگەر سیاسەتمەداران ئەوانە بن کە پرۆگرامە سیاسییەکان دادەرێژن، ئەوا کادرانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەوانەن کە دەتوانن رایگشتی بە کاریگەرییەکانیان رازی بکەن و ئەوان توانای ئەوەیان هەیە ئەو بەرنامانە و ئیمکانیاتانەیان بە رایگشتی بگەیەنن، کە بەمەش پشتیوانی و قبوڵ کردنی ئەوان بەدەست بهێنن، پەیوەندییە گشتییەکان چالاکییەکی مرۆییە کە ئامانجی رازیکردنە بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی بەردەست، کەسی و گشتی، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، بە ئامانجی بەدەستهێنانی سۆز و خۆشەویستی خەڵک و دەستەبەرکردنی لێکتێگەیشتن لەگەڵیان، بۆیە زانستی پەیوەندییە

---

[١] – عبدالحكيم خليل مصطفى، العلاقات العامة بين المفهوم النظري والتطبيق العملي، الجيزة، دار العالمية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩، ص ١٥.

گشتییەکان لە هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو بنەمایانەیە کە یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە لە رووی بەڕێوەبردنێکی دروست لەگەڵ ئامانجەکان، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە گشتییەکان وەک چالاکییەک، بەو پێیەی ئەرکێکە پەیوەستە بە بەڕێوەبەرایەتی باڵا بۆ پشتگیری کردنی سیاسەتەکانی دامەزراوە و پارتەکە، هەڵسەنگاندن بۆ جەماوەر بکات و متمانەی یەکتر لە نێوان پارتەکە و جەماوەردا بەدەستبێت[١].

**دووەم: چەمک و پێناسەی پەیوەندیی گشتی لە بوارە سیاسییەکاندا**

بە گوێرەی فەرهەنگی وێبستەر، (پەیوەندییە گشتییەکان کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆرن، کە دەستە، یان گرووپ، یان حکومەت ئەنجامی دەدات، ئامانج لە پەیوەندییە گشتییەکان، بونیادنانی پەیوەندییەکی تەندروستە لە نێوان جەماوەر و دامەزراوەکە)[٢].

پەیوەندییە گشتییەکان، هەوڵدەدات لە رێگای هۆکارە جۆراوجۆرەکانی میدیاوە کاریگەریی لەسەر جەماوەر دابنێت، تاوەکو بتوانێت وێنەیەکی تەندروستی دامەزراوەکە نیشانی دەرەوە بدات و لە هەمان کاتیشدا ببێتە یارمەتیدەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی رووبەڕووی دامەزراوەکە دەبنەوە[٣].

دامەزراوەکان لە رێگەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە کار بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر دەکەن، شانبەشانی بەردەوامبونی چالاکییەکانی دامەزراوەکە و نەهێشتنی ئەو بەدحاڵیبونانەی جاروبار رووبەڕووی دەزگاکە دەبنەوە[٤].

جاک کانفیلد* لە پێناسەی پەیوەندیی گشتیدا دەڵێت (فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ بەڕێوەبردن، لە رێگەی ئەنجامدانی کار و چالاکی بەردەوام و گرتنەبەری بەرنامە و

---

١ – خيرت عياد و أحمد الفاروق، العلاقات العامة والاتصال المؤسسي عبر الانترنت، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٥م، ص١١.

٢ – فيليب هنسلو، العلاقات العامة، ط٣ ، مصر، دار الفاروق للاستثمارات الثقافية السلسلة للجميع ، ٢٠٠٦، ص١٦.

٣ – جميل احمد خضر، العلاقات العامة، ط٣، الاردن، دار المسيرة للطباعة والنشر، ١٩٩٨، ص٦٧.

٤ – اسماعيل محمد محمود عامر، العلاقات العامة والتطور الرقمي، الاردن، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠٢١، ص٢٤.

* جاک کانفیلد: نوسەرێکی ئەمریکیە لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئەمریکا لە دایک بووە، بازرگانێکی سەرکەوتووە و قسەکەرێکی پرۆفیشناڵە و راهێنەری بواری گەشەپێدانی مرۆییە.

سیاسەتێکی دیاریکراو. ئەمەش لەلایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکانەوە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕازی بوون و متمانەی جەماوەر)[١].

پەیوەندیی گشتی لە چوارچێوەی بازاڕکاری سیاسیدا، هەوڵێکی پلان بۆداڕێژراوە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەردا دەدرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر[٢].

بە ڕای توێژەر، پەیوەندیی گشتی ئەرکێکی کارگێڕییە دید و بۆچوونەکانی جەماوەر هەڵدەسەنگێنێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکان و سیاسەتی پارتەکە بگونجێت، پاشان بەرنامەی بەڕێوەبردنی کارەکان دادەنێت تا متمانەی جەماوەر و دەزگاکەی دەستەبەر بکات.

**سێیەم: هۆکاری سەرهەڵدانی پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسیدا**

پارتە سیاسییەکان لە داڕشتنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتەکانی تردا کاریگەری لەسەر پێگەی دەوڵەت و بەرژەوەندییە سیاسی دەبێت و پارتەکان خەرجییەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی ئەرێنی لەسەر ئاستی نیشتمانی پیشان بدەن، پەیوەندییە گشتییەکان بە شێوەیەکی فراوان کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی و دروستکردنی پەیوەندی جەماوەری، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کایەی سیاسیدا زیاتر بووە، سیاسەتمەداران وابەستەی پەیوەندییە گشتییەکانن وەک مۆدێلێکی پەیوەندی قایلکەر کە کاریگەری لەسەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتی جەماوەر هەیە، ژمارەیەک هۆکار هەبوون وەک هەلومەرجێکی بابەتی بوونە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی پەیوەندیی گشتی وەک زانستێکی نوێ و سەربەخۆ لە بواری سیاسیدا، لە گرنگترین و سەرەکیترین ئەو هۆکارانە، ئەمانەی لای خوارەوەن[٣]:

١- گۆڕانی تەرز و شێوازی ژیان و ئاڵۆزبوونی دنیا و زۆربوونی حەز و ئارەزووەکانی خەڵک.

٢- گەشەکردنی کاری سیاسی و سەرهەڵدانی پارتی سیاسی جۆراوجۆر و هەوڵدانیان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و کێبڕکێی بەهێز و توندی سیاسی.

٣- بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری خەڵک و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری.

---

[١] – جمیل احمد خضر، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٨.

[٢] – اليسون فيكر، دليل العلاقات العامة، ت : عبدالحكم الخزامي، القاهرة، دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤، ص١٠.

[٣] – محفوظ أحمد جودة، العالقات العامة مفاهيم وممارسات، الاردن، دار زهران للنشروالتوزيع، ٢٠٠٨، ص٤٧.

٤- بایەخدان بە بواری مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەسی و بیروڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و کۆبوونەوە و گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی و گرووپی فشار و پێکهێنانی ڕێکخراو و سەندیکا پیشەیی و جەماوەرییەکان.

٥- سەرهەڵدانی دەوڵەتانی زلهێز و ململانێی سیاسی و سەربازی و ئابووری و هەوڵدان بۆ گرتنەبەری سیاسەتی پاوانخوازی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە وڵاتانی جیهاندا.

٦- گەشەکردنی زانست و زانیاری و هۆیەکانی تەکنەلۆژیا و پەیدا بوونی پسپۆری ورد لە زانستەکاندا.

٧- خێرایی لە گەشەکردنی هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن و ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن و شکانی سەرجەم بەربەست و کۆت و کۆسپە جوگرافی و سیاسی و نەتەوەییەکان، لە بەرەنجامی دیاردەی بە جیهانی بوون و فرەیی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت و تۆڕەکانی پێدانی زانیاری بە جەماوەر و سەرهەڵدانی شۆڕشی زانیاری لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکاندا کە بە سەردەمی ئێستا دەوترێت.

**چوارەم: تایبەتمەندی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا**

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەگشتییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت کە هاوتەریین لە بواری سیاسەتدا، چەند تایبەتمەندییەک لەخۆدەگرێت هۆکاری ناساندنەوەین کە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕوو[1].

١- پەیوەندیی گشتی پرۆسەیەکی کارگێڕییە.

٢- پەیوەندیی گشتی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ بەڕێوەبردن، بە شێوەیەک جەخت دەکاتەوە لەسەر بەرژەوەندی و سوودگەیاندن بە ڕێکخراو و جەماوەر.

٣- پەیوەندیی گشتی هەوڵدەدات سەرجەم چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە بخاتەڕوو، هەروەها هەوڵی خستنەگەڕی بەرنامە و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەدات.

٤- پەیوەندیی گشتی پرۆسەیەکی پەیوەندی کردنی دوولایەنەیە، کارلێک کراوی نێوان ڕێکخراو و جەماوەرە.

٥- پەیوەندیی گشتی چالاکییەکی درێژخایەنە (ستراتیژییە)، نەک کورتخایەن.

---

[1]- محمد عبدة حافظ، العلاقات العامة، القاهرة، دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٩، ص٦٧.

٦- پرۆسەی پەیوەندیی گشتی پرۆسەیەکی بەرنامەڕێژە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی ڕێکخراو و جەماوەر ئەنجام دەدرێت.

٧- پشت بەستن بە تواناسازیی و توانای مرۆیی بەبێ بوونی توانایەکی باش ناتوانین بڵێین پرۆسەیەکی پەیوەندی کردنی کارا (چالاک) لە ڕێکخراوێکدا هەیە.

٨- پەیوەندیی گشتی چالاکییەکە بۆ بنیاتنان و بەردەوامی و دەرخستنی رووی جوانی ڕێکخراو و گەیشتن بە تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەردا.

٩- پەیوەندیی گشتی زانستێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی بیروڕا و هەوڵدەدات کاردانەوەی رایگشتی بزانێت.

١٠- بەکارهێنانی توێژینەوە و ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بە شێوەیەکی ئەخلاقی وەکو ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی.

١١- بەکارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندن لەلایەن ڕێکخراوەوە بە مەبەستی پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە، هەروەها گرێدان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جەماوەردا و گەیاندنی پەیام و بەرنامەکانیان بە جەماوەر[١].

## پێنجەم: ئامانجەکانی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا

پەیوەندییە گشتییەکان بەشداری لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێک دەکات لە بواری سیاسیدا، لایەنە سیاسییەکان بەر لە جێبەجێکردنی پلانەکان، ئامانجەکانیان دیاریدەکەن، ئەمەش لەپێناو بەفیرۆ نەچوونی هەوڵ و ماندووبوونەکان و باش بەڕێوەچوونی ئەو پلانەی کە نەخشەی بۆ داڕێژراوە و بەرناو پلانی پارتەکەی لەسەر جێبەجێدەکرێت ، کەواتە ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ پارتە سیاسییەکان لە چەند خاڵێکدا کورت دەکرێنەوە[٢].

١ - محمود يوسف مصطفى، مقدمة في العلاقات العامة، عمان، الدار العربية للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨، ص٢٣.

٢ - بڕوانە:- بشير العلاق، العلاقات العامة، عمان، دار اليازوري العلمية للنشر، ٢٠٠٩، ص١١١.

- ياس خضير البياتي، عبدة محمد داود، شيماء السيد سالم، عمان، مقدمة فى العلاقات العامة و الاعلان، الافاق للنشر و التوزيع،٢٠١٢، ص٩٨.

- محفوظ احمد جودة، العلاقات العامة مفاهيم و ممارسات، ،ط ٤، عمان، دار زهران للنشر ١٩٩٨، ص٢٦.

- صالح خليل ابو اصيح، العلاقات العامة و الاتصال الانسانى، عمان، دار الشروق للنشر١٩٩٨، ص٩٧.

١- بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگی باش بۆ پارتە سیاسییەکە.
٢- پاراستنی متمانە و ناساندنی ئامانج و سیاسەت و بەرهەمەکان بە جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دەزگاکە.
٣- دروستکردنە وێنەی زەینی باش (ایجابی) لەناو جەماوەردا.
٤- گەشەپێدان و لێکتێگەیشتنی هاوبەش و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و سیاسییەکەدا.

**شەشەم: ئەرکەکانی پەیوەندیی گشتی لە بواری سیاسیدا**

ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە نێو دامەزراوە سیاسییەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی لە پرۆسەی گەیاندنی سیاسیدا پەیوەستە بە هەر پێنج رەگەزە بنەرەتییەکەی گەیاندنی سیاسییەوە، کە بۆ هەر یەکێکیان بەرنامە و پڕۆژەی تایبەت هەیە[1]: پەیامی سیاسی و نێرەری پەیامی سیاسی، کارەکتەرانی دامەزراوەی سیاسی لەگەڵ پسپۆڕان و بەرپرسانی پەیوەندییە گشتییەکاندا، ریگەی گەیاندنی پەیامە سیاسییەکان کە بە هاوبەشی رۆڵی تێدا دەبینن.

١- چالاکیی سیاسی: بریتییە لە بنەما و ناوەرۆکی پرۆسەی گەیاندنی سیاسی، پەیوەندییە گشتییەکان لێرەدا جەخت دەکاتەوە لە راستگۆیی و بەدیهێنانی متمانە، هەروەها دەبێت زمان و مەبەستی پەیامەکە روون بێت و لەگەڵ ئاستی وەرگردا بگونجێت، بە کورتی چالاکییە سیاسییەکانی گەیاندنیش تەواوی ئەو ئەرک و چالاکیانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییە گشتییەکان لەڕێی بەکارهێنانی ئامڕازە جۆراوجۆرەکانی گەیاندنەوە ئەنجامیدەدات بۆ مەبەستی دەستکەوتی سیاسی و کاریگەری ئەرێنیی و جوانکردنی وێنەی زەینی لای جەماوەر.

٢- ئامڕازی گەیاندنی سیاسی: واتە ئەو ئامڕازەی هەڵیدەبژێرێت بۆ پرۆسەی گەیاندنی سیاسی، پەیوەندییە گشتییەکان بە شێوەیەکی ورد ئەم ئامڕازانە بەکاردەهێنێت لەسەر بنەماکانی سروشتی پەیامەکە، ئامانجەکان، کات، تایبەتمەندییەکانی جەماوەرەکە بۆ هەر یەک لەمانەش پەیوەندییە گشتییەکان بەشدار دەبێت و تیم و لێکۆڵینەوەی تایبەت ئەنجام دەدەن لە پێناو گەیشتن بە هەڵبژاردنێکی دروست.

---

[1] - محمد علي ابو العلا، فن الاتصال بالجماهير بين النظرية و التطبيق، القاهرة، دار العلم والايمان للنشر و التوزيع، ص١٤ ، ١٥.

٣- کاریگەری: کاریگەری، ئامانجی بنەڕەتی و کۆتایی هەر پرۆسەیەکی گەیاندنی سیاسییە، پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵدەدات بە دوو هەنگاو بیگەیەنێتە ئەنجام، یەکەم، گۆڕینی را و بیرکردنەوە و دووەم، گۆڕینی رەفتار.

٤- جەماوەری وەرگر: مەبەست لەو جەماوەرەیە، کە ئامانجی دامەزراوە سیاسییەکانە لە پرۆسەی گەیاندنی سیاسیدا، پەیوەندییە گشتییەکان زۆر باش حساب بۆ توانا و ئامادەیی و جیاوازی ئەو جەماوەرە دەکات، کاتێک پەیامێکی سیاسیان ئاڕاستە دەکرێت و چەند فاکتەرێک بەهەند وەردەگرێت، وەکو: ئاستی رۆشنبیری، مەیلی جەماوەر، تەمەن، جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئابوریی نیشتەجێبوون و جوگرافی، سەرکەوتنی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە کارەکەیدا، پێویستی بە زانینی ئەو ئەرکە بنەڕەتیانە هەیە کە لەسەری بنیاتنراوە، گومانی تێدا نییە بەرپرسیارێتییەکانی ئەم بەشە لە بوارێکی سیاسییەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بە پشتبەستن بە سروشت و قەبارەی لایەنە سیاسییەکە و ئەو هەلومەرجەی تێیدا کاردەکات.

زۆرێک لە نووسەران باس لەوە دەکەن، کە پێنج ئەرکی سەرەکیی پەیوەندیی گشتی هەن، کە بریتین لەمانە [1].

**١- توێژینەوە:**

توێژینەوە لە هەموو بوارەکاندا هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە راستی و دروستی بابەتەکان تا بتوانن لە رێگەیەوە بەرنامەو کارەکانی خۆیانی لەسەر دابرێژن یان ئەو تێگەیشتنەی دەیانەوێت لێوەی بەدەستی بهێنن، پەیوەندییە گشتییەکان لە رایگشتی جەماوەرەکەی دەکۆڵێتەوە، هەوڵدەدات ئاگاداری بۆچوون و بیرکردنەوەکانیان بێت، بۆ ئەوەی رێگەی بەدەستهێنانی متمانە بدۆزێتەوە. بۆ نموونە لەنێو زانکۆدا دەتوانێت توێژینەوە لەسەر بۆچوونی مامۆستا و خوێندکاران بکات، یاخود لە سوپادا لە بیروڕای سەرباز، ئەفسەران و تەکنیککارانی دیکە بکۆڵێتەوە، لە کۆمپانیا و وەزارەتەکاندا رەوتی رایگشتی لە نێوان فەرمانبەران و کرێکاراندا تاقیبکاتەوە[2]. هەروەها توێژینەوەی دیکە بکرێت لەسەر شیکردنەوەی پەیامی کەناڵە میدیاییەکان و سینەما و هەڵمەتە میدیاییەکان[3].

---

[1] - حسن عبدالهادي الخاقاني، مهارات التسويق الاعلامي عند العاملين في العلاقات العامة – جامعة بغداد انموذجا، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠١٢، ص١٥.

[2] - منال هلال المزاهرة، العلاقات العامة الدولية، ط ٢، عمان، دار الميسرة للطباعة والنشر، ٢٠١٥، ص١٢٦.

[3] - محمد فريد الصحن، العلاقات العامه، المبادئ التطبيق، ط٢، بغداد، الدار الجامعية للطباعة والنشر و التوزيع، ٢٠١٥، ص٨٦.

**٢- پلاندانان:**

ئەركی بەشی پەیوەندییە گشتییەكانە، كە بەشداری بكات لە دانانی سیاسەتی گشتی لایەنە سیاسییەكە و پلانەكانی دابڕێژێت، لەبەر رۆشنایی ئەو توێژینەوانەی كە دامەزراوەكە ئەنجامیان دەدات لە رێگەی دەستنیشان كردنی ئامانجەكان و خەملاندنی بڕە بوودجەی پێویست بۆ جێبەجێكردنی پلانەكان. ئەركێكی دیكە بریتییە لە روونكردنەوەی سیاسەتی پارتە سیاسییەكە بۆ رایگشتی، بەتایبەت لە كاتێكدا كە سیاسەتی پارتە سیاسییەكە گۆڕانی بەسەردا دێت، یاخود گوتارێكی نوێ پێشكەش دەكەن[1].

**٣- پەیوەندی:**

مەبەست لێی دروستكردنی پەیوەندییە لەگەڵ جەماوەر و دامەزراوە و رێكخراوی بواری سیاسیی. هەروەها دیاریكردنی میدیای گونجاو بۆ دەركەوتنی كادیرەكانی بواری سیاسیدا و بەستنی كۆنفرانس و چالاكیی دیكەی جۆراوجۆر[2].

پەیوەندییە گشتییەكان هەمیشە لەهەوڵدا دەبێت بۆ ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ سەركردەی ڕا دروستبكات، زانیارییەكانیان لەگەڵدا بەش بكات و هاوكاریان بكات بۆ ئەوەی دەستیان بە زانیارییەكان بگات، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام هەوڵدەدەن رایەڵەی پەیوەندیی بەهێز بنیات بنێن لەگەڵ پەیمانگاكانی مەشق و راهێنان لەسەرجەم بوارەكاندا، بەو ئامانجەی خول و راهێنانی پێشكەوتوو بۆ كادیرانیان بكەنەوە[3]، لەلایەكی دیكەوە پەیوەندییە گشتییەكان یارمەتی رایگشتی دەدات و زانیارییەكانیان دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری دروست بدەن و هەمیشە راستییەكانیان لەبەردەستدا بێت. هەر ئەوەندەش نا، بەڵكو كاردەكەن بۆ ئەوەی گۆڕانكاری لە رایگشتیدا دروستبكەن لە بەرژەوەندی بواری سیاسیدا[4].

---

[1] – هيثم هادي الهيتي، العلاقات العامة السياسية ، الاردن، دار أمجد للنشر و التوزيع،٢٠٢٠، ص١٤٧.

[2] – حاج احمد كريمة، العلاقات العامة داخل المؤسسة دراسة حالة مؤسسة الصناعات النسيجة، رسالة ماجستير، جامعة وهران السانية،٢٠١٠ ، ص٦٧.

[3] – ورود عثمان شرباتي، واقع ادارة العلاقات العامة في الجامعات العاملة في الضفة الغربية، رسالة ماجستير،جامغة الخليل، ٢٠١١، ص٤٦.

[4] – شاذلي عوض عبدالفضيل احمد، فاعلية العلاقات العامة في تطوير اداء المؤسسات الحكومية – دراسة وصفية تحليلية بالتطبيق على وزارة الاعلام الاتحادية، رسالة ماجستير، الجامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، ٢٠١٥، ص٥٢.

**٤- هەماهەنگی:**

پەپوەندییە گشتییەکان هەماهەنگیی لەنێوان بەشە جیاوازەکاندا دروستدەکات، بە بارێکی دیکەشدا دەبێتە پردێک بۆ بە یەک گەیاندن و دروستکردنی لێکتێگەیشتن لەنێوان کادیرانی پارتە سیاسییەکە لەسەر هەموو ئاستەکان، ئەمە جگە لە هەماهەنگیی نێوان جەماوەر و پارتە سیاسییەکە[1].

**٥- هەڵسەنگاندن:**

پەیوەندییە گشتییەکان هەمیشە هەڵسەنگاندن بۆ چالاکییەکانیان دەکەن، تاوەکو دڵنیا بنەوە، کە بەرنامە و پلانەکانیان کاریگەر بوون و ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە، یاخود نا، ئەمە لە دوای ئەوەی دەرکەوت، پەیوەندییە گشتییەکان یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی هەر دامەزراوەیەکی بواری سیاسییە، بە تایبەت کە روون بووەوە ئەو بەشە دەرفەتی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات، کە رووبەرووی دامەزراوەی بواری سیاسی دەبێتەوە[2].

علی عجوە ئەرکەکانی پەیوەندیی گشتی دابەش دەکات بەسەر چەند جۆرێکدا، کە بریتین لەمانەی خوارەوە[3]:

**یەکەم: ئەرکی میدیایی:**

راگەیاندن هۆکارێکی گرنگی گەیاندنی پەیامەکانی دەزگا و پارتە سیاسییەکانە بۆ ئەوەی بتوانێت بیگەیەنێت بە جەماوەر، تا رای گشتی لەسەر بابەتێکی مەبەستدار دروستبکات یان ئاراستەی جەماوەری لەسەر بگۆرێت، لەم سەردەمەی ئەمرۆشدا میدیا توانیویەتی لە زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵگەدا هاوبەشی بکات، وە لە بواری سیاسیشدا بە چەند خاڵێک ئەرکی میدیای دەخەینە روو:

---

[1] – حاج احمد کریمة، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٨.

[2] – ورود عثمان شرباتي، سەرچاوەی پێشوو ، ص٥٢.

[3] – علی عجوە و محمود یوسف، ادارة وتخطیط العلاقات العامة، التعلیم المفتوح کلیة الإعلام – جامعة القاهرة، ٢٠٠٥، ص٤٨–٥٠.

١- پەروەردە کردنی جەماوەری ڕێکخراوەکە، بەشداری کردن لە هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنیان.
٢- پەرەدان بە تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن و نواندنی نەرمیی لەپێناو کارلێک کردنێکی ئەرێنی لەگەڵ جەماوەردا.
٣- بەرزکردنەوەی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن، لەپێناو باشترکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جەماوەر و هاندانیان بە ئاراستەی ئەرێنی.

**دووەم: ئەرکی ڕاوێژکردن:**

ڕاوێژکردن یەکێکە لە سەرەکی ترین ئەرکەکانی پەیوەندییەگشتییەکانە بۆ ئەوەی لە ئاراستەی بیرکردنەوەی جەماوەر شارەزابێت و سەرجەم ڕەهەندەکانی بیر و بۆچوونەکان لێکبداتەوەو ڕێگاکانی کاریگەرکردنە سەر جەماوەر دەستنیشان بکات، تا بەرنامەو پلانەکانی دەزگاکەی لەسەر دابڕێژن، کە لەم چەند خاڵەدا دەیخەینە ڕوو:

١- ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی خەڵک و زانینی ڕایگشتی لەبارەی پرسە دیاریکراوەکانەوە.
٢- شیکردنەوەی پێگەی ڕایگشتی کارکردن لەسەر ئەنجامەکانی ئەو شیکارییە. ئەمە بۆ ئەوەی لایەنە نەرێنییەکان دیاریبکرێن و کاربکەن بە ئاراستەی خاڵە ئەرێنییەکان.
٣- پەرەپێدانی تەکنیکەکانی گۆڕانکاری لە ڕایگشتیدا.

**سێیەم: ئەرکی هەماهەنگی:**

لە پاش وەرگرتن و دەستنیشان کردنی ڕاو بۆچوونەکانی جەمار و دەستنیشانکردنی پلانەکان، ئەرکی هەماهەنگی کاریگەر گەورەی دەبیت لە جێبەجێکردنی پلان و بەرنامە و ئامانجی داڕێژراو تا بتونرێت ئەو بەرنامەی داڕێژراوە بە وردی بە شێوازێکی دروست بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها هەماهەنگی دروست بکات لەگەڵ سەرجەم لایەنە جێبەجێکارەکاندا، زیاتر ئەرکی هەماهەنگی لەم خالانەدا چڕدەکەینەوە:

١- بەستنەوەی پلانی پەیوەندییە گشتییەکان بە پلانی بەشەکانی دیکەوە، لەچوارچێوەی پلانی هەمەلایەنەی ڕێکخراوەکەدا.
٢- کێشانی نەخشەڕێگەی کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەنێو ڕێکخراوەکەدا، هەروەها بنیاتنانی یەکە بچوکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی هەر بەشێکی دیکە.

٣- بەرنامەڕێژی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ چالاکییەکانی دیکەی ڕێکخراوەکە، بۆ ڕێگەگرتن لە دەستێوەردان و نانەوەی دووبەرەکی.
٤- چاودێری کردن و بەدواداچوونی پلانەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە چوارچێوەی چاودێریی و بەدواداچوونی پلانەکانی دیکەی ڕێکخراوەکەدا.

ئێدوارد بێرناس(*) وەک دیارترین ئەو پسپۆڕانەی ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە چەسپاندنی بنەماکانی پەیوەندی مۆدێرن، جەخت لەسەر ئەم ئەرکانە دەکاتەوە(٢):

**یەکەم: قایلکردن**

مەبەست لێی باوەڕهێنان جەماوەرە و پاراستنی ئەو باوەڕەیە بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕێکخراو، یان دامەزراوەی بوارە سیاسییەکە، لەلایەکی دیکەوە کار دەکەن بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان لە بەرژەوەندیی ڕێکخراوەکە. بێرنایس زۆر سوورە لەسەر پرۆسەی قایلاندن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا.

**دووەم: ڕاگەیاندن**

خستنەگەڕ و پەنابردن بۆ ئامڕازەکانی پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن بە شێوازێکی دروست و زانستی، بێرنایس جەختدەکاتەوە لە پێویستی توێژینەوە لەسەر جەماوەر و شیکارکردنی ڕایگشتی و زانینی هۆیەکانی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی خەڵک بۆ هەر بیرۆکەیەک، تا بتوانێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بکات و پەیامەکانیان پێ بگەیەنێت..

* (لەدایکبووی ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٨٩١ لە ڤیەنا، نەمسا؛ کۆچی دوایی ٩ی ئازاری ١٩٩٥ لە کامبریج، ماساشوستس)، پسپۆڕی پەیوەندییە گشتیەکان کە کاریگەری قووڵی لەسەر پیشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، ریکلام و بازاڕکردن هەبووە. سەرچاوە ٢٠٢٢/١٠/٩ کاتی سەردان(١:١٥شەو) بەم ناونیشانەی خوارەوە:

https://www.encyclopedia.com/humanities/encyclopedias-almanacs-transcripts-and-maps/bernays-edward-l

٢ - شذا سليم ابو سليم، مدى تحقيق ادارة العلاقات العامة لاهدافها في الكليات التقنية بمحافظات غزة من وجهة نظر العاملين، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية، ٢٠٠٦، ص٧٢.

**سێیەم: گونجاندن**

بێرناس، ئەمە بە ئەرکێکی گرنگ دادەنێت، بەو پێیەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکدا کە هەموان لە رکابەری یەکتردان، پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکی ئەوەیە هەوڵ بدات بۆ گونجاندن و هەڵکردنی تاک و گرووپەکان لەگەڵ یەکتردا، لەڕێی پێداگری لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان.

ناتوانین باسی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بکەین، ئەگەر ئاماژە نەدەین بە تێڕوانینەکانی هەرسێ پسپۆڕەکەی ئەم بوارە کاتلیپ* و سێنتر** و برۆم***، کە ئەوان بە هاوبەشی چوار ئەرکی سەرەکیان دیاری کردووە[١]:

١- ئەنجامدان و بەشداری کردن لە چالاکی و بۆنە گشتییەکاندا وەکو ئەو بۆنە و پرۆژانەی پەیوەستن بە لایەنی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و فێرکاری و کاروبارە گشتییەکانەوە.

٢- ڕاڤەکردنی سیاسەتەکان و بڕیارەکان بۆ تەواوی کادیران و ئەو کارەکتەرانەی قسە و رۆڵیان لە داڕشتن و پەسەندکردنی سیاسەتەکاندا هەیە.

٣- ئەنجامدانی خول و راهێنان بۆ وتەبێژ و کادیرانی پارتە سیاسییەکان، تاکو بتوانن بە باشی گوزارشت لە دامەزراوەکەیان بکەن لەبەردەم جەماوەر و رایگشتیدا.

---

* ساڵی ١٩١٥ لە ویلایەتی ڤێرجینیا دایکبووە، مامۆستای زانکۆی ویسکۆنسن بوو لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان، بە یەکێک لە پێشەنگەکانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان دادەنرێت لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کرد.

** ساڵی ١٩١٢ لە دایکبووە، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵگەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمەریکایە و سەرۆکی لقی شیکاگۆ بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.

*** ساڵی ١٩٢٤ لە دایکبووە، مامۆستای زانکۆی ویلایەتی سان دیاگۆ بوو لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان، لە ساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوای کرد.

[١] بروانە:-

_ هدى مالك شبيب، مهارات التفاوض لدى العاملين العامة في المؤسسات الحكومية وزارة الكهرباء ووزارة النقل انموذجا، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠١٢، ص١٧.

_ حسين محمود هتيمي، العلاقات العامة و شبكات التواصل االجتماعي، عمان ،دار اسامة للنشر و التوزيع، ٢٠١٥، ص١٥.

_ ادوارد برينيز و أخرون، العلاقات العامة فن، ترجمة: وديع فلسطين وحسين خليفة، ، القاهرة، دار المعارف، ١٩٩٥،ص١١.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوون لەبارەی بیر و رای ئەو جەماوەرەی پەیوەندیان بە دامەزراوەکەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە ئەو ئەرکانەی پێشەوە جێبەجێ بکەن.

٥- جەوهەری کاری پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لەرێگری کردنی کێشە و گرفت کە روو بە رووی دەزگاکە نەبێتەوە و لە کاتی کێشەدا هەوڵی خێرا لە چارەسەرکردنی کێشە بدات لەگەڵ رووبەڕوو بوونەوەی کێشەکاندا.

بەگوێرەی بیروڕای توێژەر، دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بازاڕکاری سیاسی ئەرکەکانی (محمد نجیب الصرایره) گونجاوە کە خستویەتیە ڕوو، توانیویەتی بە شێوازێکی وورد و دروست ئەرکەکان دابەش بکات کە خۆی لە شەش ئەرکدا دەبینێتەوە بریتین لەم ئەرکانەی لای خوارەوە[1]:

**١-ئەرکی میدیایی:**

رایگشتی کاریگەری گەورەی لەسەر شێوازی حوکمڕانی وڵات هەیە، ئەوە رایگشتییە فشار دەخاتە سەر حکومەتەکان بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە سیاسەتی گشتی وڵاتەوە، سیاسییەکان لە رێگەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، چاودێریی میدیا و رایگشتی دەکەن بۆ ئەوەی لە دۆخی وڵات و بۆچوونی خەڵک ئاگادار بن و لەو سۆنگەیەوە بڕیارە سیاسییەکانیان بدەن، تا بتوانن جەماوەر ئاڕستە بکەن، هەروەها ئەم کارە ئامانجی ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیانە لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکە، ئەو پڕۆژانەی کە جێبەجێی دەکات، یان هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات لە چالاکییەکانیاندا کە لەلایەن بەرپرسانی پارتەکەوە ئەنجامدەدرێن، هەروەها بڕیارەکانی پارتی سیاسی لە بوارە جیاوازەکاندا، لەلایەکی دیکەوە ئاگادارکردنەوەی سیاسەت و بڕیاردەران لەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان سەبارەت بە کاردانەوەی خێرای رایگشتی و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن سەبارەت بە چالاکی و سیاسەت و بڕیار و پڕۆژە جۆراوجۆرەکانی حکومەت و ئەم کارەش تەرکیز دەکاتە سەر هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی لەسەر رەوتی رووداوەکانی رۆژانە، لە رێگەی راپرسییە خێراکانی رایگشتییەوە، کە سەیری دەستنیشان کردنی رەوتی بەشداربوانی پرسە جیاوازەکان

---

[1] – محمد نجیب الصرایرة، العلاقات العامة الاسس والمبادئ، جامعة یرموک، ٢٠٠١، ص١٦٤ – ١٦٦.

دەكات، جگە لە بەدواداچوون بۆ ئەوەی کە بڵاودەکرێتەوە، یان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت لە ڕێگەی ئامڕازە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییەوە.

**٢-ئەرکی لێکدانەوە:**

پەیوەندییە گشتییەکان، لێکدانەوە بۆ بڕیار و یاساکان دەکات، تەنها بەوەوە ناوەستێت لەڕووی میدیاییەوە کاربکات، بەڵکو زانیارییەکان شیدەکاتەوە و لێکدانەوەیان بۆ دەکات، لەپێناو بەرزکردنەوەی هۆشیاریی خەڵک، دواتریش دەتوانێت متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنێت، ئەم ئەرکە بە پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا تێدەپەڕێت و روونکردنەوەیەک بۆ سیاسەت و بڕیارە جۆراوجۆرەکان دەخاتەڕوو، وە لێکدانەوە بۆ سەرجەم ئەو رووداو و پێشهاتانە دەکات کە دێتە پێش تا بتوانێت ئاڕاستەی پەیامی پارتەکەی دیاری بکات، بە واتایەکی تر دیدگا و پاساوەکانی پارتەکە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراو، یان بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی دیاریکراو، لەوانەش لێکۆڵینەوە لە هۆکار و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان دەخاتەڕوو، ئەمەش سیاسەت و بڕیارەکانی پارتەکە لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەگرێتەوە، زۆر جار لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە لەسەر لایەنە بەرامبەرەکانیشیان ئەنجام دەدەن بۆ دەستنیشانکردنی هەنگاوەکانیان لە داهاتوودا.

**3-ئەرکی قایلکردن:**

پەیوەندییە گشتییەکان، هەوڵدەدات سەرنجی جەماوەر و رایگشتی بۆ خۆیان رابکێشن و قەناعەتیان لا دروست بکات ، کە سیاسەتەکانی کار دەکەن لە بواری سیاسیدا لە بەرژەوەندیی گشتیدایە. ئەم ئەرکەی پەیوەندییە گشتییەکان قورستر دەبێت، ئەگەر ئەو پارتە سیاسییە بەشدار، یاخود پێکهێنەری حکومەت بێت، چونکە پێویستە هەموو کات جەماوەر بە بڕیارەکانی حکومەت قایل بکات، جا ئەو جەماوەرە جەماوەری لایەنگریانبن یاخود جەماوەری بێلایەن و دژەکانیانیان بن، هەروەها ئەم کارە ئامانجی ئەوەیە رایگشتی قەناعەت پێ بکات بە پێویستی گرتنەبەری هەندێک رێوشوێن، گرتنەبەری سیاسەتی تایبەت، یان پەنابردنە بەر بڕیاری سروشتی تایبەت، جەماوەر مەیلی قبوڵ کردنی بڕیاری لەناکاو نییە، جا ئەو جەماوەرە جەماوەری بێلایەن یان دژەکانبێت، بەتایبەتی ئەگەر کاریگەری لەسەر رەوتی ژیان و ژیانی رۆژانەی هەبێت، ئامادەکاری بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە بڕیارانە یارمەتیدەرە بۆ دوورکەوتنەوە

له دۆخی نەخوازراو کە لەوانەیە ئەم جۆرە بڕیارانە ببێتە هۆی دروستبوونی کەسانی ناڕازی، کە رەنگە ببێتە هۆی دۆخێکی نائاسایی و ئاژاوە.

**٤-ئەرکی دۆکۆمێنتاری:**

ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانە، کە سیستمێکی ئەرشیڤ و کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان دابمەزرێنێت بۆ پاراستنیان لە فەوتان، یاخود بەکارهێنانیان لە کاتە پێویستەکاندا، ئەم ئەرکە چالاکییەکانی پەیوەست بە ئامادەکردنی راپۆرتی ئاماژە و شیکاری و توێژینەوە لەخۆدەگرێت کە بە قووڵی لە ئەنجامی سیاسەت و پلانەکانی ئێستای پارتەکە، هەروەها لە دیاردە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەکان دەکۆڵنەوە و رەوتی رایگشتی دەوروبەریان دەپێون، ئەم ئەرکە جگە لە ئەرشیف کردنی چالاکی و بەرنامەو کارەکانی خودی دەزگەکەی کە کاری بۆ دەکات ، پێیویستە ئەرشیفی بەشێکی زۆر لە هەڵوێست و بەرنامەی لایەنە رکابەرەکانی بەرامبەری بکات، تا لە کاتی پێویستدا بتوانێت بە بیری جەماوەری بهێنێتەوە و کاری لەسەر بکات، ئەم ئەرکە بە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکان دادەنرێت کە لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت بە هۆی گرنگییەکەی بۆ پلاندانەران لە بواری سیاسەتی گشتیدا، بەو پێیەی زانیاری پێشوەختەیان لەسەر پێداویستی و خواستی جەماوەر پێدەبەخشێت، ئەم ئەرکە لەسەر بنەمای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی خێرایی رایگشتی دامەزراوە، کە هەوڵدەدات زانیاری بەسوود سەبارەت بە رەوتەکانی رایگشتی لە چوارچێوەی گشتی خۆیدا پێشکەش بە دەزگاکە بکات، لە کاتێکدا توێژینەوە دەکات و زانیاری لەبارەی رەوتەکانی رایگشتی لە رووی قووڵی و فراوانی و توندیانەوە دروست دەکات، هەروەها هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت سکالاکانیان دیاری دەکات.

**٥-ئەرکی هەڵسەنگاندن:**

سیاسەت و پلانەکانی بوارە سیاسییەکان هەڵدەسەنگێنێت و بۆچونی خۆی سەبارەت بە شێوازی کارکردنیان دەخاتەڕوو، ئەم ئەرکە لە رێگەیەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەوە ئەنجامدەدات، بە پشت بەستن بە زانیاریی ورد و دروست، ئەم کارە بریتییە لە پاراستن و پۆلێن کردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان و بڕیارەکانی پارتەکە و وتارە فەرمییەکان و لێدوانەکانی پەیوەست بە هەڵوێستەکانی پارتەکە لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، هەروەها یاسا تایبەتەکان لە بواری پەیوەندییەکان، هەروەها لیستی دەزگاکانی راگەیاندن و چاپەمەنی و ناوی

کارمەندەکانیان بهێڵنەوە، رۆڵی دەزگاکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری بەڵگەنامەکاندا پەیوەستە بەو بوارەی کە خزمەتی دەکەن، جگە لە ئاستەکەی، لە کاتێکدا ئۆرگانە دامەزراوەییەکان خزمەت بەو کەرتە دەکەن، کە تێیدا کار دەکەن، هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ دەزگا و پارتە ڕکابەرەکانی تر دەکات، تا لە پەیام و بەرنامەو کارکردنیان شارەزابێت و لە کاتی پێویستدا بتوانێت بیخاتە روو، هەڵسەنگاندن بۆ جەماوەری لایەنەکانی تر و بێلایەنەکان بکات تا رێگەی کاریگەری خستنە سەریان دەستنیشان بکرێت.

**٦-ئەرکی ئاسانکاری:**

پەیوەندییە گشتییەکان لە رێگەی ئەم ئەرکەوە، خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات تا بتوانێت کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بکات و لە رووی گەیاندنی پەیامەکانیان و رەخساندنی دەرفەتی جۆراوجۆ تایبەت بە جەماوەرە دەزگاکە و لەڕووی مامەڵکردن لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکان، بۆ نموونە وەرگرتن و یاوەری کردنی شاندەکان و ئاسانکاری کردن بۆ کاری رۆژنامەنووسان.

لەگەڵ ئەو ئەرکە سەرەکیانەی باسکران، بە چەندین شێوازی تر ئەرک دیاریکراون، لێرەدا دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان پێبکرێت[١]:

١- کارکردن وەک ناوەندی سەرەکی زانیاری تایبەت بە دەزگاکە، لەگەڵ رۆڵی وەک کەناڵێکی پەیوەندی لەنێوان دەزگا و جەماوەرەکەیدا.

٢- کارکردن لەسەر گواستنەوەی راستییەکان و بیروڕا و شیکارەکانی پەیوەندیدار بە دەزگاکە لە رێگەی کەناڵی گونجاوەوە، بۆ ئەوەی جەماوەر ئاگاداری کارەکانی دەزگاکە و سیاسەتەکانی بێت.

٣- کۆکردنەوەی زانیارییە تایبەتەکانی هەر گۆڕانکارییەک، کە لە ئاڕاستەکانی جەماوەری گشتی و چینی دیاریکراوی جەماوەر روودەدات.

٤- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و راوێژ، بە تایبەتی لە کاری بڵاوکراوەکاندا وەک پێشکەشکردنی راپۆرتی ساڵانە.

٥- سەرپەرەشتی پلاندانان و نەخشە دارشتن بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی.

---

[١] - محمد نجیب الصرایرة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٣.

٦- ئامادەکردنی فیلمی دۆکۆمێنتاری و پێشانگا و رێکخستنی کۆڕوکۆبوونەوە و چاوپێکەوتن بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە چالاکییەکانی دەزگا بە بەردەوامی.

٧- یارمەتیدانی ئیدارە بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان بۆ زیاتر لێکتێگەیشتنی نێوان دامەزراوە و جەماوەر، هەروەها کار بکات بۆ ئەوەی دامەزراوە و پلان و  سیاسەت و کارمەندەکانی لای جەماوەر پەسەندکراو بن.

٨- بەشداری چالاک لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئەو چالاکیانەی ئامانجیان هێنانەدی خۆشگوزەرانییە بۆ جەماوەر[١].

٩- دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئامانجەکانی دامەزراوە و ئامانج و بەرژەوەندی و پێویستییەکانی جەماوەرە جیاجیاکان[٢].

---

١ - صالح خليل ابو اصبع، العلاقات العامة و الاتصال الانساني، عمان، دار الشروق للنشر، ١٩٩٨، ص ١٠٠،١٠١.

٢ -علي جبار الشمري، الاساليب العلمية في ممارسة العلاقات العامة، مصر، العربي للنشر والتوزيع ، ٢٠١١، ص٢٢

# باسی دووەم:

# بازاڕکاری سیاسی لە پارتە سیاسییەکاندا

### یەکەم: دەروازەیەک بۆ بازاڕکاری سیاسی

"مارکێتینگ" زاراوەیەکی زمانەوانییە بە ڕەچەڵەک ئینگلیزییە و پێکدێت لە دوو وشەی "مارکێت" کە بە واتای بازاڕ و درێژکردنەوە دێت، هەروەها "ئینگ" کە بە واتای جووڵە دێت، واتە جوڵەی بازاڕ و بە زمانی فەڕەنسی، ئەکادیمیای بازرگانی فەڕەنسی ناوی "مێرکانتیک"ی خستە بازاڕەوە بۆ ئەوەی هەمان ئەو مانایە دەربخات کە بازاڕکردن لە وڵاتانی دیکەدا دەیگرێتەبەر[١].

بازاڕکاری سیاسی فۆڕمێکی تاڕادەیەک تازەی پەیوەندییە لە زانستی سیاسیدا، وەک بابەتێک سەریهەڵدا لە بواری سیاسیدا، بە مەبەستی بەگەڕخستنی بەرنامەی سیاسی و ڕاکێشانی سەرجی جەماوەر و دروستکردنی پەیوەندی، دواتر پەیوەندیکردن بووەتە زەرورەت بۆ گەیاندنی بیرۆکە و بۆچوون و ڕەوت لە سیاسییەکانەوە بۆ جەماوەر و هەوڵ دەدات ڕایگشتی ڕازی بکات و کاریگەری لەسەر ئاڕاستەکانی هەبێت، ڕۆڵی بازاڕکاری گەشەی کردووە، بە تایبەت لە سەردەمی شۆڕشی دیجیتاڵی و ئەپڵیکەیشنەکانی وەک چۆن ئینتەرنێت بووەتە قۆڵی بازاڕکاری، بە هەموو جۆرە چالاکییەکانی پەیوەندی کە پێشکەشی دەکات[٢].

زاراوەی مارکێتینگ زاراوەیەکی باوە و بەکاردێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا، بە تایبەت لە جیهانێکداین کە مەیلی بە فەلسەفەی بە بازاڕکردنی هەموو شتێک هەیە، جا چ سادە بێت، یان ئاڵۆز، مەیدانی سیاسی، واتە هاتنە ناوەوەی مارکێتینگ بۆ جیهانی سیاسەت، بۆ ئەوەی ناوی بنێین بازاڕکاری سیاسی، بە جۆرێک کە مامەڵەی بە بازاڕکردن چووە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە و لەوێدا بوو بە چالاکییەکی بازاڕکاری سیاسی، کە لە ڕاستیدا چالاکییەکی سیاسی و ستراتیژی و ڕەفتارییە وەک چۆن چالاکییەکی سیاسییە. بە جۆرێک ڕێگە بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی وەک حزبەکان دەدات، بۆ نموونە، لە نێو خەڵکدا کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و هاوسۆزی و پشتیوانییەکانیان، هەروەها چالاکییەکی ستراتیژی لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و پلاندانانی ستراتیژییە کە توانا و یارمەتی بازاڕکاری سیاسی دەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، یان کاندیدەکان بۆ ئەو ڕاستییەی کە بە بازاڕکردنی

---

[1] Mohamed Saghir، Comprendre le Marketing، Edition Berti، Algérie، 1990، p13.

[٢] – عبد ربه عبد القادر العنزي، نظرية التسويق السياسي، فلسطين، جامعة غزة ، ٢٠١٦ ، ص ٥.

سیاسی چالاکییەکی ڕەفتارییە، چونکە بە تایبەتی پەیوەندی بە هەوڵدان بۆ زانینی پێداویستی و مەیل و ئاواتەکانی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا هەیە[١].

سەدەی بیستەم گۆڕانکاری گەورە و قووڵی لە بیری سیاسیدا بەخۆیەوە بینی و وای لێکرد دیدگای ڕۆڵی تاک لە ژیانی سیاسی لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی چەمکەکانی دیموکراسی، جگە لە سەریەک کەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریان لەسەر زانست دروستکرد، بازاڕکاری سیاسی کە مەیدانێکی فراوانی بۆ سەرهەڵدانی چەمکە نوێیەکانی وەک بە بازاڕکردنی سیاسی کردەوە، کە تێکەڵەیەک بوو لە نێوان سەریەک کەوتنی مەیدانی نێوان زانستەکانی بازاڕکاری و سیاسەت، لە کاتێکدا چەمکی بازاڕکاری سیاسی لە دوو بەش پێکدێت، یەکەمیان بە بازاڕکردنە و دووەمیان سیاسییە، کە کاری بازاڕکاری پەرەپێدانی پلان و داڕشتنەوە و ڕێکخستنێتی بۆ بیرۆکە و خزمەتگوزارییەکی دیاریکراوە و هەوڵدەدات دیدێکی ئەرێنی بۆ بیرۆکەکە دروست بکات، بە جۆرێک بزانێت کە ئەم بیرۆکەیە، یان خزمەتگوزارییە پێداویستییەکانی گرووپەکە دابین دەکات و کێ بڕیار لەسەری دەدات[٢].

سیاسەت بریتییە لە هونەری مومارەسەی سەرکردایەتی و حوکمڕانی و زانستی دەسەڵات، یان دەوڵەت، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و جەماوەرە. دەکرێ بڵێین سیاسەت ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەیە کە ژیان ڕێکدەخات، ئاسایش و هاوسەنگی و هاوئاهەنگی - لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕەوا و سەروەرییەوە - لە نێوان تاک و گرووپە کێبڕکێکار و ناکۆکەکان لە یەکەیەکی حوکمڕانی سەربەخۆدا لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەستەبەر دەکات، کە لایەنی بەشداری کردن لە دەسەڵاتدا بە ڕێژەی بەشداری کردنیان و گرنگیان بۆ بەدەستهێنانی دیاری دەکات کە پاراستنی نەریتی کۆمەڵایەتی و کارکردنیەتی لە کۆمەڵگەدا[٣].

سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بیرۆکەی بازاڕکاری سیاسی شتێکی نوێ نییە، بەڵام بەکارهێنانی لە ماوەی (٣٠) ساڵدا زیادی کردووە، لە ڕابردوودا لایەنە سیاسییەکان و سیاسەتمەداران زیاتر ئارەزووی پەیڕەوکردنی بنەماکانی بازاڕکردن و یەکخستنی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی بازاڕکردنیان دەکرد، بازاڕکاری لە ستراتیژییەکی یەکگرتووی بازرگانیدا، وەک چۆن پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە دامەزراندنی کار، بازاڕکاری و چالاکییە سیاسییەکانی، بە مەبەستی بازاڕکاری بەرنامە و ئایدۆلۆژیا و

---

١ - عبد الغفار رشاد القصبي، الاتصال السياسي و التحول الديمقراطي، القاهرة، مكتبة الآداب، ٢٠٠٧ ، ص ١٠٦.

٢ - محمد سعد أبو عامود، التسويق السياسي وادارة الحملات الانتخابية، الاسكندرية، منشأة المعارف، ٢٠٠٨ ،ص٢٢.

٣ - عبد الوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، ط٣ بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،١٩٩٩ ،ص٣٦٢.

بیرۆکەکانیان لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی سوودبەخشدا، کە بریتییە لە پێدانی متمانە بە پارتێک لە بەرامبەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر و دەنگدەران، هەروەها پەیڕەوکردنی ستراتیژەکانی بازاڕکردن بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ جەماوەر و دەنگدەراندا[١].

**دووەم: پێناسەی بازاڕکاری سیاسی**

بە هۆی بوونی پێناسەی جیاواز و نەبوونی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ بازاڕکاریی سیاسی، بۆیە ئاماژە بە هەندێک پێناسە دەدەین، (ئۆکاس)* بازاڕکاریی سیاسی بەمشێوەیە پێناسە دەکات: (شیکردنەوە، پلاندان، جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی بەرنامەی سیاسی و هەڵبژاردنەکانە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بازاڕکاریی سیاسی، ئەم پێناسەیە تیشک دەخاتە سەر تێرکردنی پێداویستی و خواستەکانی جەماوەری سیاسی و بە شێوەیەکی دیاریکراو دوو ئاستی بازاڕی سیاسی سنوردار دەکات، یەکێکیان فەلسەفییە و ئەوی تریان رووکەشە، مەبەست لێی خستنەڕووی وێنەی جوانی پارتە سیاسییەکەیە، مەبەست لە ئاستی فەلسەفی ئەوەیە، کە قەوارەی سیاسی بۆ زیادکردنی ژمارەی لایەنگرەکانی، پێویستی بە بەشداری کردن هەیە لە چالاکییەکاندا، تاوەکو بتوانێت متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنێت[٢].

بازاڕکاری سیاسی چەمکێکی نوێیە کە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتووە و بریتییە لە: (شیکردنەوە، پلاندانان، جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی بەرنامەی سیاسی و پەیوەندییە سوودبەخشەکانی یەکتر لە نێوان قەوارەیەکی سیاسی، یان کاندیدێک و دەنگدەراندا)[٣].

بازاڕکاری سیاسی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت کۆمەڵێک چالاکییە بە ئامانجی زۆرترین و ڕێکخستنی ژمارەی لایەنگران بۆ کاندیدێکی سیاسی، بۆ حزبێکی دیاریکراو، بۆ بەرنامەیەک یان بۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو، لەوانەش پشتگیری دارایی گشتی بە بەکارهێنانی پێناسەی

---

[١] – نسيم حنا، مبادئ التسويق الرياض، قاهرة، دار المريخ للنشر، ١٩٨٥ص٣١.

* – ئۆکاس- کۆرتێز، لە دایک بووی ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ یە سەرەتا بە AOC ناسراوە، سیاسەتمەدار و چالاکوانێکی ئەمریکیە، لە ساڵی ٢٠١٩ ەوە وەک نوێنەری ئەمریکابۆ ناوچەی ١٢ی کۆنگرێسی نیۆرک کاری کردوە، وەک ئەندامی پارتی دیموکراتەکان.

[٢] – مجدي عبد الجواد، التسويق السياسي – مفهوم والمكونات، معهد المصرى للدراسات، ٢٠١٩، ص٨.

[٣] – عادل عامر، دراسة حول" التسويق السياسي فن ترويج الأفكار و السياسيات و صناعة الرأي العام" جريدة مناقصات و أعمال ، مسقط ، عمان، ١٧ سبتمبر ٢٠١٢.

بەبازاڕکردنی سیاسی وەک هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی، یان هەر ئامرازێکی تری پێویست[١].

بازاڕکاری سیاسی بەو شێوەیە پێناسە دەکرێت کە کارکردن بۆ باشترکردنی پێگەی پارتێکی سیاسی لە ئاستی زیادکردنی ژمارەی ئەندامەکانی، هەروەها باشترکردنی بەشداری و پەیوەندییەکانی پارتێکی دیاریکراو، یان بەرنامەیەکی سیاسی و بەم شێوەیە ئامرازی پێویست و تەکنیکە ئەگەرییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پێشوەختەی دیاریکراو بە بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکانی بازاڕکاری سیاسی، لە پەیوەندی لەگەڵ خواستەکانی جەماوەر و پێداویستییەکانی جەماوەری ڕاستەقینە، یان بێلایەنەکان[٢].

زانای مارکێتینگ (کۆتلەر)* بەرگری لە بازاڕکاری سیاسی کرد، پێیوایە لێکچوونێکی زۆر لە نێوان چالاکییە سیاسییەکان و چالاکییە بازرگانییەکاندا هەیە، چونکە بازاڕکاری لە هەریەکەیاندا بریتییە لە بەڵێندان بە پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە[٣]، سیاسییەکان لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا بەڵێن دەدەن بە جەماوەر، بازاڕکاریش یەکێک لە بنەماکانی کارکردنیی، بەڵێندانە بە جەماوەر.

بازاڕکاری سیاسی: چالاکی و هەواڵێکە بۆ فراوانکردنی ڕێکخستنی ژمارەی لایەنگرانی پارتە سیاسییەکە. پێویستە سەرجەم ئامرازە باوەکانی پەیوەندی بەکاربهێنرێت لەپێناو بازاڕکارییەکی تەندروست، لە نموونەی بازاڕکاری پارتێکی سیاسی، یان کاندیدێکی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، یان شارەوانی، یان سەرۆکایەتی[٤].

---

١ –عبدالسالم أبو قحف، هندسة الاعلان والعالقات العامة ،الاسكندرية، مكتبة ومطابع اإلشعاع الفنية،٢٠٠١،ص ١٠٨.

٢ – قاسم حسين السعدي، استراتيجية التسويق السياسي في التنافس االنتخابي "دراسة تحليلية في االساليب التكنيكية للرئيس دونالد ترامب"، ***مجلة جامعة بابل للعلوم االنسانية***، المجلد٢٧ ،العدد ٤ ،٢٠١٩.

* فیلیپ کۆتلەر نووسەر و راوێژکاری ئەمەریکی و پرۆفیسۆری کارمەندی بازرگانییە؛ the S. C. Johnson & Son پرۆفیسۆری بەرزی بە بازاڕکردنی نێودەوڵەتی لە قوتابخانەی بەڕێوەبردنی کیلۆگ لە زانکۆی باکووری رۆژئاوا. ئەو بە بەناوبانگکردنی پێناسەی میکسی مارکێتینگ ناسراوە

٣ – خالد محمد غازي، الاصابع الخفية التوظيف االعالمي والسياسي لشخصية الجاسـوس، القاهــرة، دار الكتب المصرية، ٢٠١٥، ص ٣٤.

٤ – التسويق السياسي "النظرية و الممارسة بين عالمين، وحدة األبحاث االجتماعية، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، ١٥ كانون الثاني / يناير، قطر– الدوحة ، ٢٠١٥.ص١٢.

پێناسەیەکی دیکە بۆ بازاڕکاریی سیاسی، بریتییە لە: کۆمەڵێک پرۆسە و چالاکی، کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی کادیر لە پرۆسەی سیاسیدا، کە سەرەنجام بەهێزکردنی پارتە سیاسییەکەی لێدەکەوێتەوە، لە بردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا[١].

بازاڕکاریی سیاسی پرۆسەیەکە بە زۆری پەیوەستە بە چالاکی و پەیوەندییەکانەوە، هەروەها تیشک دەخاتە سەر پیادەکردنی چەمک و شێوازەکانی بازاڕکاریی لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا[٢].

هەروەها بازاڕکاری سیاسی: دامەزراندن و پاراستن و بەهێزکردنی پەیوەندییە لەگەڵ جەماوەردا بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا و لایەنە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی تاک و رێکخراوە سیاسییە پەیوەندیدارەکان بەدی بهێنرێت، بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان [٣].

بەڕای توێژەر گونجاوترینیان ئەم پێناسەیەیە کە تیشکی خستووەتە سەر هەموو رەگەزەکانی بازاڕکاری سیاسی و بەرژەوەندی هەردوو لای لەخۆگرتووە، پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای راوێژ و زانیاری بنیاتناوە، (بازاڕکاری سیاسی: چالاکی مرۆییە کە لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت لە رێگەی ئاڵوگۆڕی بیروڕاوە تا پێداویستی و خواستەکانی جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی پارتەکە تێر بکات و ئەوەش بە دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کادر و ئەندام و لایەنگرەکانی پارتە سیاسییەکەوە بەدەست دێت، پاڵپشت بەو زانیارییە سیاسیانەی سەبارەت بەو پارتە، کە رۆڵ لە گەشەکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەبینێت، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەندامانیان و بەرزکردنەوەی رێژەی ئەندامان)[٤].

**سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بازاڕکاری سیاسی**

چەندین تایبەتمەندی بازاڕکاری سیاسی هەیە، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

---

١ – قاسم حسين السعدي، استراتيجية التسويق السياسي في التنافس الانتخابي – دراسة تحليلية في الاساليب التكتيكية للرئيس دونالد ترامب، مجلة **جامعة بابل للعلوم الانسانية**، مجلد ٢٧، العدد ٤، ٢٠١٩، ص١٨.

٢ – فاطمة عبدالكاظم حمد، التسويق السياسي وتشكيل اتجاهات الراي العام في مواقع التواصل الاجتماعي، دراسة تحليلية لصفحتي رئيسي الوزراء ومجلس النواب العراقي في الفيس بوك٢٠١٥، ص١٩٣.

٣ – مناف الحمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٧٦.

٤ – رشيد عزوق، التسويق السياسي، مفاهيم ومقاربات، **المجلة الدولية للاداء الاقتصادي**، العدد ٤، الجزائر، ٢٠١٩، ص٧٤.

١-پەیوەندی کردن رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بازاڕکاریی بواری سیاسی و لە ستراتیژی بیرۆکەکانی کادیر، یان حزبێکی دیاریکراودا[١].

٢-ئەگەر لە بواری بازاڕکاریی سیاسیدا گرنگ بێت لە کەمترین کاتدا کاریگەری لەسەر زۆرترین ژمارەی تاکەکان دابنرێت، ئەوا ناکرێت بڵێین بازاڕکاریی سیاسی تەنیا میتۆدێکە بۆ بەڕێوەبردن و کاری سیاسی بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە.

٣-تەکنیکەکانی بازاڕکاریی سیاسی، بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و مانای پەرەپێدراو بۆ خزمەتکردن بە هۆکارێکی دیاریکراو، یان بیرۆکە لە بواری سیاسیدا.

٤-بازاڕکاریی سیاسی، هەمیشە ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش دەکات، کە یارمەتیدەر دەبن بۆ گۆڕان، یاخود بنیادنانی رایگشتی، ئەمەش پێویستە لە پرۆگرامە سیاسییەکاندا رەنگبداتەوە و وەک جۆرێک لە ئامۆژگاریی سیاسیی پەیڕەو بکرێت.

٥- بازاڕکاریی سیاسی، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت وەڵامێکی راستەقینە بۆ پرسە جیاوازەکان بدۆزێتەوە، هاوشێوەی بڵاوکراوە بازرگانییەکان کار نەکات.

٦- بازاڕکاریی سیاسی، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت ئازادیی هاووڵاتی سنوردار نەکات لەکاتی کارکردنی سیاسی و هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەر وابوو بە زانستی سیاسی دانانرێت[٢].

٧- بازاڕ کردنی سیاسی پشت بە زانینی جەماوەر دەبەستێت، بە تایبەتی ئەگەر بازاڕکردن لەشێوەی هێما و تێبینیدا بێت ئەوا رەهەندی سیاسی (ئایدۆلۆجی) لەو وڵاتەدا کە ئەم جۆرە بازاڕکردنە تێیدا روودەدات و رەهەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان هەیە. شارەزایانی بواری راگەیاندن پێیانوایە کە بازاڕکردنی سیاسی فێڵێکە بۆ جەماوەر، چونکە وا دەکات لە جیهانێکی وێنەی هزریدا بژین، نەک لەدونیای راستەقینەدا و مەبەستیانە چاو بە دروستکردنی بەهاکانی کۆمەڵایەتییەکاندا بخشێننەوە و کاتێک فێڵی بەڵێن و گوتاری فریودەر ئاشکرا بوو، هەندێک لەو تاکتیکانە پەیوەستن بە لایەنی پلاندانانی کەمپینەکە و هەندێکی تر بۆ لایەنی پەیوەندی و سێیەمیش بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی کەمپینەکە[٣].

---

[١] - مقدم احلام صارة ، استراتيجية الاقناع في التسويق السياسي – التعبئة السياسية للشباب من خلال عملية الاتصال السياسي عبر الانترنت، رسالة ماجستير في علم الاجتماع السياسي، جامعة وهران، ٢٠١٤، ص٧٦.

[٢] - صحراوي بن شيحة، دور الاتصال والتسويق في تعديل المسار التقليدي لحملات الدعاية اثناء الحملة الانتخابية، جامعة تلسمان، ٢٠١٦، ص١٨. 10367https://www.asjp.cerist.dz/en/article/

[٣] - مصطفى الزاوي، التسويق السياسي كاداة حديثة للاتصال السياسي في الجزائر، ***مجلة الدراسات اعلامية***، العدد٢، الجزائر، ٢٠١٨، ص٤٦. 53549https://democraticac.de/?p=

٨- به بازاڕکردنی سیاسی له ڕێگەی میدیاوه لەسەر بنەمای هێزی پڕوپاگەنده و پەیوەندییەکی تۆکمه دامەزراوه، جگه له لێکۆڵینەوه و بەکارهێنانی تایبەتمەندی و ڕەفتارەکانی ڕایگشتی، بۆ ئەو مەبەسته توێژینەوه لەسەر ڕازی کردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری له چوارچێوەی پەیوەندییەکی تۆکمه و تەندروستدا پێویستن[1].

## چوارەم: گرنگی بازاڕکاری سیاسی

پێویسته بازاڕکاری سیاسی، بەشداریی سیاسیی هەبێت و پشکی له دیموکراتیزه کردنی کۆمەڵگەدا هەبێت، ئەمەش له ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن به زانیاری گونجاو و هەستیار بۆ لایەنەکان، بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستی و داواکارییەکانی جەماوەر له لایەنگران و دەنگدەران دابین بکەن، له بەرامبەردا ڕەزامەندیان بەدەست بهێنێت، که دەتوانین لەم خاڵانەدا بیخەینەڕوو[2].

١_ بازاڕکاریی سیاسی، پەره به ستراتیژێک دەدات بۆ داهاتووی دوور و نزیک، لەو ڕێگەیەوه پەیوەندییەکانی خۆی بەهێز دەکات و باشتر دەگات به ڕایگشتی.

٢_ بازاڕکاری سیاسی کار دەکات بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسیی پارته سیاسییەکه به جەماوەر لەسەر سەرجەم ئاستەکان، هەم لەنێو خەڵکانی ئاسایی و هەم له نێو دەستەبژێرەکاندا. ئەمەش پیویسته به شێوازێکی زانستی ئەنجام بدرێت، نەک به هەڕەمەکیی.

٣_ بازاڕکاری سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی هەیه له دروستکردنی سەقامگیری سیاسی به ڕێژەیەکی دیاریکراو، لەڕێگەی پێکهێنانی هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرامبەر به دامەزراوه سیاسییەکان ئەمەش یارمەتیدەره بۆ دروستکردنی متمانەی یەکتر له نێوان جەماوه و پارتەکەدا و یارمەتی هەردوو لایەن دەدات بۆ گەیشتن به ئامانجەکانیان[3].

٤_ بازاڕکاری سیاسی خوێندنەوه بۆ ڕایگشتی مسۆگەر دەکات به تۆمارکردنی پێداویستی و خواستەکانیان و کارکردن لەسەر پلاندانان و جێبەجێکردنی کەمپینەکان، پراکتیزەکردنی

---

[1] – صالح سعود، دراسة حول" الفكر الاستراتيجي عند"أندري بوفر" ، ***مجلة فكر و مجتمع***، طاكسيج.كوم للدراسات و النشر و التوزيع ،الجزائر، العدد الثامن، أفريل ٢٠١١ ، ص٤٦.

[2] – بلعياشي بومدين غوتي، التسويق السياسي واثره على قيادة الافراد وح وكمة الشركات – دراسة حالة الجزائر في الفترة ما بين ١٩٩٩ – ٢٠١٩، اطروحة دكتوراه في تسويق الدولي، جامعة ابي بكر بلقايد، ٢٠١٧، ص٧٨.

[3] – راسم محمد الجمال وخيرت معوض عباد، التسويق السياسي والاعلامي، الاصلاح السياسي في مصر، مصدر سبق ذكره ، ص ٢٥

بازاڕکاری سیاسی، بەمەش پێش لایەنە سیاسییەکان دەبێت لەسەر بنەمای پلانی زانستی و ڕاپرسی، بەمەش جەماوەر ڕەزامەندی دەداتە کادر و بەرنامەکانی پارتەکە[١].

٥_ بازاڕکاری سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی سیاسەت و دەرکردنی یاسا لە وڵاتانی دیموکرات، بە ئامانجی هێشتنەوە لەگەڵ ڕایگشتی و ڕازی کردنی جەماوەر بە گرنگ و گونجاوی ئەو سیاسەتانەی کە لە ڕێگەی حکومەتەوە دەگیرێنەبەر، بەکارنەهێنانی بازاڕکاری سیاسی بە شێوەیەکی دروست دەبێتە هۆی زیادبوونی بۆشایی نێوان جەماوەر و پارتەکە و بڕیاردانی ناعەقڵانی کە دەبێتە هۆی قەیرانی سیاسی[٢].

٦_ بازاڕکاری سیاسی هەوڵدەدات هۆشیاری لە نێو جەماوەردا دروست بکات سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو، هەروەها بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە هەڵوێستە سیاسییەکان بۆ پارتەکان بە ئامانجی دروستکردنی ڕەفتاری نوێ و ڕازیکردنی جەماوەر لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانە، یان ئەو بەرهەمە سیاسیانەی پێشکەشیان کراوە[٣].

٧_ لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگدەران لە نێوان لایەنگری بە جۆش و خرۆش، لایەنگری میانڕەو، دەنگدەری بێباک کە خەمی هەڵبژاردنی نییە، ئۆپۆزسیۆن لە ناخدا، ئۆپۆزسیۆنی بەهێز، ڕۆڵی بازاڕکاری سیاسی لە قایلکردنی بێباکەکاندایە، هەروەها کەمکردنەوەی کاریگەری ئۆپۆزسیۆن، بردنەوەی بێلایەنەکان، و بێلایەن کردنی ئۆپۆزسیۆنە.[٤]

٨_ بازاڕکاری سیاسی بەشدار دەبێت لەسەر ئاستی پارتەکە بۆ زانینی پێگەی کێبڕکێی پارتەکە لە بازاڕی سیاسی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هەڵسەنگاندنەدا و پلانی کارکردنی گونجاو دادەڕێژرێت کە وادەکات حزب بتوانێت بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی جەماوەر هەبێت و لە داهاتوودا بتوانێت لە لایەنە کێبڕکێکارەکان بباتەوە و بگاتە دەسەڵات[٥].

٩_ بازاڕکاری سیاسی لە ڕێگەی کۆمەڵێک میکانیزمەوە کاردەکات بۆ تەرکیز کردن لەسەر لایەنی کەسی و لێهاتوویی تایبەتی سەرکردە سیاسییەکان، یان کاندیدەکان، بە مەبەستی

---

[١] – عصام فتحي محمد عبد اللطيف، التسويق السياسي، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بنها، كلية التجارة، ٢٠١١، ص٣٢.

[٢] – سامح حسانين عبد الرحمن، استراتيجيات التسويق السياسي المستخدمة في التغطية الصحفية للحملات الانتخابية للمرشحين في الانتخابات البرلمانية والرئاسة في الصحافة المصرية، مصدر سبق ذكره، ص٦٣.

[٣] – سامح حسانين عبد الرحمن ، هەمان سەرچاوە، ص٦٣.

[٤] –مصطفى عبد القادر، التسويق السياسي والخدمات، مجد المؤسسة الجامعية، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٥.

[5] Weman. J & Schuz. N. Completion of newspapers and Location of Political Parties. public choice. VOL-36.2002 P. 130.

دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی ئەم کەسانە لەناو جەماوەردا و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانە لەم کەسایەتییە و دواتر بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی خۆی لە داهاتوودا و هاندانی بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا[١].

**پێنجەم: ئەرکەکانی بازاڕکاری سیاسی:**

بازاڕکاری سیاسی چەند ئەرکێک لە خۆ دەگرێت بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان لە بواری سیاسیدا بگەیەنن بە جەماوەر و وینەی بەرهەمەکە لای جەماوەر جوانتر پیشان بدەن، بە بڕوای شارەزایانی بازاڕکاری سیاسی، بازاڕکاری سیاسی هەشت ئەرک ئەنجام دەدات، کە لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

١- **ئەرکی بەرهەمهێنان**: لە کاتی چالاکی بازاڕکاری سیاسیدا، ئاڵوگۆڕێک لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا روودەدات، هەر لایەنێک هەندێک بەرهەم پێشکەش دەکات، کە بەڵێن دەدات کە پێکهێنانی حکوکەتەکەی حکومەتێکی عەقڵانییە و حکومەت باشە، لە هەندێک حاڵەتدا بەرهەمەکە رەنگە وێنەی کادرێک بێت ئایدۆلۆژیا یان سیاسەتی دەرەکی تایبەت بێت، بۆیە پرۆسەی بازاڕکاری بۆ بەرهەمەکە داڕێژراوە، و لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا ئەرکی سەرەکی بەرهەمی حزبی دیموکرات فرۆشتنی وێنای سیاسییە وە حوکمڕانی باش لەسەر بنەمای گۆڕانکاری[٢].

٢- **ئەرکی دابەشکردن**: ئاماژەیە بۆ ئەو مەرجانەی کە پەیوەندیان بە بەردەستبوونی ئاڵوگۆڕەوە هەیە بۆ هاوبەشی و ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان ئەرکەکاندا، پاشان هەوڵ و کەمپەینەکە بەیەکەوە دەبەسترێتەوە و حزمەتگوزارییەکە دەگەیەنرێت و ئەرکی گەیاندنی کەمپەینەکە و هاوبەشی ئاڵوگۆڕەکە دابین دەکات، هەروەها ئەو بەرهەمە سیاسییەی که هەیە کارەکانی دابەش دەکات، سەرەتای دەنگدەران بە پێدانی زانیاری گونجاو سەبارەت بە بەرهەمی سیاسی، لەوانەش لە رێگەی پەخشکردنەوە زانیاری پەیوەست بە سیاسەت و بەرنامەی حزبی و پێگەی کاندیدەکان لە کەناڵە دروستەکاندا[٣].

---

[١] - سامح حسانين عبد الرحمن ، هەمان سەرچاوە، ص٦٣.

[٢] - فريد كورتل، أ.د.بن حبيب عبد الرزاق، "التسويق السياسي"،عمان، دار كنوز المعرفة للنشر و التوزيع،٢٠١١، ص٨٣.

[٣] - عادل عامر، دراسة حول" التسويق السياسي فن ترويج الأفكار و السياسيات و صناعة الرأي العام" جريدة مناقصات و أعمال ، مسقط ، عمان، ٢٠١٢، ص٧٤

٣- **ئەركى تێچوون:** یەكێك لە ئەركە سەرەكییەكانی بازاڕكاری سیاسی بریتییە لە فرۆشتن و گەیاندنی كاریگەرانەی بەرهەمەكە، تێچوون و خستنەڕووی بەراورد لەگەڵ بەرهەمە ركابەرەكان و هاوشێوەكانی تر لە بازاڕی سیاسی و ناو شەقامی سیاسی و كۆمەڵگەدا، ئەركی تێچوون ئاماژەیە بۆ بەڕێوەچوونی سنووردارکردنی رەفتار و هەڵوێستی جەماوەرە بە وردی لە رێگەی ستراتیژییەكانی كاركردنەوە [1].

٤- **ئەركی پەیوەندی:** پەیوەندی بریتییە لە ئەركی گەیاندن و ئاگاداركردنەوەی هاوبەشی سەرەكی ئاڵوگۆڕ لەخزمەتگوزارییەكان، زۆر جار بەردەستكردنی وەك بابەتێكی بازاڕكاری سیاسی سەیر دەكرێت لە بواری سیاسی، هەروەها ناوەڕۆك و بیرۆكەی سیاسی لەخۆدەگرێت بۆ بەرنامەی داهاتوو و لێكدانەوەی واقیعی سیاسی ئاڵۆز، زۆرجار بریتین لە :كاركردی پەیوەندیكردن پەیامە سیاسییەكان و پێگەی سیاسی ئاسان دەكات[2].

٥- **ئەركی بەڕێوەبردنی راگەیاندن:** بەستراوەتەوە بە ئەركی پەیوەندییەوە و هاوبەشەكانی ئاڵوگۆڕی لاوەكی دەكاتە ئامانج، هەروەها بەڕێوەبردنی ناو و ناوبانگی كاندید یان حزب لە خۆدەگرێت وەك پەیوەندی و چالاكییەكانی میدیا و بەڕێوەبردنی هەڵمەتەكانی ریكلامی ئۆنلاین، كە هەموویان ئەركی بەڕێوەبردنی راگەیاندن و هەواڵن كە رۆڵێكی ورد و گرنگی هەیە لە سەركەوتنی بازاڕكاری سیاسیدا [3].

٦- **ئەركی زیادكردنی بوودجە:** بەشی بازاڕكاری سیاسی ناتوانێت بەردەوام بێت و خزمەتگوزارییەكانی پێشكەش بكات بەبێ زیادكردنی بوودجە، هەروەها سەرچاوەی گونجاوەوە بۆ سەركەوتنی كارەكانی تری كە تا رادەیەكی زۆر بەندە بە ئەركی زیادكردنی بوودجەوە بۆ دابینكردنی بەرهەم و ناساندنی لایەنی سیاسی، بۆیە حزبی سیاسی لەگەڵ زیادكردنی بووجەدا پشت بە بەخشینەكان ئەندامەكانی حزب دەبەستێت لەكاتی كاركردندا [4].

٧- **ئەركی بەرنامەی بەڕێوەبردنی كەمپەین:** ئەم ئەركە باس لە پێداویستی هەماهەنگی و ئامڕازی كەمپەینەكان دەكات، چالاكییە سیاسییەكانی حزب و چالاكییەكانی رێكخراوە

---

[1]-Sandra Brkanlić، MARKETING MIX INSTRUMENTS AS FACTORS OF IMPROVEMENT OF IMAGE OF HIGHER EDUCATION INSTITUTIONS AND STUDENTS SATISFACTION، Doctoral Thesis، Castellón de la Plana، 2019،p41.

[2] – مقدم احلام صارة، سەرچاوەی پێشوو، ص٩٥.

[3] Aitadzh Abdullaeva، Political Marketing and its efficacy. Case: Political Party، United Russia، Bachelor's Thesis، Degree Programme in Tourism،2017،p35.

[4] – صحراوي بن شيحة، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦، ص٨٣.

هاوتەرییەکان، کە یارمەتیدەرە بۆ بەکارهێنان هەڵمەتی هاوتەریب بۆ زیادکردنی متمانەی پەیامی سیاسی[١].

٨- **ئەرکەکانی بەشی پەیوەندیی ناوخۆیی:** پەیوەندی بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی حزب و چالاکوان و وتاردەرانەوە هەیە ، هەروەها ئەرکی بازرگانی ناوخۆیی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی سەقامگیری ناوخۆیی و دروستکردنی متمانەی جەماوەری ناوخۆی دەزگاکە[٢].

**شەشەم: پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی**

سەرکەوتنی بازاڕکاری سیاسی تەنیا بە هەڵبژاردنێکی گونجاو و کاریگەر و یەکگرتوو و هەماهەنگی پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت، ئەمەش بە جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژانە دەگیرێتەبەر کە ئامانجی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش و دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان دامەزراوەی سیاسی، یان کاندیدی سیاسی و جەماوەر، بەم پێیە دەتوانرێت پێکهاتەکانی بازاڕکاری دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:[٣]

**یەکەم : - بەرهەمی سیاسی:**

هەموو ئەو لایەنانە لەخۆ دەگرێت کە بەشدارن لە دروستکردنی پارتێکی سیاسیدا، لە رووی سەرکردەیەکی باوەڕپێکراو و سەرکردایەتییەکی پەسەندکراو، شێوازی داڕشتنی سیاسەتی پارتەکە، بیرۆکە، یان ئایدۆلۆجیای پارتەکە. کە دەگونجێت هەموو ئەم پێکهاتانە وەک یەکپارچە بخرێنەڕوو[٤]، رەنگە تاک متمانە و باوەڕێکی لا دروست بێت، سەرەڕای ئەوەی قەناعەتی بەو پارتە نەبێت کە دەگونجێت بیرۆکە، یان سەرکرادایەتی پارتەکە، یان سیاسەتێکی دیاریکراو کە گیراوەتە بەر ببێتە هۆکاری رازی بوون، گرنگە دامەزراوەی سیاسی بە بیروبۆچوونێکی فراوان بابەتەکانی پێکەوە ببەستێتەوە، نەک تەرکیز لەسەر یەک بابەت بکات، ژمارەیەک بابەتی پەیوەستی سیاسی، یان جەختکردنەوە لەسەر رەهەندە کۆمەڵایەتی و

---

[١] – – وظائف التسويق السياسى ، صحيفة الموسوعة السياسية، سەردان: (١١/١٠/٢٠٢٢)کات(٢:١٥).
https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fpolitical-encyclopedia.org%

[٢] – فاطمة عبدالكاظم حمد، سەرچاوەی پێشوو،، ٢٠١٥،ص٢٠٨.

[٣] – قاسم حسين السعدي، سەرچاوەی پێشوو،، ٢٠١٩، ص١٦.

[٤] – حامد ادينوي جمعة، التسويق السياسي، الاردن، مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع ،٢٠١٧، ص١٩٨.

ئابووری و فەرهەنگییەکانی بابەتێکی سیاسی لەم چوارچێوەیەدا لەبەرچاو بگرێت[١]، سەلماندنی دڵسۆزی بۆ حزب، یان سەرکردایەتی ستراتیژێکی گرنگە، کە دەبێت لە بازاڕکردنی سیاسیدا ڕەچاو بکرێت[٢].

ڕەفتاری سەرکردایەتی و کادر و ئەندامان و کاندید هێمای دامەزراوە سیاسییەکانن، پەیڕەو و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی سیاسەتێکی بەردەوامی پارتە سیاسییەکانە کە ئەمەش بە درێژایی کاری پارتە سیاسییەکان بەردەوامە تا ئەنجامدانی کۆنگرە و کۆنفراسی پارتە سیاسییەکان کە دەکرێت گۆڕانیان بەسەردا بێت[٣].

بەرهەمی سیاسی دادەڕێژرێت لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندییە کەسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، بەگشتی ڕەفتاری پارتی سیاسی لە گوتاری سیاسیاندا دەردەکەوێت، هەروەها کاردەکات بۆ ڕێگە گرتن لە ململانێی ناوخۆی و دەرەکی کە نەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت[٤].

کاتێک تاکەکان دەستبەرداری بەشێک لە مافە کەسییەکانی خۆیان دەبن بۆ بەرژەوەندی سیستمی کۆمەڵایەتی بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ماناکانی بەرهەمی سیاسی و گەڕان بەدوای شووناسی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا، پارتە سیاسییەکان بەدوای داڕشتنی نەخشەی بەرهەمی سیاسییەوەیە، کە گوزارشت لە ڕوانگەی پارتە سیاسییەکان دەکات بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەتداری[٥].

بەرهەمی سیاسی چەند تایبەتمەندییەک لە خۆدەگرێت لە بازاڕکردنی سیاسیدا:

ا- جۆرایەتی پێکهاتەکان: پێکهاتە سیاسییەکان لەڕووی دروستبوون و ئایدۆلۆژیا و ئامانج و کارکردن و توانای دارایی و توانای کەسی سەرکردەکان و سەربەخۆییانەوە جیاوازن[٦].

---

١ – صحراوي بن شيحة، التسويق السياسي، الاردن، دار كنوز المعرفة العلمية للنشر و التوزيع، ٢٠١١، ص١١٩.

2 Henneberg، S.C.M. ،The Views of an Advocatus Dei: Political Marketing and Its Critics. Journal of Public Affairs، 4، 225-243(2004).

٣ – سعد بن سعود بن عبدالعزيز ال سعود، الاتصال السياسي في وسائل الاعلام وتاثيره في المجتمع السعودي، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة الامام بن محمد بن سعود الاسلامية، الرياض، ٢٠٠٦، ص٦٩.

٤ –علاء بسيوني الرميلي، التسويق السياسي كيفية صناعة الحملات الانتخابية بمنهج تسويقي، ط ٣، القاهرة، المكتب العربي للمعارف السلسلة السياسة الدولية والاستراتيجية، ٢٠١٤، ص٩٨.

٥ – بلال جاسم القيسي، التسويق السياسي وادارة الحملات الانتخابية، العراق، ***مجلة جامعة الانبار للعلوم الاقتصادية والادارية***، العدد٢٢، ٢٠١٠، ص١٣.

٦ – راسم محمد الجمال، التسويق السياسي والاعلام، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٥، ص٢٩.

ب- پلەی دڵسۆزی: جەماوەر و کادرانی پارتە سیاسییەکان بە پێی وابەستەییان بە پارتە سیاسییەکانەوە دەتوانرێت ئاستی دڵسۆزیان دەستنیشان بکرێت، پارتە سیاسییەکان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزی دڵسۆزی بەردەوامی هاوڵاتیانن بۆ پلەی وەفاداری بۆ پارتە سیاسییەکە[١].

ج- گۆڕانکاری: باوەڕی هاووڵاتیانە بە بەرهەمی سیاسی پارتە سیاسییەکان تا ئەو کاتەی یەکانگیرە لەگەڵ بیروڕا و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان، ئەو پارتە سیاسیانەی پشتگیری هاووڵاتیان وەردەگرن لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی دیاریکراو و پاشان پەیوەست دەبن، یان پشتگیری لە دامەزراوەکانی تر دەکەن سەرەڕای سیاسەتی جیاواز و بەرهەمەکانیان ئەمە ئەو شوێنەیە کە دامەزراوەکە متمانە و ناوبانگی خۆی لە ناو هاووڵاتیاندا لە دەست دەدات[٢].

**دووەم : دامەزراوە سیاسییەکان:**

یەکێکن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی بازاڕکاریی سیاسی چ لە دەسەڵات و چ لە دەرەوە ئەگەر لەدەسەڵاتدا بن شێوازی بازاڕکاریی سیاسی بەکاردەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی ناوبانگیان و بازاڕکاریی مێژوو و دەستکەوتەکانیان، ئەگەر بەدوای گەیشتن بەدەسەڵاتدا بن بۆ ئەوەی بتوانن ئاواتی هاووڵاتیان بەدیبهێنن تا ئەم دواییە لەلایەن سیاسەتمەدارانی سیاسییەوە زۆر دورەپەرێز بوون بۆ پشتبەستن بە بازاڕکاریی سیاسی، چونکە تێگەیشتنێکی نێگەتیڤی هەبوو لە چەمکی بازاڕکاری لە بواری سیاسیدا و ئەمەش وەک جۆرێک لە قایلکردنێکی ناڕەوشتی دەبینرا بۆیە ئەم دامەزراوانە پشتیان بەهەوڵی ئەندامان و خۆبەخشەکان بەستووە، کاتی کارکردنی سیاسی و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا[٣]، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی تاکتیکی بازاڕکاریی سیاسی و گەشەکردنی ڕۆڵی پەیوەندییەکان، گۆڕانێک لەڕوانگەی ئەو دامەزراوانەدا هەبووە کە بازاڕکاریی سیاسی بەتایبەتی ئەگەر ئەمە بە پشتبەستن بە ئەندامان و خۆبەخشەکان یەکبخرێت گرنگی ئەو دامەزراوانە لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێشکەوتنی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت کە بتوانێت داواکارییەکانی هاوڵاتیان ڕێکبخات و کۆنترۆڵی

---

١ - عبدالجواد، مجدي ، التسويق السياسي المفهوم و المكونات، المعهد المصري للدراسات، دراسات عالمية، ٩ أغسطس ٢٠١٩، ص٥٣

٢ - اياد عبدالفتاح النسور، قضايا وتطبيقات تسويقية معاصرة، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص١٥.

٣ - محمد سعد ابو عامود، التسويق السياسي وادارة الحملات الانتخابية، ط ٣، منشأة المعارف للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨، ص٩٣.

بکات و ڕێگە بە دەربڕینی خۆیان بدات[١]، کاریگەری دام ودەزگا سیاسییەکان پەیوەستە بەسروشتی سیستمی سیاسییەوە وەک چۆن دامەزراوەکان لەسیستمی دەسەڵاتدا سستن و بەدوای وەڵامدانەوەی زیاتری سیستمی سیاسیدا دەگەڕێن تا گوزارشت لەداواکارییەکانی هاوولاتیان بکەن[٢]، سیستمی دیموکراسی ڕێگە بەم دامەزراوانە دەدات چاودێری سیاسەت و رەفتارەکانیان بکەن و دامەزراوەکان بە سەربەخۆیی لە ئاستی ناوەند و ناوخۆدا دیاری دەکرێن خەسڵەتەکانی دامەزراوە سیاسییەکان کە پەیوەندی بەبازاڕی سیاسییەوە هەیە لەوانە (توانای خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە ژینگەییەکان) ، وە نەبوونی ناکۆکی و ناکۆکی لەسەر سەرکردەکانیان و لەدەستدانی بناغەی ئەم سیفەتانە یان هەرکامیان توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان سنوردار دەکات لە دەربڕینی داخوازی جەماوەری و کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکانیان کە دامەزراوە سیاسییەکان لە گرنگترین دامەزراوەکانن لە ڕوانگەی بازاڕکاریی سیاسییەوە وە دامەزراوەی سیاسیش لە کۆمەڵێک کەس پێکدێت کە لە دەوری خۆیان کۆدەبنەوە چالاکیەکانی بەدوای یەککەیشتندا دەگەڕێن و دامەزراوەی سیاسی مەبەستیەتی بگاتە دەسەڵات[٣]، یان لە ڕێگەی هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ لایەنەکانی تردا بەشداری تێدا بکات چاودێرییەکی ئەو بنەمایانەی کە پابەندن و کار بۆ بلاوکردنەوە دەکەن و سەرکردایەتییەکی یەکگرتوویان هەبێت کە گرووپێک ئاڕاستە و ڕێکخستنیان بکات و کاتێک چەمکی بازاڕکاریی سیاسی لە ئەمریکا سەریهەڵدا دامەزرێنەرانی سیاسی لە دیموکراسی رۆژئاوادا بە جۆرێک لە نیگەرانییەوە دەستیان پێکرد، لە چوارچێوەی توانای دامودەزگا سیاسییەکاندا بۆ خۆگونجاندن لە نێوان سێ ئاستدا کە ئەمانەن[٤]:

١- پەسەند کردنی دەزگا بۆ هێشتنەوەی میتۆدە تەقلیدییەکان : لەڕوانگەی دەزگاوە هەڵبژاردن گوزارشتە لەحوکمیەتی بەهاکانی دەنگدەران و تێپەڕاندنی تاکتیکەکانی بازاڕکاریی سیاسی بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی یاریدەدەری و یەکلایی نەکراو لەدەنگدەردا ئەوان پێیان وایە

---

١ – راسم محمد الجمال، التسويق السياسي والاعلام – الاصلاح السياسي في مصر، الدار المصرية اللبنانية، مصر، ٢٠٠٥، ص٩٨.

٢ – صحراوي بن شيحة، التسويق السياسي في الجماعات المحلية – دراسة حالة الانتخابات المحلية في الجزائر ليوم ٢٩ نوفمبر ٢٠٠٩، رسالة دكتوراه، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية، الجزائر، جامعة ابوبكر بلقايد بتلسمان ، ٢٠٠٩، ص١١٠.

٣ – احمد حسن السمان، الاعلام والسياسة – التسويق السياسي في القرن ٢١، مصر، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٨، ص١١٠.

٤ – مصطفى عبدالقادر، تسويق السياسة والخدمات، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، ٢٠٠٢، ص٣٧.

که کارەکە لە ڕێگەی نەریتییەوە پەرەی سەندووە کە گرنگترینیان چالاکی لیژنە سیاسییەکان و دانیشتنەکانی دیالۆگە لەسەر ئاستی بازنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان مشتومڕ و ناکۆکی هەیە لە نێوان پابەندبوون بە ئامڕازە تەقلیدییەکانی بازاڕکاریی سیاسەتەکان و بەکارهێنانی بازاڕکاریی سیاسی لەسەر بنەمای پیشەگەری[١].

٢- تێڕوانینی نێگەتیڤی بازاڕکاری: ئەو شوێنەی کە تێڕوانینی نێگەتیڤی دامەزرێنەر بۆ بازاڕکاری بۆ سروشتەکەی وەک دامەزراوەیەکی سیاسی لەگەڵ دابونەریت و مێژووی خۆیدا و پشت بە ڕێژەی ئەندامێتی و هەوڵەکانی خۆبەخشەکان دەبەستێت لەبەر ئەوە بازاڕکاریی سیاسەتمەداری بە ناتەندروست سەیر دەکرد، خۆبەخشەکان: دامەزراوە سیاسییەکان پشت بە هەوڵی خۆبەخشەکان دەبەستن[٢]، بۆیە ئەم دەزگایانە بەدوای پاراستنی دڵسۆزی خۆبەخشەکانن بۆ بەهێزکردنی تۆڕی کەسی، وە لەگەڵ سەرهەڵدانی بازاڕی سیاسی گشتگیردا دامەزراوە سیاسییەکان دەستیان کردووە بە هەڵگرتنەوەی ئەم چەمکە و پیادەکردنی تاکتیکەکانیان لە هەڵمەتە سیاسییەکانیاندا و قایلکردنیان بەوەی کە گونجاوترین ستراتیژیە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی هاوڵاتیان[٣].

٣- پشت بەستن بە هەوڵە خۆبەخشەکان: دامەزراوە سیاسییەکان بە قورسی پشت بە هەوڵی خۆبەخشەکان دەبەستن، وەک ژمارەیەک لە ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان، ئەم ڕەوتە دەستی کردووە بە دووبارە بوونەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی و لە ئەمریکا بە تایبەتی و دامەزراوەکان زیاتر بۆ سەرنجدان لەسەر راوێژی بازاڕکردن بۆ خۆیان، خۆبەخشەکان بوونەتە ئەندامی تیمی هەڵمەتی سیاسی بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوخۆو لەکۆنفرانس و دانیشتنەکانی گفتوگۆدا کە لەلایەن دامەزراوەکانەوە ساز دەکرێن بۆیە ئەم دەزگایانە بەدوای پاراستنی دڵسۆزی خۆبەخشەکانن بۆ بەهێزکردنی تۆڕی کەسی و پێش و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا پشتیوانی هاوڵاتیان[٤].

---

١ – فيليب مآريک، الحملة الاعلامية والتسويق السياسي، ط ٢، القاهرة، دار الفجر للنشر و التوزيع ،٢٠١٢، ١٢.

٢ – الطاهر بن خرف الله، مدخل الى التسويق السياسي،ط ٣، الجزئر، دار هومه للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص ٩٨.

٣ – محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السياسي، ط٢ الرياض،مكتبة العبيكان، الرياض، ١٩٩٨، ص١٧٨.

٤ –عبدالكريم فهد الساري، الاعلام والتسويق السياسي والانتخابي، ، عمان دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص١١٠.

**سێیەم : بازاڕی سیاسی**

زۆربەی کادر و کاندیدە سیاسییەکان بۆ پێشخستنی سیاسی کاردەکەن بۆ کاریگەریکردن لەسەر هەڵوێستی جەماوەرە و پاڵنەریان بۆ بەشداری پرۆسەی سیاسی لە بەرژەوەندی خۆیان و پارتەکەیاندا، هاتن و سەرکەوتنی هەر بوارێکی سیاسی بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە پیشەیی بوونی کادر و کاندیدەکەیەوە، بەکارهێنانی ستراتیجی بەرەوپێشبردنی سیاسی، کە پشت بە سێ توخمی گرنگ دەبەستێت: پڕوپاگەندەی سیاسی و باوەڕهێنانی و توانای دارایی .

أ) پڕوپاگەندەی سیاسی:

پڕوپاگەندەی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک تەکنیک کە ئامانج لێی گەیاندنی زانیاری و بیرۆکەکانە بە دەنگدەران و ئەم پەیوەندییە کاریگەری لەسەر هەڵوێستی دەنگدەران هەیە بەجۆرێک کە ڕەنگە گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بەرامبەر بە ڕێکخراوی سیاسی، پارت یان کاندید رووبدات، وەک (جاک ئایلول)* ئاماژەی پێدەکات کە پڕوپاگەندەی سیاسی مۆدێرن تەرکیز دەکات لەسەر بەکارهێنانی بەردەوامی ئامڕازە تەکنیکیەکان لەسەر بنەمای تێبینی ورد، لەگەڵ هەوڵدان بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە رایگشتی و بەدەستهێنانی پشتیوانی گشتی درێژخایەن، واتە پرۆسەیەکە بۆ دروستکردن و چالاککردنی ئامادەیی دەنگدەر بۆ رازیبوون بۆ بەرنامەی حزب یان کاندیدی سیاسی، کە کاریگەری لەسەر ئەزموونی سیاسی ئەندامانی کۆمەڵگەگا هەیە یان کاریگەری لەسەر رایگشتی دەبێت. پڕوپاگەندەی سیاسی چەندین شێوەی هەیە، لەوانە پڕوپاگەندەی سپی و خۆڵەمێشی و رەش[١]

ب) قایلکردنی سیاسی:

پەیوەندیکردن رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت هەم لە بازاڕکاری سیاسی و هەم لە بواری هەڵبژاردندا، هەروەها لە جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی بەگەرخستنی بیرۆکە و بەرنامەکانی ڕێکخراوی سیاسی، حزب یان کاندید، رەنگە گونجاوتر بێت باس لەوە بکرێت کە چۆن دەنگدەر

---

* جاک ئیلول لە ساڵی ١٩١٢ لە شاری بۆردۆی فەرەنسا لەدایکبووە، فەیلەسوف و کۆمەڵگەناس و زانای ئایینی ئاسایی و پرۆفیسۆرێکی فەرەنسی بوو کە ئەنارکیستێکی مەسیحی بەناوبانگ بوو. ئێلول ماوەیەکی زۆرە پرۆفیسۆری مێژوو و کۆمەڵگەناسی دامەزراوەکان بووە لە فاکەڵتی یاسا و زانستە ئابوورییەکان لە زانکۆی بۆردۆ. نووسەرێکی بەرهەمدارە، لە ماوەی تەمەنیدا زیاتر لە ٦٠ کتێب و زیاتر لە ٦٠٠ بابەتی نووسیوە.
https://en.wikipedia.org/wiki/Jacques_Ellul

١ – إسراء محمود عيسى البحيصي ، دور مواقع التواصل الاجتماعي في التسويق السياسي للحملات الانتخابية "دراسة تحليلية"، رسالة ماجستير، في العلوم السياسية، جامعة الازهر – غزة ، عمادة الدراسات العليا، كلية الاداب و العلوم الانسانية، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٩ص٥٩.

رازی دەکرێت لە پێشنیارەکانی حزب یان کاندیدەکە، کەواتە قایلکردنی سیاسی یەکێکە لە ئامانجەکانی ستراتیژی گەشەکردنی، وەک چۆن بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێت بۆ گەیشتن بە دەنگدەر و دروستکردنی ڕێگەی قایلکردن بۆ دەنگدەران و ئاڕاستەکردنیان بەرەو حزب یان کاندید، لە بەرژەوەندی حزب یان کاندیدا دوای ئەوە دەنگدەر دوودڵە، ڕوانگەیەکی دیکە هەیە، پرۆسەی باوەڕهێنان سیاسیش پێویستی بە کەسانی بازاڕکاری سیاسی یان بەڕێوەبەری هەڵمەتی هەڵبژاردن هەیە کە زانیاری تەواویان لەسەر کاری سیاسی هەبێت، وەک هەوڵی تاکتیکی، لێهاتوویی و کاریگەری لە ئەنجامدان و کاری سیاسی هەڵبژاردنەکان بەو شێوەیەی کە ستراتیژی بەرەوپێشبردنی سیاسی بەدەست دەهێنێت[1].

قایلکردنی سیاسی بە یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی ستراتیژی گەشەکردن و بەهێزکردن دادەنرێت، بەو پێیەی ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای دروستکردنی دۆخێکی رازیکردنە بۆ رایگشتی بەتایبەتی دەنگدەران و بانگەوازکردنی بۆ حزب یان کاندیدە سیاسییەکان، پرۆسەی قایلکردنی سیاسی ئامانجی بەدەستهێنانی پۆستە یان هێنانەدی گۆڕانکارییە لە هەڵوێستەکانی رایگشتیدا، لە بەرژەوەندی حزب یان کاندیدی سیاسی ئەنجامدان بە شێوەیەک کە ئامانجی باوەڕهێنانی سیاسی بکات پرۆسەی رازیکردنی سیاسی پێکدێت لە ژێر پرۆسەکانی پەیوەست بە یەکتر و تەواوکەری یەکتر، ئەوانیش[2]:

-پرۆسەی ئۆتۆماتیک: ئەمانە سەرنج دەخەنە سەر یادەوەری و لەسەر رەنگدانەوەی فیکری یان دووبارەبوونەوەی وەک دروشم و لێدوانی سیاسی.

- پرۆسەی عەقلانی: لەسەر بنەمای پاڵنەر و پاڵنەرە قووڵەکانی دەنگدەر دامەزراوە لێرەدا پەنا بۆ وێنە و هێماکان دەبات.

ج) دارایی سیاسی:

توخمە داراییەکە بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی حزبەکە یان کاندیدی سیاسی هەیە، چونکە بنەمای خەرجکردن بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردن پێکدەهێنێت، هەروەها کەموکوڕی لە خەرجکردندا کاردانەوەی نەرێنی لەسەر

---

[1] - إسراء محمود عيسى، سەرچاوەی پێشوو.لا ٦٧

[2] - محسن الندوي، استراتيجية التسويق السياسي في الحملات الانتخابية، دراسة منشورة بالعدد ٤١ من مجلة رهانات، مركز الدراسات والأبحاث الإنسانية مدى، دون الإشارة إلى سنة النشر، ص١٣.

سەرکەوتنی حزبەکە هەیە حزب یان کاندیدێک بۆ هەر پۆستێک بێت، بەڵام ئەم خەرجیانە جیاوازن ئاستی هەڵبژاردنە بەکۆمەڵگەکان جیاوازە لە هەڵبژاردنی یاسادانان[١].

بازاڕکاریی سیاسی بە تەواوی پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی توێژینەوەی کوالیتی جەماوەر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قووڵەوە دەخوێنرێت یان چۆنیەتی باسکردنی گرووپە تەرکیزکراوەکان یان ناوەڕۆکی میدیا بە شیکردنەوەی وتارەکان تاقیدەکرێنەوە بەمەرجێک بازاڕی سیاسی چەمکێکی مشتومڕی هەمەجۆری پێکهاتەکانی بێت و لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک بابەتی گرنگ وەک سروشت و تایبەت  تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت وەک هەمووی یەکخراو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، تاچەند دەتوانێ پارچەپارچە بێت و چ فاکتەرێک حوکمی ئەم پارچەکردنە بکات[٢].

**چوارەم: ئامرازی گەیاندن:**

میدیاکان سەرچاوەی سەرەکی زانیارییە سیاسییەکانن، تەنانەت ئەو شارەزاییەی بۆ تاک دابین دەکرێت بۆ مامەڵەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم زانیاریە، وە رۆڵی ئەمانە ئیتر پشت بە بەرزکردنەوەی ئەو بابەتانە نابەستێت کە تاکەکان بیری لێ دەکەنەوە بەڵکو لەسەر ئەو شێواز و شێوازانەی کە فێریان دەکەن چۆن بیر لەو کێشانە بکەنەوە، بۆیە میدیاکان ئەو کەناڵانە سەرەکین کە کەمپینەکانی بازاڕکاریی سیاسی لە ڕێگەیانەوە بەڕێوەدەبەن، چونکە بازاڕکاریی سیاسی بەئامانجی مەبەستدار پێناسە دەکرێت و سیاسەتوان لەڕێگەی میدیاکانەوە بۆ رایگشتی دەدوێت بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێکی سنووردار بۆ رایگشتی و ئەو میدیایانەی چاودێری کاری حکومەت و شێوازەکانی پیادەکردنی دەسەڵات دەکەن وە راگەیاندن بۆ رای سەرکردەکان لە کۆمەڵگەدا باشترین ئامرازی پەیوەندی سیاسییە و ئەو زانیارییانەی کە میدیاکان دەگوازنەوە بە شێوەیەک کە شیکردنەوە و لێکدانەوەی رایگشتی بکەن و تێڕوانینی جیاوازی خۆیان بۆ ئەو زانیاری و پەیامە میدیاییانە پێشکەش بکەن[٣].

---

[١] – لندوي، محسن، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣

[٢] – عبدالغفار رشاد القصبي، الاتصال السياسي والتحول الديمقراطي، القاهرة، مكتبة الاداب ، ٢٠٠٧، ص١٠١.

[٣] – علاء بسيوني الرميلي، سلسلة السياسة الدولية والاستراتيجية – التسويق السياسي، القاهرة، المكتب العربي للمعارف، ٢٠١٤، ص١٤٧.

# باسی سێیەم: پارتە سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەدا

## یەکەم: دەروازەیەک بۆ پارتی سیاسی

چەمکی (حزب) پێش چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەرنەکەوتووە. وشەی (حزب) بەتەواوی هەمان واتای هەبوو کە ئەمڕۆ دەزانرێت زۆربەی ئەو توێژینەوەیانەی لە ڕۆژئاوا دەرچوون و پەیوەندییان بە پارتە سیاسییەکانەوە هەبوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەبوو، حزبەکان ڕێکخراوێکن لە تاکەکان کە لە رای خۆیاندا کۆکن و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەدیهێنانی بەرنامەکەیان دەدەن، بەکارهێنانی هەموو ئامڕازێک کە لەبەردەستیاندایە و کە بە یاسا جێگیرکراون حزبی سیاسی ئەمڕۆ وا دیارە فاکتەرێکی سروشتی بێت کە لە هەموو سیستمێکی سیاسی ناسراودا هەیە، حزبی سیاسی لە زۆربەی سیستمەکاندا ئامادەیە، دەگمەنە وڵاتێک هەبێت کە تاکە حزبی سیاسی تێدا نەبێت ، پارتی سیاسی هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو کەسانەی چەند بۆچوون و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوبەش لە یەکیان نزیک دەکاتەوە و کارو چالاکی سیاسیان یەکدەخات لە قاڵبێکی دیاری کراودا بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی دیاریکراوە، هەرچەندە لەنێو کۆمەڵگەی پێشکەوتوو مەدەنیەکاندا گەیشتوونەتە رادەی بەرز لە ڕێکخستن و پێشکەوتن، بەڵام هێشتا پارتە سیاسییەکان گرنگی و زەرورەتی خۆیان لە دەست نەداوە، چونکە ئەو دام و دەزگایانەی نەیانتوانیوە ئەرکی پارتە سیاسییەکان لە دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و ئەرکەکانی تری لەنێو کۆمەڵگەدا ببینن[1]، پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی گشتی، لەڕووی ئایدۆلۆژیا و روانگە و بەرنامە و ئامڕازی جیاوازەوە، بە جۆرێک حزب بە نوێنەرایەتی کردنی هەندێک بۆچوون و ئایدیا بە شێوەیەکی هەماهەنگ یەکدەگرێتەوە، هەروەها جیاوازە لە گرووپە بەرژەوەندیخواز و سەندیکا و گرووپە مەدەنییەکان کە بۆچوون و بەرژەوەندی تەسک بگرنەبەر، لە کاتێکدا لایەنەکان کێبڕکێ دەکەن و خۆیان لە دەسەڵات دەدەن، ڕاستییەکە ئەوەیە کاتێک حزبەکان بە دوای دەسەڵاتدا دەگەڕێن ڕۆڵێک دەگێڕن کە تیشک دەخەنە سەر کاریگەریی ئاشکرای حزبەکان لەسەر سیاسەتە گشتییەکان، و ئامڕازێکی گرنگن بۆ گواستنەوەی پەسەندکردنی دەنگدەران بۆ ئۆرگان و دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان[2].

---

[1] – موريس دوفيرجيه، الأحزاب السياسية، ت: علي مقلد عبد المحسن سعد، القاهرة، مطبوعات الهيئة العامة لقصور الثقافة، ٢٠١١ص١٦.

[2] – احمد تهامي عبد الحي، مبادئ السياسة المقارنة، الوادي للثقافة والإعلام، ط١، القاهرة، دار النشر للجامعات ، ٢٠١٩، ص ١٠٩.

لە دوای سەدەی حەڤدەیەمەوە زۆربەی بیرمەندەکان بانگەشەیان بۆ ئازادی سیاسی دەکرد، کرۆکی پەیامە فەلسەفیەکانیان کارکردن بوە بۆ ئازادکردنی تاک لە کۆتەکانی، جیاوازی بەرژەوەندییەکانیشیان کەشێکی لە باری پێکهێنا بۆ دروستبوونی پارتی سیاسی جۆراوجۆر، کە هەر یەکەیان گوزارشتی لە بیرو بۆچون و ئامانجی کەرتێک یان توێژێک یان چینێک لە کۆمەڵگە دەکرد، گەشەسەندنی پارتەسیاسییەکان پەیوەستە بە فراوانبوونی پەرلەمان و دانان بە مافی دەنگدانی گشتی، هەروەها دروستبوونی کۆمەڵگەکانی بیر و راو یانە میللیەکان و رۆژنامە و سەندیکا، فاکتەرێکی تری بەهێز بوون بۆ ئەو گەشەسەندنە[1].

تا ساڵی(١٨٥٠) هیچ پارتێکی سیاسی بەم مانا نوێیەی ئێستا بوونی نەبوو.جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناوچەکانی ئەمریکای ناوەڕاست و باکور، چونکە سەرهەڵدانی پارتی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی بەسترابوو بە پێشکەوتنی سیستمی دیموکراسی، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەو فراوانبوونە پلە بەندییە بووکە لە مافی دەنگدان رووی دا، لە سەرەتادا مافی دەنگدان بۆ چینێکی دیاریکراو بوو، کە ئەوانیش خاوەن موڵک و پیشەگەرەکان بوون کە باجیان دەدا، هەروەها تەنها نێرینە مافی دەنگدانی هەبوو تا سەرەتای سەدەی بیست کە تیایدا مێینەش توانی بەشداربێت لە دەنگدان و بەم شێوەیە بەرەوپێشچوونێک لە سیستمی دیموکراسی و پارتەسیاسییەکاندا بەدیهات، پاش فراوانبوونی مافی بەشداری پرۆسەی دیموکراسی پێویستی دروستبوونی پێکهاتەی سیاسی سەریهەڵدا کە ناونرا پارتی سیاسی[2].

**دووەم: چەمک و پێناسەی پارتی سیاسی:**

پارتی سیاسی یەکێکە لەو چەمکە ئاڵۆزانەی کە تا ئێستا خاوەنی پێناسەیەکی دیارکراو نیە، چونکە چەمکەکان خاوەنی چەندین رەهەندی جیاوازن لە هەندێ کاتیشدا ئەو رەهەندانە دەبنە تایبەتمەندیەکانی پارتی سیاسی هەروەها بیرمەندە سیاسییەکان یەک بیروبۆچونیان سەبارەت بە دروست بونی وەزیفەی پارتی سیاسی نییە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو قوتابخانە ئایدۆلۆجی فکریکریانەی ئەوان لە ناویاندا ریزیان بەستوە یان خۆیان رابەرایەتیان کردوە، بۆیە جیاوازی لە تێڕوانینیاندا بۆ پێناسەی پارتی سیاسی هەیە ئەوانەی سەر بە

---

[١] – خالید مجید فرج، رەوتی مێژوویی پارتە سیاسیەکان وەرگیراوە لە: سایتی پێنووسەکان، بەم ناونیشانەی خوارەوە: کاتی سەردان (٢٠٢١/١٠/٧) کاتژمێر (١:٢٥ شەو)
http://eedferec/16631_2013_1http://archiv.penusakan.com/nusaran/407-xalidmechtml.56-55-06-27-08

[٢] – رێبوار کەریم مەحمود، پارتی سیاسی و رای گشتی، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی حمدی،٢٠٠٩، ل٣٨.

قوتابخانەی فکری مارکسین دەڵێن: (پارتی سیاسی گوزارشتە لە چینێکی تایبەت بۆیە هێچ پارتێک بە بێ بناغەیەکی چینایەتی بوونی نییە)[١].

(هارولد لاسویل)*دەڵێت: پارت ڕێکخراوێکە کاندیدەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردن دیاری دەکات[٢]. بەپێی ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا، پارتە سیاسییەکان بریتین لە: "گرووپێکی ڕێکخراوی تاکەکان کە ئامانجیان بەدەستهێنان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی[٣].

فرنسوا بورد**و دەڵێت: (پارت پێکهاتووە لە کۆبوونەوەی خەڵکانێک کە بانگەشە بۆ هەمان بیرو باوەڕی سیاسی دەکەن و هەوڵدەدەن لە ڕێگای پشتگیری زۆرترین ژمارە لە هاووڵاتیان دەستەڵات بگرنە دەست، یان بەلایەنی کەم کاریگەریان لەسەر بڕیارەکان هەبێت)[٤].

بە بیروڕای (حسێن جەمیل) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی نیشتمانی دیموکراتی لە عێراق لە ساڵی (١٩٤٦) دەڵێت: جەمکی پارت بەمانا کۆمۆنیستییەکەی بریتییە لە پێشەنگی ئەو چینە چەوساوانەی هەوڵ دەدەن هەموو جۆر و شێوەکانی چەوسانەوە بنەبڕ بکەن هەروەها دەڵێت: پارتی سیاسی لە چەندین جۆری ئەو گرووپ و دەستەگەرانەی لە سایەی سیستمە سیاسییە جیاجیاکاندا هەوڵدەدەن دەزگای حکومەت و سیاسەت بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە[٥].

---

١- موریس دو فرجیة، الاحزاب السیاسیة، ترجمة ،ت: علی مقلد، عبدالمحسین سعید، قاهره، الهیئة العامة لقصور الثقافه، ٢٠١١،ص٦.

* هارۆڵد دوایت لاسوێڵ زانای سیاسی و تیۆری پەیوەندییەکانی ئەمەریکی بوو. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە فەلسەفە و ئابووری بەدەستهێناوە و لە زانکۆی شیکاگۆ خوێندکاری دکتۆرا بووە. مامۆستای یاسا بووە لە زانکۆی ییڵ، لەدایکبووی: ١٣ی شوباتی ١٩٠٢، دۆنێلسۆن، ئیلینۆیس، ئەمەریکا، ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨، نیویۆرک، نیویۆرک، ئەمەریکا ،کۆچی دوایی کردوە.

٢ – توفیق حسنین إبراهیم، دراسة الأحزاب السیاسیة في العالم الثالث، في علي الدین هلال و محمود إسماعیل محمد(محرران)، مرجع سابق، ٢٠٠٩ص١٧

3 Encyclopædia Britannica. (n.d.). Political party. Britannica Academic. Retrieved jun 24، 2022، .

** فرانسوا بۆردن ئەندازیار و سیاسەتمەداری فەرەنسی بوو، لە ٢٩ی تەممووزی ١٧٩٧ لە شاری ماکۆنی فەرەنسا لەدایکبووە و لە ١٩ی نیسانی ١٨٦٥ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆچی دوایی کرد. ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا هەڵبژێردرا

٤- المؤلف: المکتبة الوطنیة الفرنسیة — https://data.bnf.fr/en/opendata

٥ – حسین آل جمیل، العراق شهادة سیاسیة ١٩٠٨-١٩٣٠ ، - دار الام في لندن ١٩٨٧م – ص ١٨٨.

وە بە بیروڕای (**فرانسوا ژوا**)*** کە بیرمەندێکی فەڕنسییە دەڵێت: پارتی سیاسی بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک خەڵک لە پێناو بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسی و هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان وەرگرتنی هەموو دەسەڵات تا لە ڕێگەیەوە ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندی ئەندامەکانی بەدیبهێنێت، بەڵام بە رای (**سیگمۆند نیومان**)* کە دەڵێت: (ڕێکخستنی ئەو کەسانەیە کەدەیانەوێت لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداربن و تێڕوانی جیاوازین هەیە و بەردەوام لە ململانێدان لەگەڵ لایەنەکانی تردا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەر) [١].

حزبی سیاسی "ڕێکخراوێکی سیاسیی بەردەوامن لە چوارچێوەیەکدا ڕێکخراون کە هێزە کۆمەڵگەایەتیی پێکەوەی بەستوون کە تێڕوانینێکی گشتی یان یەک بیرۆکە یەکگرتوویان هەیە، کە ئامانجیان گەیشتنە بە دەسەڵاتە"[٢].

بە بیروڕای توێژەر پارتی سیاسی کۆمەڵگەە کەسانێکن لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا بەهۆکاری نزیکی بیروو و بۆچونیان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش یەکیان گرتووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵات و پارێزگاری کردن لە مانەوەیان و گۆڕین یان درێژەدان بە سیستمی سیاسیی.

لە کۆی پێناسەکان لەسەر پارتی سیاسی دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە[٣]:

١- پارتی سیاسی پێویستە بۆچونێکی سیاسی یەکگرتوویی هەبێت و لە شێوەی پرۆگرامی سیاسیدا بۆ جەماوەر بخرێتە ڕوو.

٢- پارتی سیاسی لە بەرنامەکەیدا گرنگیەکی تەواو و پشتگیرییەکی زۆر بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی توانای خۆیەوە، یان بە ڕێکەوتن لەگەڵ چەند پارتێکی سیاسی

*** Ransois Guizot (بە فەڕەنسی: François Guizot) سیاسەتمەدار و مێژوونووسێکی فەرەنسی بووە، لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٧٨٧ لە شاری نیم لەدایکبووە – لە ١٢ی ئەیلوولی ١٨٧٤ لە شاری سانت ئۆین لی پین کۆچی دوایی کردووە. کاتی سەردان (٨/٧/٢٠٢٢)کاتژمێر (١١:٥٠شەو) بەم ناونیشانە:
https://www.marefa.org/%D9%81%D8%B1%D8%A7%D9%86%D8%B3%D9%88%D8%A7_%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%88%D9%84

* سیگمۆند نیومان (بە ئەڵمانی : Sigmund Neumann ) لەدایکبووی ١٩٠٤ – ١٩٦٢ ز) کۆمەڵگەناس و زانای سیاسی و مامۆستای زانکۆی ئەڵمانی بووە، لە شاری لایپزیگ لەدایکبووە، ئەندامی ئەکادیمیای هونەر و زانستی ئەمەریکی بووە، لە میدلتاون کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ١٩٦٢ تەمەنی ٥٨ ساڵی.

١ – ڕێبوار کەریم مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٧،٩.

٢ – صالح جواد كاظم، علي غالب العاني، الأنظمة السياسية، بغداد، دار الحكمة ،١٩٩١، ص ١١١.

3 – François Borella.Les Politiques Dans La France d' aujourd'hui، (Paris.1981)، P16.

تردا، دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست بۆ ئەوەی بەرنامەو پلانە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵگەایەتیەکانی جێبەجێ بکات.

٣- ئاکارێکی تری پارتی سیاسی بەردەوامیە، چونکە ناکرێت ووێنای پارتێک بکرێت کە بۆ کاتێکی دیارکراو دروست کرابێت.

کۆمەڵگەیەک کەسی ڕێکخراو کە توانای دەربڕینی داواکارییەکانیان هەیە.

**سێیەم: پارتە سیاسییەکان و بوارەکانی بازاڕکاری سیاسی**

بازاڕکاری سیاسی بریتییە لە بەکارهێنانی بنەما و شێوازەکانی بازاڕکاری بازرگانی لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا کە لەلایەن لایەنە سیاسییەکان، تاکەکان، یان پارتەکانەوە ئەنجام دەدرێت و ئەم شێوازانە بریتین لە: شیکردنەوەی بازاڕی سیاسی، پلاندانان و جێبەجێکردنی هەڵمەتە سیاسییەکان، بازاڕکاری سیاسی بریتییە لە زانیاری زانستی لەسەر پێداویستی و خواستەکانی بەکارهێنەرانی و گەیشتن بە ئامانج، سیاسەتمەدار ئەوەندەی پێویستی بە بەکارهێنانی ئەرک و میتۆدەکانی هەیە کە لەگەڵ دۆخی باودا بگونجێت، بۆیە بارودۆخی جۆراوجۆر هەیە کە تێیدا بازاڕکاری سیاسی جێبەجێ دەکرێت، توێژینەوەکانی بازاڕکاری سیاسی کۆمەڵێک بواری لاوەکی دەگرێتەوە، لەوانە:[(١)]

١- بەبازاڕکردنی خوێندنی سیاسی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی بانگەشەی پارت و کاندیدەکان.

٢- بەڕێوەبردنی تیمی خۆبەخش لە لایەن لایەن و کاندیدەکانەوە.

٣- بابەتەکانی میدیای سیاسی.

٤- هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بازاڕی سیاسی بە بەکارهێنانی توێژینەوەی ڕاپرسی بۆ هەڵسەنگاندنی جەماوەری کاندید و لایەنەکان، لەوانەش توێژینەوەی بازاڕکردن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردن و ڕاپرسیدا. بۆچوون، و شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە هەڵسوکەوتی دەنگدەران و هەڵسوکەوتی کەسانی نادەنگدەر دیاری دەکەن.

٥- خوێندنەوەی ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی بازاڕکاری سیاسی بۆ حزب و کاندیدەکان، لەوانەش بەبازاڕکردن، مشتومڕە سیاسییە ڕاستەوخۆکان کە لە تەلەفزیۆنەکاندا نیشان دەدرێن، دابەشکردنی بازاڕ و پێگەی بازار،

---

[1]. Nyarwi Ahmad, et al, From Mass Mediated-Political Marketing to Mixed Mediated-Political Marketing. Paper for panel on “Political Parties and the New Media”, at the 63rd Political Studies Association An- nual International Conference, Cardiff, 24–27 March 2013, pp. 1–28.

٦-شیکردنەوەی چۆنیەتی دارشتنی باشترین ستراتیژی بۆ جێبەجێکردنی بانگەشەی حزب و کاندیدەکان، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوەی بەرژەوەندییە سیاسییە جیاوازەکان و نیگەرانی ئیدارەی و بەڕێوەبردنی بەردەوامی هەڵمەتەکان.

٧- بتوانێت پرسە پێشکەوتووەکان لە بازارکردنی سیاسیدا ئاشکرا بکات بە بەکارهێنانی میدیای نوێ و ئاستەنگە سیاسییەکانی کۆکردنەوەی پارە، بەبازارکردن و ڕیکلامی سیاسی، و سیاسەتی دارایی.

سیاسەتمەداران لەلایەن هەموو لایەنەکان لە هەر وڵاتێکی دیموکراسیدا نەریتی بەهێز هەیە، پارتە سیاسییەکان بەزۆری ئاماژە بەوە دەکەن کە پارتەکان هەوڵدەدەن نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دەنگدەرەکانیان بکەن.[١]، لە وولاتانی دیموکراسیدا دیدگای جیاواز پەرەی پێدراوە بۆ ئامادەکردنی ستراتیژی و شێوازی بازارکردن، سیاسەتمەداران لەلایەن هەموو لایەنەکان توانیان حساب بۆ پشتیوانی دەنگدەران بکەن نەک لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا یان دڵسۆزییە نەریتییەکان، بەڵام لەبری ئەوە دەنگدەران لە ڕێگەی تایبەتەوە کۆبکەنەوە یان دەست لە خواستەکانی هاووڵاتیان و ئاواتەکانیان بۆ شێوازێکی ژیانی باشتر[٢]،وەک حزبەکان ڕەنگە خۆیان کاندید بکەن بۆ جێبەجێکردنی دیدگاکەیان، و سەرنجیان لەسەر ڕازیکردنی دەنگدەران بۆ ئەوەی لەگەڵیان هاوڕا بن، سێ ڕەوت هەیە کە لایەنە سیاسییەکان سەرنجیان لەسەرە: ئاراستەکردنی بەرهەم، ئاراستەکردنی فرۆشتن، ئاراستەکردنی بازار، و هاوشێوەی پەرەپێدانی سێ قۆناغی پراکتیکی بازرگانی مۆدێرن هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بریتین لە: فرۆشتن، بەرهەمهێنان، و بەبازارکردن، بەگشتی دانپێدانراوە کە بازرگانیکردن لە بەرهەمهێنانەوە گۆڕاوە بۆ باڵادەستی ڕێبازی فرۆشتن، پاشان بۆ کڕیار یان بازارکاری بە ئامانج گیراو، لە قۆناغی یەکەمی سەرمایەداریدا، بازرگانەکان بەرەو بەرهەمهێنان، بازرگانانیش تەرخان بوون بۆ پرسەکانی بەرهەمهێنان و پرۆسێسکردن و کارایی، لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠ قۆناغی دووەم کە قۆناغی ئاراستەکردن بوو سەریهەڵدا بۆ فرۆشتن، هەروەها خەمی سەرەکی بازرگانەکان فرۆشتنی ئەو شتانە بوو کە بەرهەم دەهێنرا، تا سەرەتای ساڵانی حەفتاکان دەرکەوت قۆناغی سێیەم، کە ئاراستەکردن بەرەو بازارکردن و بەدیهێنانی بازرگانان بۆ پێداویستییەکانی بەکاربەران سەریهەڵدا و گرنگی توێژینەوەی بازارکردن ڕوون بووەوە،

---

[1]. Nyarwi, et al, op. cit., pp. 1-28

[2] Manuel Adolphsen, Branding in Election Campaigns: Just a Buzzword or a New Quality of Political Com- munication? MSc Dissertation (LSE), London School of Economics and Political Science, 2009, p. 30.

بێهودەیی هەوڵدان بۆ بازاڕکاری  ئەو بەرهەمانەی کە خەڵک نایانەوێت و باوەڕ بهێنێت، ئێستا هەندێک لە توێژەران لە سەرەتای قۆناغی چوارەمدان، کە ئاراستەکردنە بۆ بەبازاڕکردنی کەسی و ئەو تەکنەلۆژیایە لە ژینگەیەکی ئاڵۆزتر و خێراتردا [١].

ڕەنگە پێویست بێت سیاسەت و ستراتیژی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دابڕێژرێت بۆ تیمە پیشەگەرەکان، پارتەکان بەدوای دەنگدەردا دەگەڕێن بە مەبەستی زیادکردنی کۆنترۆڵی ناوەندەکان و ڕوونی سیاسەتەکان و بەهای کارایی ئەندامێتی لە مێژە مشتومڕی لەسەرە[٢]

سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان بەشداری بکات لە کۆکردنەوەی دەنگدەراندا لە زانستە سیاسییەکاندا، بووەتە شتێکی باو، دەرکەوتووە کە بەشداری دەکات لە دابینکردن و کاندیدکردنی کاندیدەکان بۆ پۆست، و کۆکردنەوەی پشتیوانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە دیموکراسییە تەقلیدییەکانی ئەوروپادا، پارتە سیاسییەکانی ناچار کرد کە شێوازی نوێ بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران پەسەندی بکەن ، دوای ئەوەی کەمبوونەوەیەک بەدیکرا لە ناساندنی ئەو حزبە بۆ دەنگدەرەکانی و لایەنەکانیش ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی بەرچاوی دەنگەکان، هەروەها گۆڕانی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و دابەشکاری کۆمەڵایەتی و ئاراستە قووڵە کولتووری و بەهاییەکان نیشاندەری جێی متمانەی پەسەندکردنی حیزبەکانیان کاڵ کردوە و ململانێ  و سەرلێشێواوی نوێی دروستکردەوە.[٣]

گرنگی حیزبەکان لە دیموکراسی نوێنەرایەتیدا دەبینرێت، هەروەها لە پێدانی ڕێنمایی و زانیاری لەسەر ژێرخانی ئابووری و کاروباری سیاسی و ئابووریی ئێستا و ئەگەری میللەت و ئەمەش بە باشترکردنی یەکگرتوویی سوودی بۆ خەڵک هەیە، بەشداری کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و هاووڵاتیبوون خەڵک لە پرسە سیاسییەکان ئاگادار دەکاتەوە درێژەپێدەری

---

[1] Mohamad Nor, et al, Political Marketing vs. Commercial Marketing: Something in Common for Gains. Proceedings CD "6th Global Conference on Business & Economics" Gutman Conference Center, Har- vard University, Cambridge, MA, USA, 15–17, 2006, pp. 9.

[2] Margaret Scammell, Citizen Consumers : Towards A New Marketing Of Politics? In, John and Pels, Dick, (eds.) Media and the Restyling of Politics: Consumerism, Celebrity and Cynicism. SAGE Publishing, London, 2003, pp. 117–137.

[3]-Christian Schafferer, Election Campaigning in East and Southeast Asia Globalization of Political Market- ing(Hampshire: Ashgate Publishing limited, 2006), pp. 9-1

تەکنەلۆژیا و پراکتیکەکانی ئێستا بن کە بەرەوپێش دەچن وبازارکاری سیاسی و بەشداری سیاسی بەرەوپێش دەبات [١].

لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیڕەو بنەڕتی و بیرکردنەوەی حزبایەتیدا دەکات، کە زاڵن بەسەر ڕەفتاری ڕێکخراوەییدا، بە سادەیی، گۆڕانکارییەکی قووڵ لە چالاکیی سیاسی و ڕەفتاری گشتیدا ڕوودەدات ، لە هەمانکاتدا لایەنەکان چیتر پشت بە ئاستی بەرزی پشتیوانی حزبی نابەستن، لە ژێر ڕۆشنایی کەمبوونەوەی ئەندامێتی حزب[٢]، و کاریگەرییە بەربڵاوەکانی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان لەسەر ڕەفتارەکان وەک (جێنیفر لیس مارچمەنت) پشتڕاستی کردەوە، پارتی کرێکاران زیادی کردووە بەسود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا نوێ، پارتەکە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند پارتێکی سیاسی ڕۆژئاوا، میتۆدۆلۆژیای شێوازی کۆنی گۆڕی، سەرەتا بە(لایەنێکی بەرهەمهێنان)، بۆ (لایەنێکی فرۆشتن) و لە کۆتاییدا (لایەنێکی بازاڕ)، و بینی کە گۆڕانکارییەکە لە ئاراستەکردنی بەرهەمهێنان بۆ ئاراستەکردنی بازاڕ ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە چەند کۆمپانیایەکی سەرمایەداری سەرکەوتوو لە هەندێک لە فۆرمەکانی سیستەمی سەرمایەداری و هەوڵدان بۆ مامەڵەکردن بەپێی یاساکانی لەم ساڵانەی دواییدا ڕەنگە ئەم گۆڕانکارییە بناغەکانی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە بێت کە لە ڕابردوودا قبوڵکرابێت[٣].

**چوارەم: گرنگی پارتی سیاسی بۆ کۆمەڵگە**

پارتی سیاسی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ کادرەکان و بەشداری کردن لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا، ئەمەیش وادەکات پارتە سیاسییەکان کاریگەریی زۆریان هەبێت لەسەر ئاستی بەشداری سیاسی لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەمەش دەرفەت دەرەخسێنێت کەسانی بەتوانا و چالاک بچنە پێگە و کایەکانی دەسەڵاتەوە، هەوڵدەدەین بە چەند خاڵێک گرنگی و ئەرکی پارتی سیاسی بخەینەڕوو:

١- چالاک کردنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە: حزب بەشێکی دانەبڕاوە لە سیاسەت، لە هەموو کۆمەڵگەیەک ئەگەر حزب نەبێت کۆمەڵگە لەڕووی سیاسییەوە ناتەندروست دەبێت[٤].

---

[1] .Nor, op. cit., pp. 9

[2]Heather Savigny, Political Marketing, on The Oxford Handbook of British Politics, eds, Matthew Flinders, et al, Oxford University Press, UK, 2009. Pp812.

[٣] -ستيفن دي تانسي، علم السياسة ألسس، ترجمة، رشا جمال ، بيروت، الشبكة العربية لألبحاث والنشر، ٢٠١٢،ص ٣١٥

[٤] – حەسەن مستەفا، سیستەمە سیاسسەکان، چ ٢، سۆران، کۆمەڵگەو فەرهەنگی ئەحمەدی خانی ،٢٠١٧ لا٢٤٠.

٢- کارکردن و دروستکردنی رایگشتی: ئەگەر حزبە سیاسییەکان نەبن ئەوە ئەستەمە خەڵک کۆبکرێتەوە بۆ رایگشتی وەک خۆپیشاندان دژی کارێک، رایگشتیش یەکێکە لە گەرنتییەکانی مافی مرۆڤ کە بە هۆی حزب دروست دەبێت.

٣- پیگەیاندنی کادری حزبی: حزب دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کادر کە کار دەکەن بۆ ڕاکێشانی جەماوەر بۆ لای پارتەکەی خۆیان.

٤- بەشداری کردن لە سەقامگیری کۆمەڵگە: پێویستە حزب بەشداری بکات لە دروستکردنی کۆمەڵگەی سەقامگیر و دوور لە شەڕ و ئاژاوە و خوێنڕشتن، هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە، چونکە ئەگەر حزب نەبێت بە شێوەی هەڕەمەکی کاردەکرێت و ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگە[١].

٥- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پیادەکردنی مافە سیاسییەکان: لە ڕێگەی پارتە سیاسییەکانەوە تاکەکان دەتوانن مومارەسەی مافە سیاسییەکانی خۆیان بکەن[٢].

٦- پارتە سیاسییەکان کادری بەتوانا و شارەزا دەستنیشان دەکەن تا بتوانن بەشدار بن لە ناوەندەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە سەرنجی جەماوەر رابکێشن.

٧- پەیوەندی و بەستنەوەی نێوان حکومەت و کۆمەڵگە بە مەبەستی چەسپاندنی ئەو پرسە گشتیانەی لە کاتی دانانی سیاسەتی گشتی دەخرێتەڕوو بۆ دروستکردنی رایگشتی لە سەر بابەتەکە[٣].

**پێنجەم: ئەرکی پارتی سیاسی لە سیستمی فرە حزبیدا**

بەشێک لە کۆمەڵگە جیهانییەکان، هەوڵدەدەن هەنگاو بەرەو سیستمێکی فرە حزبی بنێن و هەرێمی کوردستانیش کە زیاتر لەسەر سیستمی فرە حزبی بنیات نراوە و بەشداری پارتەکان لە حکومەتدا فراوانتر بووە، هەر بۆیە پێویستە بزانرێت ئەرکی پارتە سیاسییەکان لە سیستمی فرە حزبیدا چیە[٤].

---

[١] - علي الدين هلال دسوقي، اتجاهات حديثة في علم السياسة، القاهرة، المجلس الأعلى للجامعات، ١٩٩٩ص ١٨٣.

[٢] - نبيلة عبد الحليم كامل، الأحزاب السياسية في العالم المعاصر، القاهرة ، دار الفكر العربى للطباعة والنشر ،١٩٨٢ص٩٥-٩٦.

[٣] - أحمد ناصوري، ياسر سمرة، دور الأحزاب في صنع السياسة العامة، ***مجلة جامعة تشرين*** للبحوث والدراسات العلمية- سلسلة العلوم الاقتصادية والقانونية، لبنان، المجلد ٣٧، ع٢، ٢٠١٥، ص٣٧٧-٣٧٨.

[٤] - ڕێبوار كريم محمود، سەرچاوەی پێشوو،ل١١٩،١١٦.

١- بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگەدا: بەو پێیەی یەکێک لە غەریزە سەرەکییەکانی مرۆڤ بە ئەندام بوونیانە لە پارتە سیاسییەکاندا، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگەش لایەنگریان بۆ پارتێکی سیاسی هەیە، پارتی سیاسی یەکێک لە سەرەکیترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیە، هەروەها ڕێگەی ململانێی تاکەکانی کۆمەڵگە، ململانێیی توندوتیژ و ململانێی ئاشتیانەیە، کە ململانێی ئاشتیانە باشترین ڕێگەی ململانێیە کە پارتی سیاسی دەیگرێتەبەر بۆ دوورخستنەوەی تاکەکان لە ململانێی توندوتیژ، پارتی سیاسی چەند تایبەتمەندییەک لەخۆ دەگرێت بۆ ئیدارەی ململانێ سیاسییەکان لە (چۆنێتی سەرکردایەتی پارتەکان، فراوانی بنکەی جەماوەری پارتی سیاسی، سروشتی پەیوەندی ئەو پارتانە بە پێکهاتە و دامەزراوەکانی حکومەتەوە).

٢- دابینکردنی ئازادییە گشتییەکان: فرەحزبی لە بناغەدا لەسەر بوونی فرە بۆچوونی بنیات دەنرێت، کاتێک کەسێک دەبێتە ئەندام یان لایەنگری پارتێک لەسەر بنچینەی لایەنگریان بۆ بۆچوونەکانی ئەو پارتە دەبنە ئەندام و دواتر دەیانەوێت پارێزگاری لە بۆچوونەکانیان بکەن، شێوازی پارێزگاری لەو بۆچوونانە تەنها لە سیستمی فرە حزبیدا دەستەبەر دەبێت.

٣- فراوانکردنی بنکەی بەشداری سیاسی: بەو پێیەی یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی پارتی سیاسی لە سیستمی فرەحزبیدا هاندانی هاوولاتیانە لەسەر بەشداری سیاسی و پێشخستنی سیاسیانەی کۆمەڵگە، ئەمەش لە زۆر حاڵەتدا بە ئەندامێتی، یان لایەنگری بۆ پارتێکی سیاسی دێتەدی.

٤- نوێگەری و گەشەپێدانی سیاسی: پارتی سیاسی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە گۆڕینی بارودۆخێکی دواکوتووی کۆمەڵگە، کە لەسەر بوونی دامەزراوەکان بنیات دەنرێن و هەر یەک لەم دامەزراوانەش ئەرک و ڕۆڵی خۆی پێدەدرێت(١).

٥- پەرەپێدانی کاری سیاسی: لە پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی کۆمەڵگەدا پارتە سیاسییەکان هۆکاری گرنگی پەرەپێدانی سیاسین، پەرەپێدانی سیاسی کە پرۆسەیەکی کورتخایەنە و پارتی سیاسی ئامادەسازی بۆ دەکات لەپێناو گەشەپێدانی سیاسیدا(٢).

٦- گەرەنتی دابینکردنی چاودێری گەل: سیستمی فرەحزبی گەرەنتی چاودێری ئۆپۆزسیۆن دەکات بۆ کاروبارەکانی حکومەت، ئەمەش واتە گەل چاودێری کاروباری دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکات، کە دەتوانێت خاڵە لاوازەکانی حکومەت بخاتەڕوو(١).

---

[١] - نور الدين حاروش، الأحزاب السياسية، مصر، دار الامة للطباعة والنشر والتوزيع ، ٢٠٠٩، ص ١١٤.

[٢] - فيليب برو، علم الإجتماع السياسي، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، ١٩٩٨، ص٣٧٥.

٧- گەرەنتی ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات: یەکێک لەپایە گرنگەکانی دیموکراسی پرۆسەی ئاشتیانەی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتە، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنە گشتییەکانەوە دیاری دەکرێت.

٨- دابینکردنی شەرعیەتی سیاسی: شەرعیەت واتە پێکهاتەی دەستووری قبوڵکراو لە کۆمەڵگەدا و ئەو سەرچاوەیەیە کە حکومەت دەسەڵاتی خۆی لێوە وەردەگرێت(٢).

٩-بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان جەماوەر و دەسەڵات: مادام لایەنە سیاسییەکان ئامانجیان کۆکردنەوەی خواست و بەرژەوەندییەکانی جەماوەرە، یان لانی کەم بەرژەوەندی هەندێک سێگمێنت، هەوڵ دەدەن ئەو خواست و بەرژەوەندیانە بگوازنەوە بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی گشتی بۆ بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و ئاراستەکردنی دەسەڵاتی سیاسی[٣].

---

[١] – سعاد الشرقاوي، الأحزاب السياسية: أهميتها، نشأتها، نشاطها ـالقاهرة: مجلس الشعب، ٢٠٠٥، ص ٢٧.

[٢] – علي الدين هلال سوقي، اتجاهات حديثة في علم السياسة،، القاهرة، المجلس الأعلى للجامعات، ١٩٩٩، ص١٨٣.

٣ – علي خليفة الكواري (وآخرون)، الديمقراطية داخل الاحزاب في البلدان العربية. ط١، بيروت،مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٤، ص ٢٩.

# بەشی سێیەم

## چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

## خستنەڕووی وەڵامی فۆڕمی راپرسی تایبەت بە هەر سێ پارتە سیاسییەکەی بەشدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بەشی سێیەم

## چواچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

## خستنەڕووی وەڵامی فۆڕمی راپرسی تایبەت بە هەر سێ پارتە سیاسییەکەی بەشدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم بەشەی کۆتایی توێژینەوەکە، تەرخانکراوە بۆ وەڵام و زانیاری فۆڕمی راپرسی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە.

توێژەر لە رێگەی (٢٤٠ ) فۆڕمە کە دابەش کراوە بە سەر کادرانی مەکتەب و ژوورەکانی (رێکخستن، ڕێکخراوەکان، پەیوەندییە ناوخۆی دەرەکییەکان، راگەیاندن، هەڵبژاردن، بیر و هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران)ی هەر سێ پارتە سیاسییەکەی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان).

دواتر لە کۆی (٢٤٠) فۆڕمی دابەشکراو (٢١١) فۆڕم گەڕاوەتەوە، لە سەرجەم فۆڕمە دابەشکراوەکان، هەروەها (١٣) فۆڕم لەبەر نەبوونی مەرجی زانستی تیایاندا دوورخرانەوە، بەو جۆرە (١٩٨) فۆڕمی راپرسی دروستی کادران ماوەتەوە لە کۆی فۆڕمە دابەشکراوەکان بەسەر کادرانی پارتە سیاسییەکاندا.

توێژەر بەشێوەیەکی ورد و زانستی وەڵام و زانیارییەکان بە شێوەیەکی ئاماری لە چوارچێوەی (٢٣)خشتەدا خستۆتەڕوو.

## تەوەری یەکەم/ زانیارییە تایبەتەکانی بەرتوێژان

### ـ رەگەزی بەرتوێژان لە پارتە سیاسییەکاندا:

رەگەزی کادرانی پارتە سیاسییەکان ڕووندەکاتەوە و بەرزترین ئاستی رەگەز بریتییە لە رەگەزی (نێر) دەکاتە (٧٩,٨٠٪) بە ئاستی یەکەم هەژمار دەکرێت لە کاتێکدا رەگەزی مێ بە رێژەی (٢٠,٢٠٪) بە ئاستی دووەم دادەندرێت.

ئەمەش ئەوراستیە دەردەخات کە رێژەی بەشداربووانی رەگەزی مێ لە ئاستی پێویستدا نیە و دەرفەت نەڕەخساوە بە شێوەی پێویست رەگەزی مێ بەشداربن لە ناو پارتە سیاسیەکاندا، کە دەتوانرێت ئەمەش بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بگەڕێتەوە کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا رەگەزی مێ بڕیار و ئارەزوەکانیان بەدەست رەگەزی بەرامبەرەوەیە و رەگەزی بەرامبەریش نەیویستووە دەستبەرداری دەسەڵاتە بەدەستهاتووەکانی بێت، کە لە زۆربەی ململانیەکانی کادرانی پارتە سیاسسەکان بۆ پۆست و پلە جیاوازەکان لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە سیستەمی کۆتا دەستەبەر کراوە تا رەگەزی مێ بەشداری پێ بکەن لە بەڕێوەبردنی پارتە سیاسیەکاندا، ئەمەش بەس نیە پێویست بە دورستبوونی باوەڕ لە ناو کادران و دەسەڵاتدارانی پارتە سیاسییەکان بەرامبەر بە توانا و شارەزاییەکانی رەگەزی مێ لە ناو پارتە سیاسییەکاندا.

### ـتەمەنی بەرتوێژان لە پارتە سیاسییەکاندا:

بەرزترین ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی (٤٨ و بەرەوسەر) کە بە ئاستی یەکەم دادەندرێت بە رێژەی (٤١,٩١٪) هەروەها ئاستی دووەم لە تەمەن بریتییە لە تەمەنی نێوان (٣٨ـ٤٧) کە رێژەی (٢٨,٣٩٪) لە کاتێکدا ئاستی تەمەنی (٢٨ـ٣٧) بە ئاستی سێیەم دادەندرێت و بەرێژەی (٢٢,٢٢٪) هەروەها نزمترین ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی (١٨-٢٧) بەڕێژەی (٧,٥٨٪)ە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە رێژەی کادران لە پارتە سیاسییەکاندا کەسانی هەڵکشاون لە تەمەندا و دەرفەتی گونجاو بۆ گەنجان و لاوان بە پێی پێویست نەڕەخساوە، کە پێویستە دەرفەتی زیاتر برەخسێنرێت، ئەمەش لەکاتێکدایە گەنجان و لاوان توانا و ووزەیەکی زۆریان هەیە بۆ کارکردن و ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵگە پهێکدەهێنن، بەڵام وەک پێویست لەناو پارتە سیاسییەکاندا بەشداریان پێنەکراوە.

**ـ ئاستی خوێندنی بەرتوێژان لە پارتە سیاسییەکاندا:**

بەرزترین ئاستی خوێندن بریتییە لە (بەکالۆریۆس) کە بە ئاستی یەکەم دادەنرێت بە ڕێژەی (٥٤,٤٪)، هەروەها ئاستی دووەمی خوێندن بریتییە (دبلۆم) بە ڕێژەی (١٩,٢٪)، لە کاتێکدا ئاستی خوێندنی (ئامادەیی) بە ئاستی سێیەم دادەندرێت و بە ڕێژەی (١٤,١٤٪)، هەروەها ئاستی (ماستەر) بە پلەی چوارەم و بە ڕێژەی (١٠,١٠٪)، ئاستی (دکتۆرا) بە پلەی پێنجەم و بەڕێژەی (٢,٠٪) دێت، هەروەها نزمترین ئاستی خوێندن بریتییە لە (نەخوێندەوار) بە ڕێژەی (٠,٥١٪).

ئەم ئەنجامانە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کاری پارتە سیاسیەکان بەڕێوەدەبەن کەسانی خاوەن بڕوانامەن، بەڵام خاوەن بڕوانامەی خوێندنی باڵا لە پارتەکاندا وەک پێویست نین، پێویستە لەناو پارتە سیاسییەکاندا کەسانی پسپۆڕی جیاواز بەشدارییان پێبکرێت و ئەرکیان پێبسپێردرێت تا بتوانن باشتر سەرنجی جەماوەر بەلای پارتەکەیاندا رابکێشن، چونکە لەم سەردەمەدا کۆمەڵگە لە پێشکەووتن و گەشەکردنی پرۆسەی خوێندن و خوێندنی باڵادایە، بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان پێشڕەوی کۆمەڵگەبن پێویستە کادەرەکانیان کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بن.

**ـ بواری  پسپۆڕی خوێندنی بەرتوێژان لە پارتە سیاسییەکان:**

بەرزترین ئاستی بواری  پسپۆڕی خوێندن بریتییە لە (زانست) کە بە ئاستی یەکەم دادەندرێت بە ڕێژەی (٢٣,٢٣٪)، هەروەها ئاستی  دووەمی بواری  پسپۆڕی خوێندن بریتییە لە (ڕاگەیاندن) کە ڕێژەی (١٧,٦٨٪) لە کاتێکدا ئاستی بواری  پسپۆڕی خوێندنی (زمان) بە ئاستی سێیەم دادەندرێت بە ڕێژەی (١٦,٦٧٪)، هەروەها نزمترین ئاستی  بواری  پسپۆڕی خوێندن بریتییە لە (سەربازی) بە ڕێژەی (١,٠١٪).

لەم خشتەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە لە پسپۆڕی جیاواز پێکهاتوون لە بەڕێوەبردنی پارتە سیاسیەکاندا، هەرچەندە پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا بەدی ناکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پارتە سیاسییەکان نەیانتوانییوە کادران لەو بوارەدا پێبگەیەنن و دەرفەتیان بۆ برەخسێنن کە بەشداربن لە بەڕێوەبردنی کارکردنی پارتە سیاسییەکاندا.

**ــ پلەی حزبی بەرتوێژان لە پارتە سیاسییەکاندا:**

بەرزترین ئاستی پلەی حزبی بریتییە لە (ئەندامی مەکتەب) کە بە ئاستی یەکەم دادەندرێت بە ڕێژەی (٥٥,٥٦٪)، هەروەها ئاستی دووەم ئاستی پلەی حزبی بریتییە (کادر) کە ڕێژەی (٢٥,٦٧٪)، لە کاتێکدا ئاستی پلەی حزبی (ئەندامی ژوور) بە ئاستی سێیەم دادەندرێت و بەڕێژەی (١٠,٦١٪)، هەروەها ئاستی چوارەم ئاستی پلەی حزبی بریتییە (ئەندامی مەڵبەند) کە ڕێژەی (٥,٠٥٪)، هەروەها نزمترین ئاستی پلەی حزبی بریتییە لە (ئەندامی لق) بەڕێژەی (٣,٠٣٪).

دەردەکەوێت کە پێکهاتەی مەکتەب و ژوورەکانی پارتە سیاسییەکان کادرانیان بە پلەی جیاواز کاردەن کە کارکردنی هەریەکەیان جیاوازە، بەو پێیەی کاری ژوور و مەکتەبەکان لە ناو پارتە سییاسییەکاندا بنچینەی بنەڕتی پارتەکانن و بەشێکی گرنگن لە داڕشتنەوەی کاری پارتە سیاسییەکان، ئەندامانی مەکتەب و ئەندامانی ژوور زۆرینەی بەرتوێژانن کە ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، هەروەها ئەندامانی ژوور و مەکتەبەکان هەڵسوڕێنەر و داڕێژەری ژوور و مەکتەبەکانن و بەشدار و جێبەجێکاری پلان و بەرنامەکانی پارتە سیاسییەکانن کە کاری هەر یەکەیان دیاری کراوە.

**ــ ئەزموونی کارکردنی سیاسی بەرتوێژان لە پارتە سیاسییەکاندا:**

بەرزترین ئاستی ئەزموونی کارکردنی سیاسی بریتییە لە (١١ ساڵ و زیاتر) کە بە ئاستی یەکەم دادەندرێت بە ڕێژەی (٧٥,٨٦٪)، هەروەها ئاستی دووەم ئاستی ئەزموونی کارکردنی سیاسی بریتییە (٦ – ١٠ ساڵ) بە ڕێژەی (١٤,٦٥٪)، لە کاتێکدا ئاستی ئەزموونی کارکردنی سیاسی (١ – ٥ ساڵ) بە ئاستی سێیەم دادەندرێت و بە ڕێژەی (٦,٥٧٪)، هەروەها نزمترین ئاستی ئەزموونی کارکردنی سیاسی بریتییە لە (کەمتر لە یەک ساڵ) بە ڕێژەی (٣,٠٣٪).

بەگوێرەی خشتەکە دەردەکەوێت ئەوانەی ئەزموونی سیاسییان لە پارتە سیاسییەکان هەیە زیاتر لە (١١) ساڵە لە پارتەکانیان کاردەکەن، لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە پارتەکاندا ئەزموونی کارکردن بنچینەیە بۆ چوونە پێشەوەی کادران لە پارتە سیاسییەکاندا، پێویستە لە پاڵ ئەزموونی کارکردندا دەرفەتی زیاتر بڕەخسایە تا کەسانی نوێ و بیری نوێ ئەرکیان پێ بسپێردرێت لە ناو پارتەکاندا، چونکە کەسانی نوێ و بیری نوێ هاوتەریب لەگەڵ کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزادا هۆکارێکی گرنگن بۆ بەرەوپێشبردنی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا.

خشتەی (١)

**تایبەتمەندیە کەسیەکانی بەرتوێژوان روون دەکاتەوە.**

| زانیارییە تایبەتەکانی بەرتوێژان | | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٥٨ | ٧٩,٨ | ١ |
| | مێ | ٤٠ | ٢٠,٢ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ١٩٨ | ١٠٠ | |
| تەمەن | ١٨–٢٧ | ١٥ | ٧,٦ | ٤ |
| | ٢٨–٣٧ | ٤٤ | ٢٢٠٢ | ٣ |
| | ٣٨–٤٧ | ٥٦ | ٢٨,٣ | ٢ |
| | ٤٨ و بەرەوسەر | ٨٣ | ٤١,٩ | ١ |
| | کۆی گشتی | ١٩٨ | ١٠٠ | |
| بڕوانامە | نەخوێندەوار | ١ | ٠,٥ | ٦ |
| | ئامادەی | ٢٨ | ١٤,٢ | ٣ |
| | دبلۆم | ٣٨ | ١٩,٢ | ٢ |
| | بەکالۆریۆس | ١٠٧ | ٥٤ | ١ |
| | ماستەر | ٢٠ | ١٠,١ | ٤ |
| | دکتۆرا | ٤ | ٢ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ١٩٨ | ١٠٠ | |
| پسپۆڕی | ڕاگەیاندن | ٣٥ | ١٧,٧ | ٢ |
| | زانست | ٤٦ | ٢٣,٢ | ١ |
| | نیە | ٢٩ | ١٤,٦ | ٤ |
| | ئەندازیاری | ١٢ | ٦,١ | ٧ |
| | پزیشک | ٣ | ١,٥ | ٨ |
| | یاسا | ١٦ | ٨,١ | ٦ |
| | کارگێڕی کار | ٢٢ | ١١,١ | ٥ |
| | زمان | ٣٣ | ١٦,٧ | ٣ |
| | سەربازیی | ٢ | ١,٠ | ٩ |
| | کۆی گشتی | ١٩٨ | ١٠٠ | |
| ئەزموون | کەمتر لە یەک ساڵ | ٦ | ٣ | ٤ |
| | ١ – ٥ ساڵ | ١٣ | ٦,٦ | ٣ |
| | ٦ – ١٠ ساڵ | ٢٩ | ١٤,٦ | ٢ |
| | ١١ ساڵ و زیاتر | ١٥٠ | ٧٥,٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ١٩٨ | ١٠٠ | |

**تەوەری دووەم : پرسیارە تایبەتمەندەکانی توێژینەوەکە سەبارەت بە ئامانج و ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا.**

**١- ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا:**

خشتەی(٢)دەریدەخات بە پێی ئەو ئەنجامەی بەدەستهاتووە دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە (ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتاندا ) بریتییە لە ئامانجی (رووبەڕووبوونەوەی دەنگۆ و پڕوپاگەندە نەرێنییەکان بەرامبەر بە پارتەکە)، دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە (٢,٤٣) و بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر)، لادانی پێوەری بریتییە (٠,٥٦) گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٨١,١٤٪) لە کاتێکدا بەڕێژەی وەڵام دانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٤٦,٩٧٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٩,٤٩٪) و (هەرگیز) بریتییە لە (٣,٥٤٪).

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە (ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتاندا) بریتییە لە ئامانجی (پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لەناو خەڵکدا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٣٤) و بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار) لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦٨)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٧,٩٥٪) لە کاتێکدا بەڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٤٥,٩٦٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤١,٩٢٪) و (هەرگیز) بریتییە لە (١٢,١٢٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئاستی تایبەت بەم تەوەرە (پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتاندا، تاکو چەند کار بۆ ئامانجانی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەی بریتییە لە (٢,٣٩)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر) لادانی پێوەری بریتییە (٠,٥٩)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٩,٧٨٪) لە کاتێکدا بە ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٤٥,٦٦٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٨,٦٩٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٥,٦٦٪).

ئەم ئەنجامانەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆر کار لەسەر ئامانجی پارتە سیاسییەکان دەکەن، بەڵام تایبەت بە ئامانجی (پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لەناو خەڵکدا) لە لایەن پارتەکانەوە وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە، ئەمەش لە کاتێکدایە بیر و باوەڕی نەتەوەیی و نیشتمان بۆ پارتە سیاسییە کوردییەکان لە پێشینەی کارەکانی پارتە سیاسییەکاندایە، چونکە کۆمەڵگە زیاتر بیری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بەسەریدا زاڵە، پێویستە پارتە سیاسییەکان زیاتر

جەخت لەسەر ئەو تەوەرە بکەن، هەرچەندە پارتە سیاسییەکان زیاتر پشتیان بەستووە بە رووبەڕووبوونەوەی ئەو دەنگۆ و باسانەی کە رووبەڕووی پارتەکەیان دەبنەوە، هاوکات کارکردن لەسەر درووستکردنی کاریگەریی ئەرێنی بەرامبەر بە بەرنامەی پارتەکە زیاتر گرنگی پێدراوە لە ناو پارتە سیاسییەکاندا.

وە تایبەت بە ئامانجی (بازاڕکاری بەرنامەکانی هەڵبژاردنی تایبەت بە پارتەکەتان) کە لە لایەن بەرتوێژانەوە وەڵام دراوەتە لە نێوان (هەرگیز و هەندێک جار و زۆر)دا زۆرترین وەڵام دانەوەی (هەندێک جارە) لە کاتێکدا پێویستە پارتە سیاسییەکان زیاتر کار لەسەر ئەم ئامانجە بکە تا کارەکانی پارتەکەیان بۆ بازاڕکاری بەرنامەکانی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن.

خشتەی (٢)

ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسیەکاندا روون دەکاتەوە

| ئامانج | زور | هەندێک جار | هەرگیز | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی رێژەیی | ئەنجام | ریزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| بنیاتنانی وێنەیەکی زەینی باش بۆ پارتەکە | ٩١ | ١٠٢ | ٥ | ٢,٤١ | ٠,٥٥ | ٨٠,٣٣ | زۆر | ٣ |
| | ٤٥,٩٦ | ٥١,٥٢ | ٢,٥٣ | | | | | |
| دروستکردنی کاریگەرییەکی ئەرێنی گشتی بەرامبەر بە بەرنامەی پارتەکەتان | ٩٢ | ٩٩ | ٧ | ٢,٤٢ | ٠,٥٦ | ٨٠,٦٧ | زۆر | ٢ |
| | ٤٦,٤٦ | ٥٠,٠٠ | ٣,٥٤ | | | | | |
| پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لەناو خەڵکدا | ٩١ | ٨٣ | ٢٤ | ٢,٣٤ | ٠,٦٨ | ٧٧,٩٥ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٤٥,٩٦ | ٤١,٩٢ | ١٢,١٢ | | | | | |
| بازاڕکاری بەرنامەکانی هەڵبژاردنی تایبەت بە پارتەکەتان | ٨٥ | ١٠٠ | ١٣ | ٢,٣٦ | ٠,٦٠ | ٧٨,٧٩ | زۆر | ٤ |
| | ٤٢,٩٣ | ٥٠,٥١ | ٦,٥٧ | | | | | |
| رووبەڕووبوونەوەی دەنگۆ و پروپاگەندە نەرێنییەکان بەرامبەر بە پارتەکەتان. | ٩٣ | ٩٨ | ٧ | ٢,٤٣ | ٠,٥٦ | ٨١,١٤ | زۆر | ١ |
| | ٤٦,٩٧ | ٤٩,٤٩ | ٣,٥٤ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٥٢ | ٤٨٢ | ٥٦ | ٢,٣٩ | ٠,٥٩ | ٧٩,٧٨ | زۆر | |
| | ٤٥,٦٦ | ٤٨,٦٩ | ٥,٦٦ | | | | | |

**٢- ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا:**

خشتەی(٣) دەریدەخات بە پێی ئەو ئەنجامەی بەدەستهاتووە تایبەتە بە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا، ئەرکی (میدیایی)لە ریزبەندی یەکەمدایە و دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەی بریتییە لە (٢,٤٣)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر)، لادانی پێوەری بریتییە (٠,٥٦)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٨١,١٤٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٤٥,٤٥٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٢,٥٣٪) (هەرگیز) بریتییە لە (٢,٠٢٪) .

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە ئەرکەکان کە (پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتاندا، تا چەند ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات) کە بریتییە لە ئەرکی (هەڵسەنگاندن) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەی بریتییە لە (٢,٠٥)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار) و لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٢)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٦٨,٣٥٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٢١,٧٢٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٦١,٦٢٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٦,٦٧٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئاستی تایبەت بە(ئەرکەکان پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتاندا) لە وەڵامی بەرتوێژانەوە دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢١)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار) و لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦١) و گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٧٣,٥٤٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٣١,٥٧٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٧,٤٩٪) و (هەرگیز) بریتییە لە (١٠,٩٤٪).

ئەمەش ئەوە روونەکاتەوە کە پارتە سیاسییەکان وەک پێویست ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان بەرجەستە ناکەن لە کاری پارتە سیاسییەکاندا، هەندێک جار کار لەسەر ئەرکی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری) دەکات، لە کاتێکدا ئەم ئەرکانە بنچینەی کاری پارتە سیاسییەکانن بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردنیانی کاری سیاسی لە کۆمەڵگەدا، سەرکەووتنی هەر پارتێک بەبێ کارکردن لەسەر ئەم ئەرکانە سەرکەوتنیان مەحاڵە، ئەگەر سەیری ئەرکەکانی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری)بکەین هەر یەکەیان گرنگی و کاریگەری ئەرێنی ئەبێت لەکاتی جێبەجێکردنیان لە کاری پارتە سیاسییەکاندا تا سەرکەوتن و گەشەشەکردنی پارتەسیاسییەکان بەدیبێت، هەرچەندە ئەرکی میدیای لە چوارچێوەی ئەرکەکاندا لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە گرنگی

زیاتری پێبدراوە، کە یەک ئەرکە لە کۆی شەش ئەرکی بنچینەی پەیوەندییە گشتییەکان و ئەرکی میدیایش لەدوای ئەرکەکانی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری) دێت، ئەگەر ئەم ئەرکانەش بەشێوەیەکی زۆر باش کاری لەسەر نەکرێت ئەرکی میدیایش ناتوانرێت وەک پێویست ئامانج و ئەرکی پارتە سیاسییەکان بەدەستبهێنێت بۆ پارتە سیاسییەکان.

خشتەی (٣)

روونی دەکاتەوە پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتاندا،تاوەکو چەند ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات

| ئەرکەکان | | زور | هەندێک جار | هەرگیز | Mean<br>ناوەندە ژمێرە | S.D<br>لادانی پێوەری | ٪RI<br>گرنگی ڕێژەیی | Results<br>ئەنجام | Sort<br>ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | ژ | ژ | | | | | |
| | | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| میدیایی (الوظیفه الاعلامیه) | ژ | ٩٠ | ١٠٤ | ٤ | ٢,٤٣ | ٠,٥٤ | ٨١,١٤ | زۆر | ١ |
| | ٪ | ٤٥,٤٥ | ٥٢,٥٣ | ٢,٠٢ | | | | | |
| لێکدانەوە (الوظیفه التفسیریه) | ژ | ٥٨ | ١١٥ | ٢٥ | ٢,١٧ | ٠,٦٣ | ٧٢,٢٢ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٪ | ٢٩,٢٩ | ٥٨,٠٨ | ١٢,٦٣ | | | | | |
| قایلکردن (الوظیفه الاقناعیه) | ژ | ٥٣ | ١٢٢ | ٢٣ | ٢,١٥ | ٠,٦٠ | ٧١,٧٢ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٪ | ٢٦,٧٧ | ٦١,٦٢ | ١١,٦٢ | | | | | |
| هەڵسەنگاندن (الوظیفه التقیمیه) | ژ | ٤٣ | ١٢٢ | ٣٣ | ٢,٠٥ | ٠,٦٢ | ٦٨,٣٥ | هەندێک جار | ٦ |
| | ٪ | ٢١,٧٢ | ٦١,٦٢ | ١٦,٦٧ | | | | | |
| دۆکۆمێنتاری (الوظیفه التوثیقیه) | ژ | ٥٦ | ١١٤ | ٢٨ | ٢,١٤ | ٠,٦٤ | ٧١,٣٨ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٪ | ٢٨,٢٨ | ٥٧,٥٨ | ١٤,١٤ | | | | | |
| ئاسانکاری (الوظیفیه التسهیلیه) | ژ | ٧٥ | ١٠٦ | ١٧ | ٢,٢٩ | ٠,٦٢ | ٧٦,٤٣ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٪ | ٣٧,٨٨ | ٥٣,٥٤ | ٨,٥٩ | | | | | |
| کۆی گشتی | ژ | ٣٧٥ | ٦٨٣ | ١٣٠ | ٢,٢١ | ٠,٦١ | ٧٣,٥٤ | هەندێک جار | |
| | ٪ | ٣١,٥٧ | ٥٧,٤٩ | ١٠,٩٤ | | | | | |

**تەوەری سێیەم/ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕگەری بۆ پارتە سیاسییەکان**

لەم تەوەرەدا توێژەر هەوڵی زانینی رادەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی دەدات، بەو واتایەی ئایە هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی بازارکاری سیاسی کام ئەرک زیاتر جەختی لەسەر کراوە:-

**١ – ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بازاڕی سیاسی:**

توێژەر هەوڵی زانینی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بازاڕی سیاسی دەدات لە پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسیدا.

خشتەی (٤) روونی دەکاتەوە کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا، زیاتر جەخت لەسەر بازاڕی سیاسی دەکات، دەرکەوتووە (ئەرکی میدیایی) بەرزترین ئاستی گرتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٥٩)، و بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر) ولادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٥٤)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٨٦,٢٠٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٦١,١١٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٣٦,٣٦٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٢,٥٣٪).

هەروەها ئەرکی دۆکیۆمێنتاری نزمترین ئاستی هێناوە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٠٥) و ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٥)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٦٨,٣٥٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٢٣,٧٤٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٧,٥٨٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٨,٦٩٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئاستی تایبەت بە پرسیاری (کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەتدا، زیاتر جەخت لەسەر بازاڕی سیاسی دەکات) دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢٦)، بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار) لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦٠) گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٧٥,٤٨٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٣٦,٠٣٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٤,٣٨٪) (هەرگیز) بریتییە لە (٩,٦٠٪).

بەشێوەیەکی گشتی روون دەبێتەوە کە ئاستی تایبەت بە بازاڕی سیاسی لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی کە کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لەپارتەکەتدا، زیاتر جەخت لەسەر بازاڕی سیاسی دەکات، دەرکەوتوە کە پارتە سیاسییەکان زیاتر ئەرکی میدیای

جێبەجێ دەکەن لە پێکهاتەی بازاڕی سیاسی پارتە سیاسییەکاندا، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەرکی میدیایی کۆتا ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانە و کە پێویستە پارتە سیاسییەکان بۆ بازاری سیاسی پارتە سیاسییەکان زیاتر کار لەسەر ئەرکی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری) بکەن، چونکە هەر یەکێک لەم ئەرکانە بەشێوەیەکی کاریگەر دەتوانێت ئاستی پارتەسیاسییەکان بەرەوپێش ببکات لە کۆمەڵگادا.

ئەگەر ئەرکی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری) بەشێوەیەکی زۆرباش کاری پێنەکرێت لە بازاڕی سیاسیدا، ئەوە ناتوانرێت ئەو پارتە بەشێوەیەکی دروست پەیامەکانیان ئاراستەی جەماوەر بکات لە کاتی پروپاگەندەی پارتەکەیاندا کە پارتەکە چی پەیامێک ئاڕاستەی جەماوەر بکات تا بتوانێت جەماوەر قایل بکات لەسەر ئەو پەیامەی کە هەڵیگرتووەو ئەیەوێت سەرنجیان بەلای پارتەکەیاندا رابکێشێت.

خشتەی (٤)

ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بازاڕی سیاسی روون دەکاتەوە

| ئەرکەکان | زور | هەندێک جار | هەرگیز | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| ئەرکی میدیایی | ١٢١ | ٧٢ | ٥ | ٢,٥٩ | ٠,٥٤ | ٨٦,٢٠ | زۆر | ١ |
| | ٦١,١١ | ٣٦,٣٦ | ٢,٥٣ | | | | | |
| ئەرکی لێکدانەوە | ٤٩ | ١٤١ | ٨ | ٢,٢١ | ٠,٥٠ | ٧٣,٥٧ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٢٤,٧٥ | ٧١,٢١ | ٤,٠٤ | | | | | |
| ئەرکی قایلکردن | ٦٨ | ١٠٦ | ٢٤ | ٢,٢٢ | ٠,٦٥ | ٧٤,٠٧ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٣٤,٣٤ | ٥٣,٥٤ | ١٢,١٢ | | | | | |
| ئەرکی هەڵسەنگاندن | ٦٢ | ١١٣ | ٢٣ | ٢,٢٠ | ٠,٦٣ | ٧٣,٢٣ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٣١,٣١ | ٥٧,٠٧ | ١١,٦٢ | | | | | |
| ئەرکی دۆکۆمێنتاری | ٤٧ | ١١٤ | ٣٧ | ٢,٠٥ | ٠,٦٥ | ٦٨,٣٥ | هەندێک جار | ٦ |
| | ٢٣,٧٤ | ٥٧,٥٨ | ١٨,٦٩ | | | | | |
| ئەرکی ئاسانکاری | ٨١ | ١٠٠ | ١٧ | ٢,٣٢ | ٠,٦٣ | ٧٧,٤٤ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٤٠,٩١ | ٥٠,٥١ | ٨,٥٩ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٢٨ | ٦٤٦ | ١١٤ | ٢,٢٦ | ٠,٦٠ | ٧٥,٤٨ | هەندێک جار | |
| | ٣٦,٠٣ | ٥٤,٣٨ | ٩,٦٠ | | | | | |

## ٢- گرنگی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەرهەمی سیاسی:

توێژەر هەوڵی زانینی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەرهەمی سیاسی دەدات وەک پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی.

خشتەی (٥) روونی دەکاتەوە کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لەپارتەکەتدا، زیاتر جەخت لەسەر بەرهەمی سیاسی دەکات، دەرکەوتووە بەرزترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی بریتییە لە پرسیاری (ئەرکی میدیایی) دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٦٤)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٥٤)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٨٨,٠٥٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٦٧,١٧٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٢٩,٨٠٪) و (هەرگیز) بریتییە لە (٣,٠٣٪).

هەروەها نزمترین ئاستی بریتییە لە پرسیاری (ئەرکی دۆکۆمێنتاری) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,١٥)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار) لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦٨)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧١,٥٥٪) لە کاتێکدا بەڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٣١,٣١٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٢,٠٢٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٦,٦٧٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بەرهەمی سیاسی دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢٩)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٣)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٦,٤٪)، لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٣٩,٩٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٩,٤١٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٠,٦٩٪).

دەگەینە ئەو ئەنجامەی تایبەت بە بەرهەمی سیاسی لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی کە کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لەپارتەکەتدا، زیاتر جەخت لەسەر بەرهەمی سیاسی دەکات، دەردەکەوێت کە پارتە سیاسییەکان زیاتر ئەرکی میدیای جێبەجێ دەکەن لە پێکهاتەی بەرهەمی سیاسی پارتە سیاسییەکاندا، ئەرکی میدیای گرنگی و کارگەری زۆری هەیە لەسەر بەرهەمی سیاسی پارتە سیاسییەکان لە رووی بەرنامەی سیاسیی پارتە سیاسییەکان و سەرکردەی سیاسییەکان و ئەو کادرە سیاسییانەی کە دەچنە نێو ململانیە سیاسییەکانەوە، تا بتوانێت سەرجەمیان بناسێندرێت و ئاشنایان بکەیت بە جەماوەر، بەڵام ئەم ئەرکە بەس نیە بۆ پارتە سیاسییەکان کە تاکە ئەرک بێت کاری لەسەر بکات، گرنگی ئەرکی میدیایی کاتێک

ئامانجەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت کە ئەرکەکانی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری) لە بەرهەمی سیاسیی پارتە سیاسییەکاندا بەشێوەیەکی زۆر باش ئەنجام درابێت، کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە ئەم ئەرکانە هەندێک جار جێبەجێدەکرێن لە پارتە سیاسییەکاندا.

ئەرکی دۆکیۆمێنتاری لە بەرهەمی سیاسیدا گرنگی زۆری هەیە بۆ ئەو بەرنامە و بڕیارانەی کە لەلایەن پارت و سەرکردەی پارتەکانەوە دەخرێتە ڕوو بەرامبەر ڕووداو و پێشهاتانەی کە ڕوودەدات لە کۆمەڵگەدا جا بۆ خودی پارتەکە بێت یان بەرامبەر بە پارتە ڕکابەرەکان، وە دەردەکەوێت کە پارتەکان کەمترین کات کاریان لەسەر ئەم ئەرکە کردووە.

خشتەی (٥)

ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەرهەمی سیاسی

| ئەرکەکان | زور | هەندێک جار | هەرگیز | Mean ناوەندە ژمێرە | S.D لادانی پیوەری | %RI گرنگی ڕێژەیی | Results ئەنجام | Sort ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | | | | | |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| ئەرکی میدیایی | ١٣٣ | ٥٩ | ٦ | ٢,٦٤ | ٠,٥٤ | ٨٨,٠٥ | زۆر | ١ |
| | ٦٧,١٧ | ٢٩,٨٠ | ٣,٠٣ | | | | | |
| ئەرکی لێکدانەوە | ٦٨ | ١١٤ | ١٦ | ٢,٢٦ | ٠,٦٠ | ٧٥,٤٢ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٣٤,٣٤ | ٥٧,٥٨ | ٨,٠٨ | | | | | |
| ئەرکی قایلکردن | ٦٧ | ١١١ | ٢٠ | ٢,٢٤ | ٠,٦٢ | ٧٤,٥٨ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٣٣,٨٤ | ٥٦,٠٦ | ١٠,١٠ | | | | | |
| ئەرکی هەڵسەنگاندن | ٦٣ | ١٠٤ | ٣١ | ٢,١٦ | ٠,٦٧ | ٧٢,٠٥ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٣١,٨٢ | ٥٢,٥٣ | ١٥,٦٦ | | | | | |
| ئەرکی دۆکۆمێنتاری | ٦٢ | ١٠٣ | ٣٣ | ٢,١٥ | ٠,٦٨ | ٧١,٥٥ | هەندێک جار | ٦ |
| | ٣١,٣١ | ٥٢,٠٢ | ١٦,٦٧ | | | | | |
| ئەرکی ئاسانکاری | ٨١ | ٩٦ | ٢١ | ٢,٣٠ | ٠,٦٥ | ٧٦,٧٧ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٤٠,٩١ | ٤٨,٤٨ | ١٠,٦١ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٧٤ | ٥٨٧ | ١٢٧ | ٢,٢٩ | ٠,٦٣ | ٧٦,٤٠ | هەندێک جار | |
| | ٣٩,٩٠ | ٤٩,٤١ | ١٠,٦٩ | | | | | |

### ٣- گرنگی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دامەزراوەی سیاسی

توێژەر هەوڵی زانینی رادەی گرنگی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دامەزراوەی سیاسی دەدات وەک پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی.
خشتەی (٦) روونی دەکاتەوە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە سیاسیدا دەرکەوتووە بەرزترین ئاستی بریتییە لە (ئەرکی میدیایی) کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٦١)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٥١)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٨٦,٨٧٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٦١,٦٢٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٣٧,٣٧٪) (هەرگیز) بریتییە لە (١,٠١٪)

هەروەها نزمترین ئاستی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە سیاسییەکاندا دەرکەوتووە (ئەرکی لێکدانەوە)یە و ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢١)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦٩)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٧٣,٦٧٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٣٢,٨٣٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٧,٥٨٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٩,٦٠٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە سیاسییەکاندا دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٣١)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٣)، گرنگی رێژەیەکەی بریتییە لە (٧٧,١٢٪) لە کاتێکدا بەرێژەی وەڵامدانەوەی (زور) بریتییە لە (٤١,٠٨٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٩,٥٨٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٩,٣٤٪).

ئەنجامەکان ئەوە ڕووندەکاتەوە تایبەت بە دامەزراوە سیاسی لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی کە کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لەپارتەکەتدا، زیاتر جەخت لەسەر دامەزراوە سیاسی دەکات، دەردەکەوێت کە پارتە سیاسییەکان زیاتر ئەرکی میدیای جێبەجێ دەکەن لە پێکهاتەی دامەزراوە سیاسی پارتە سیاسییەکاندا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەرکەکانی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری) لە دامەزراوە سیاسییەکاندا گرنگی زۆر هەیە بۆ پارتە ساسییەکان و بە گوێرەی وەڵامی بەرتوێژان پارتە سییاسییەکان گرنگی زۆریان پێنەداوە و هەندێک جار ئەو ئەرکانە جێبەجێدەکەن لە پێکهاتەی دامەزراوە سیاسییەکاندا.

ئەرکی لێکدانەوە کە یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئەرکانەی کە پارتی سیاسیی پێویستە بەردەوام بۆ دامەزراوە سیاسییەکانی بکات، بە گوێرەی وەڵامی بەرتوێژان بە ئاستێکی کەمتر لە چاو ئەرکەکانی تردا لە لایەن پارتەسیاسییەکانەوە ئەرکی لێکدانەوە جێبەجێ دەکرێت.

خشتەی (٦)

ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دامەزراوە سیاسی

| ئەرکەکان | زور | هەندێک جار | هەرگیز | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| ئەرکی میدیایی | ١٢٢ | ٧٤ | ٢ | ٢,٦١ | ٠,٥١ | ٨٦,٨٧ | زور | ١ |
| | ٦١,٦٢ | ٣٧,٣٧ | ١,٠١ | | | | | |
| ئەرکی لێکدانەوە | ٦٥ | ١١٤ | ١٩ | ٢,٢١ | ٠,٦٩ | ٧٣,٦٧ | هەندێک جار | ٦ |
| | ٣٢,٨٣ | ٥٧,٥٨ | ٩,٦٠ | | | | | |
| ئەرکی قایلکردن | ٨٣ | ٩٠ | ٢٥ | ٢,٢٩ | ٠,٦٨ | ٧٦,٤٣ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٤١,٩٢ | ٤٥,٤٥ | ١٢,٦٣ | | | | | |
| ئەرکی هەڵسەنگاندن | ٧٤ | ٩٦ | ٢٨ | ٢,٢٣ | ٠,٦٨ | ٧٤,٤١ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٣٧,٣٧ | ٤٨,٤٨ | ١٤,١٤ | | | | | |
| ئەرکی دۆکۆمێنتاری | ٦٧ | ١٠٨ | ٢٣ | ٢,٢٢ | ٠,٦٤ | ٧٤,٠٧ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٣٣,٨٤ | ٥٤,٥٥ | ١١,٦٢ | | | | | |
| ئەرکی ئاسانکاری | ٧٧ | ١٠٧ | ١٤ | ٢,٣٢ | ٠,٦٠ | ٧٧,٢٧ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٣٨,٨٩ | ٥٤,٠٤ | ٧,٠٧ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٨٨ | ٥٨٩ | ١١١ | ٢,٣١ | ٠,٦٣ | ٧٧,١٢ | هەندێک جار | |
| | ٤١,٠٨ | ٤٩,٥٨ | ٩,٣٤ | | | | | |

**٤- گرنگی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئامڕازەکانی بەکاهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری.**

توێژەر هەوڵی زانینی رادەی گرنگی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئامڕازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری دەدات وەک پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی.

خشتەی (٧) روونی دەکاتەوە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر ئامڕازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری بەرزترین ئاستی تایبەت بە (ئەرکی میدیایی) دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٦٤)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٥٤)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٨٨,٠٥٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٦٧,١٧٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٢٩,٨٠٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٣,٠٣٪).

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر ئامڕازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری (ئەرکی هەڵسەنگاندن) ە، دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە (٢,١٥)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٥)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧١,٥٥٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٢٩,٢٩٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٦,٠٦٪) (هەرگیز) بریتییە لە (١٤,٦٥٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر ئامڕازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢٧)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٤)، گرنگی ڕێژەیەکەی بریتییە لە (٧٥,٧٩٪) لە کاتێکدا بەڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٣٨,٩٧٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٩٠٤١٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١١,٦٢٪).

ئەنجامەکان ئەوە ڕووندەکاتەوە تایبەت بە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی بۆ ئامرازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری کە کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لەپارتەکەتدا، زیاتر جەخت لەسەر ئامرازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری دەکات، دەردەکەوێت کە پارتە سیاسییەکان زیاتر ئەرکی میدیای جێبەجێ دەکەن لە پێکهاتەی ئامرازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری پارتە سیاسییەکاندا، لە کاتێکدا کە پارتە سیاسییەکان کە بیانەوێت پەیامێکی پارتەکەیان بگەیەنن بە جەماوەر پێویستە پێشتر کاری تەواوەتیان لەسەر ئەرکەکانی تری پەیوەندییە گشتییەکان کردبێت کە ئەرکەکانی (لێکدانەوە و قایلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاری و ئاسانکاری) ین، تا بتوانن متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنن و کارگەریان لەسەر دروست بکەن.

ئەرکی هەڵسەنگاندن کە لەلایەن بەرتوێژانەوە وەڵام دراوەتەوە کە لەدوای سەرجەم ئەرکەکانی تری پەیوەندییە گستییەکان لە پارتە سیاسییەکانەوە جێبەجێدەکرێت، یەکێکە لە

گرنگترین ئەو ئەرکانەی لە کاتی پەیوەندیکردنی جەماوەرە دەبێت رەچاو بکرێت کە ئایە بە چ شێوازێک و بە چ ئامرازێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی پەیوەندیان ئاراستە بکرێت، چونکە جەماوەری پارتە سیاسییەکان تەمەن و کلتور و ئاستی خوێندنیان جیاوەزە، هەر ئەو جیاوازیانەش هۆکارێکن بۆ ئەوەی ئامارازی جیاواز دەستنیشان بکرێت تا پەیامەکانیان ئاراستە بکەیت و بتوانیت کاریگەریان لەسەر دروست بکەیت و پەیامی پارتەکەیان ئاڕاستە بکەیت.

خشتەی (٧)

ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئامرازەکانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری.

| ئەرکەکان | زور | هەندێک جار | هەرگیز | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پیوەری | گرنگی رێژەیی | ئەنجام | ریزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| ئەرکی میدیایی | ١٣٣ | ٥٩ | ٦ | ٢,٦٤ | ٠,٥٤ | ٨٨,٠٥ | زۆر | ١ |
| | ٦٧,١٧ | ٢٩,٨٠ | ٣,٠٣ | | | | | |
| ئەرکی لێکدانەوە | ٥٨ | ١١٥ | ٢٥ | ٢,١٧ | ٠,٦٣ | ٧٢,٢٢ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٢٩,٢٩ | ٥٨,٠٨ | ١٢,٦٣ | | | | | |
| ئەرکی قایلکردن | ٧٧ | ٩٦ | ٢٥ | ٢,٢٦ | ٠,٦٧ | ٧٥,٤٢ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٣٨,٨٩ | ٤٨,٤٨ | ١٢,٦٣ | | | | | |
| ئەرکی هەڵسەنگاندن | ٥٨ | ١١١ | ٢٩ | ٢,١٥ | ٠,٦٥ | ٧١,٥٥ | هەندێک جار | ٦ |
| | ٢٩,٢٩ | ٥٦,٠٦ | ١٤,٦٥ | | | | | |
| ئەرکی دۆکۆمێنتاری | ٦٥ | ١٠٤ | ٢٩ | ٢,١٨ | ٠,٦٧ | ٧٢,٧٣ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٣٢,٨٣ | ٥٢,٥٣ | ١٤,٦٥ | | | | | |
| ئەرکی ئاسانکاری | ٧٢ | ١٠٢ | ٢٤ | ٢,٢٤ | ٠,٦٥ | ٧٤,٧٥ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٣٦,٣٦ | ٥١,٥٢ | ١٢,١٢ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٦٣ | ٥٨٧ | ١٣٨ | ٢,٢٧ | ٠,٦٤ | ٧٥,٧٩ | هەندێک جار | |
| | ٣٨,٩٧ | ٤٩,٤١ | ١١,٦٢ | | | | | |

**٥- گرنگی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ جەماوەر**

توێژەر هەوڵی زانینی رادەی گرنگی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ جەماوەر دەدات وەک پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی.

خشتەی (٨) روونی دەکاتەوە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر جەماوەر، دەرکەوتووە بەرزترین ئاست (ئەرکی میدیایی)یە دەرکەووتوە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە (٢,٦٦)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٥٣)، گرنگی رێژەیەکەی بریتییە لە (٨٨,٧٢٪) لە کاتێکدا بەرێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٦٩,١٩٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٢٧,٧٨٪) (هەرگیز) بریتییە لە (٣,٠٣٪).

هەروەها نزمترین ئاستی (ئەرکی دۆکۆمێنتاری) یە دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە (٢,٠٤)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦٧)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٦٨,٠١٪) لە کاتێکدا رێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٢٤,٢٤٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٥,٥٦٪) (هەرگیز) بریتییە لە (٢٠,٢٠٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر جەماوەر دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢٦)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٢)، گرنگی رێژەیەکەی بریتییە لە (٧٥,٤٥٪) لە کاتێکدا بەرێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر) بریتییە لە (٣٨,١٣٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٠,٠٨٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١١,٧٨٪).

ئەنجامەکان ئەوە روونده‌کاتەوە تایبەت بە پێکهاتەکانی بازاڕکاری سیاسی لە جەماوەردا کە کام ئەرک لەم ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان لەپارتەکەتدا، زیاتر جەخت لەسەر جەماوەر دەکات، دەردەکەوێت کە پارتە سیاسییەکان زیاتر ئەرکی میدیای جێبەجێ دەکەن لە پێکهاتەی جەماوەریی پارتە سیاسییەکاندا، لە کاتێکدا پارتی سیاسیی دەبێت بە بەردەوامی تەواوی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بەرامبەر بە جەماوەر جێبەجێ بکات، جونکە مانەوە و گەشەکردنی پارتی سیاسیی پەیوەستە بەو جەماوەرەی کە پارتە سیاسییەکان کاری لەسەر دەکەن.

جەماوەر بە هۆی جیاوازی دابەشبوونیان پێویستە پارتی سیاسی بە شێوەی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ بکات، بۆ هەر جەماوەرە و پەیام و مامەڵە جیاوازی هەبێت تا کاریگەریان لەسەر دروست بکات، کاتێک کە پارتی سیاسی تونیتی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ

جەماوەرەکەی بکات ئەوکات بە گوێرەی خواستەکانی جەماوەرەکە پەیام و بەرنامەی پارتەکەی ئاڕاستە دەکرێت، بە تایبەت ئەو جەماوەرانەی کە زۆرێک لە ڕێژەی دانیشتوان لە کۆمەڵگەدا پێکدەهێنن و خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە لەسەر هیچ یەک لە پارتەکان، بۆ ئەوەی ئەو جەماوەرانەش باشتر بۆ پارتی سیاسیی زانراوتربێت پێویستە زۆرێک لە رووە جیاوازەکانی جەماوەرت لە پارتەکەت دۆکیۆمێنت کردبێت، هەرجەندە بە پێی وەڵامی بەرتوێژان پارتە سیاسییەکان لەدوای سەرجەم ئەرکەکانی تری پەیوەندییەگشتییەکان ئەرکی دۆکیۆمێنیان جێبەجێ کردوە، کە گرنترین ئەرکە بۆ ناسینی جەماوەرەکەت لە رابرودا و کاریگەر خستنە سەری لە داهاتوودا.

خشتەی (٨)

دەرخستنی گرنگیدانی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ جەماوەر

| ئەرکەکان | زور | هەندێک جار | هەرگیز | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| ئەرکی میدیایی | ١٣٧ | ٥٥ | ٦ | ٢,٦٦ | ٠,٥٣ | ٨٨,٧٢ | زور | ١ |
| | ٦٩,١٩ | ٢٧,٧٨ | ٣,٠٣ | | | | | |
| ئەرکی لێکدانەوە | ٤٣ | ١٤٠ | ١٥ | ٢,١٤ | ٠,٥٢ | ٧١,٣٨ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٢١,٧٢ | ٧٠,٧١ | ٧,٥٨ | | | | | |
| ئەرکی ڤایلکردن | ٨٩ | ٨٦ | ٢٣ | ٢,٣٣ | ٠,٦٨ | ٧٧,٧٨ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٤٤,٩٥ | ٤٣,٤٣ | ١١,٦٢ | | | | | |
| ئەرکی هەڵسەنگاندن | ٥٤ | ١١٠ | ٣٤ | ٢,١٠ | ٠,٦٦ | ٧٠,٠٣ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٢٧,٢٧ | ٥٥,٥٦ | ١٧,١٧ | | | | | |
| ئەرکی دۆکۆمێنتاری | ٤٨ | ١١٠ | ٤٠ | ٢,٠٤ | ٠,٦٧ | ٦٨,٠١ | هەندێک جار | ٦ |
| | ٢٤,٢٤ | ٥٥,٥٦ | ٢٠,٢٠ | | | | | |
| ئەرکی ئاسانکاری | ٨٢ | ٩٤ | ٢٢ | ٢,٣٠ | ٠,٦٦ | ٧٦,٧٧ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٤١,٤١ | ٤٧,٤٧ | ١١,١١ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٥٣ | ٥٩٥ | ١٤٠ | ٢,٢٦ | ٠,٦٢ | ٧٥,٤٥ | هەندێک جار | |
| | ٣٨,١٣ | ٥٠,٠٨ | ١١,٧٨ | | | | | |

**تەوەری چوارەم: چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لە بازاڕکاریی سیاسیدا.**

لەم تەوەرەدا توێژەر هەوڵی زانینی جێبەجێکردنی ئەو چالاکیانەی کە هەر ئەرکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامی دەدات بە مەبەستی بازاڕکەری سیاسی بۆ پارتەکان، بەم شێوەی لای خوارەوە ڕووندەکەینەوە:

**١- ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاری سیاسیدا.**

خشتەی (٩) ڕوونی دەکاتەوە ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لەو پرسیارەی کە ئاڕاستەی بەرتوێژان کراوە (لە ڕێگەی میدیاوە، کەسایەتی و بەرنامە و سیاسەتی پارتەکەی ناساندووە) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٤٠)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٧٠)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٩,٩٧٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٥٢,٥٣٪)،، (هەندێک جار) بریتییە لە (٣٤.٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٢,٦٣٪).

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکەماندا) بریتییە لە پرسیاری (لە تایبەتمەندیی ئامڕازەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەر شارەزایە) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە (٢,١٠)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٧١) گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٠,٠٣٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٣٠,٣١٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٩,٤٩٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٢٠,٢٠٪).

ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢٨)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٩)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٦,١٦٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٤٢,٨٣٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٢,٨٣٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٤,٣٤٪).

بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئەنجامانە دەردەخات کە ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتیەکان لە پارتەکاندا)، هەندێک جار لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە

ئەنجام دراوە، بەشێوەیەک زۆرجار لەرێگەی میدیاوە کەسایەتی و بەرنامە و سیاسەتی پارتەکە و چالاکیی دامەزراوەکەی ناساندووە و تێگەیشتنی سەبارەت بە بازاڕی سیاسی دروستکردووە، بەڵام زۆرجار لە تایبەتمەندیی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە شارەزانین و هەندێک جار لەکاتی پەیوەندیکردن بە جەماوەر بەهۆی کەم شارەزاییان لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ناتوانن سود لە ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان وەربگرن و ئەر ئەمەش وایکردوە کەمتر بتوانرێت لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە جەماوەر و رایگشتی ئاراستە بکەن، کە زیاتر ئامانجی پارتە سیاسییەکان خۆی لەم خاڵەدا دەبینێتەوە.

خشتەی (٩)

ئەرکی میدیایی لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا

| ئەرکەکان | زۆر جار | هەندێک جار | کەم جار | Mean | S.D | %RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| لەرێگەی میدیاوە، تێگەیشتنی سەبارەت بە بازاڕی سیاسی دروستکردووە | ٩٢ | ٩٢ | ١٤ | ٢,٣٩ | ٠,٦٢ | ٧٩,٨٠ | زۆر جار | ٢ |
| | ٤٦,٤٦ | ٤٦,٤٦ | ٧,٠٧ | | | | | |
| لەرێگەی میدیاوە، کەسایەتی و بەرنامە و سیاسەتی پارتەکەی ناساندووە. | ١٠٤ | ٦٩ | ٢٥ | ٢,٤٠ | ٠,٧٠ | ٧٩,٩٧ | زۆر جار | ١ |
| | ٥٢,٥٣ | ٣٤,٨٥ | ١٢,٦٣ | | | | | |
| لایەکی دامەزراوەکانی پارتەکەی خستوەتەڕوو | ٩٨ | ٧١ | ٢٩ | ٢,٣٥ | ٠,٧٢ | ٧٨,٢٨ | زۆر جار | ٣ |
| | ٤٩,٤٩ | ٣٥,٨٦ | ١٤,٦٥ | | | | | |
| لە تایبەتمەندیی ئامڕازەکانی پەیوەندی کردن بە جەماوەر شارەزایە. | ٦٠ | ٩٨ | ٤٠ | ٢,١٠ | ٠,٧١ | ٧٠,٠٣ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٣٠,٣١ | ٤٩,٤٩ | ٢٠,٢٠ | | | | | |
| لە رێگەی میدیاوە، توانیویەتی جەماوەر و رایگشتی ئاڕاستە بکات. | ٧٠ | ٩٤ | ٣٤ | ٢,١٨ | ٠,٧٠ | ٧٢,٧٣ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٣٥,٣٥ | ٤٧,٤٧ | ١٧,١٧ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٢٤ | ٤٢٤ | ١٤٢ | ٢,٢٨ | ٠,٦٩ | ٧٦,١٦ | هەندێک جار | |

**٢- ئەرکی لێکدانەوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاریی سیاسیدا.**

خشتەی (١٠) روونی دەکاتەوە (ئەرکی لێکدانەوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا)، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی لێکدانەوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری ( بۆچوون و زانیارییەکانی پارتەکەیان بۆ جەماوەر شیکردووەتەوە) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,١٤)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٩)، گرنگی رێژەیەکەی بریتییە لە (٧١,١٢٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٣١,٣١٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥١,٠١٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٧,٦٨٪).

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی لێکدانەوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری (شیکردنەوە بۆ ئەو گۆڕاوە ژینگەییانە دەکات، کە کاریگەرن بۆ پارتەکە) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٠٧)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٦)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٦٨,٨٦٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٢٥,٢٥٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٦,٠٦٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٨,٦٩٪).

هەروەها بە شێوەیەکی گشتی ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی لێکدانەوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٠٩)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٨)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٦٩,٦٦٪)، لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٢٨,٠٨٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٢,٨٣٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٩,٠٩٪).

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکەکان دەریدەخات ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی لێکدانەوەی پەیوەندییە گشتیەکان لە پارتەکاندا) هەندێک جار لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە ئەنجام دراوە، هەرچەندە ئەرکی لێکدانەوە لە پارتە سیاسییەکان وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە، بەڵام بەشێوازێکی زیاتر ئەرکی لێکدانەوە بۆ بازاڕکاری سیاسیی بیر و بۆچوون و زانیارییەکانی پارتەکەیان بۆ جەماوەر شیکردووەتەوە، بەڵام لە لایەن بەرتوێژنەوە ئەوە خراوەتە ڕوو کە پارتە سیاسییەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر شیکردنەوە بۆ ئەو گۆڕاوە ژینگەییانە دەکات، کە کاریگەرن بۆ پارتەکە هەیە، کە پێویستەپارتە سیاسییەکان بە بەردەوامی شیکردنەوە

و لێکدانەوە بۆ گۆڕاوە ژینگەیەکان بکات کە کاریگەری هەیە بۆ پارتەکە، تا پارتە سیاسییەکان خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنن و بزانن چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ جەماوەر.

خشتەی (١٠)

ئەرکی لێکدانەوە لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا

| ئەرکەکان | زۆر جار | هەندێک جار | کەم جار | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| شیکردنەوە بۆ ئەو گۆڕاوە ژینگەییانە دەکات، کە کاریگەرن بۆ پارتەکە | ٥٠ | ١١١ | ٣٧ | ٢,٠٧ | ٠,٦٦ | ٦٨,٨٦ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٢٥,٢٥ | ٥٦,٠٦ | ١٨,٦٩ | | | | | |
| فاکتەرەکانی سەرکەوتنی بەرهەمی سیاسی پارتەکە شیدەکاتەوە. | ٥٦ | ١٠٤ | ٣٨ | ٢,٠٩ | ٠,٦٨ | ٦٩,٧٠ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٢٨,٢٨ | ٥٢,٥٣ | ١٩,١٩ | | | | | |
| بۆچوون و زانیارییەکانی پارتەکەیان بۆ جەماوەر شیکردووەتەوە. | ٦٢ | ١٠١ | ٣٥ | ٢,١٤ | ٠,٦٩ | ٧١,٢١ | هەندێک جار | ١ |
| | ٣١,٣١ | ٥١,٠١ | ١٧,٦٨ | | | | | |
| شیکار ییەکی گونجاو دەخاتەڕوو بۆ پەیوەندییە جەماوەرییەکان لەبارەی هەر ڕووداوێک کە دێتەپێش | ٥٦ | ١٠٢ | ٤٠ | ٢,٠٨ | ٠,٦٩ | ٦٩,٣٦ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٢٨,٢٨ | ٥١,٥٢ | ٢٠,٢٠ | | | | | |
| کار لەسەر شیکردنەوەی جەماوەری مەبەستدار دەکات بە هەموو چین و توێژەکانەوە | ٥٤ | ١٠٥ | ٣٩ | ٢,٠٨ | ٠,٦٨ | ٦٩,١٩ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٢٧,٢٧ | ٥٣,٠٣ | ١٩,٧٠ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٢٧٨ | ٥٢٣ | ١٨٩ | ٢,٠٩ | ٠,٦٨ | ٦٩,٦٦ | هەندێک جار | |
| | ٢٨,٠٨ | ٥٢,٨٣ | ١٩,٠٩ | | | | | |

**٣- ئەرکی قایلکردن پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاریی سیاسیدا**

خشتەی (١١) روونی دەکاتەوە (ئەرکی قایلکردن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا)، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی قایلکردن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری (قایلکردنی جەماوەر بە گرنگی پارتەکە وەکو دامەزراوەیەکی سیاسیی کاریگەر لە کۆمەڵگەگادا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢٦)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٦)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٥,٢٥٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٣٧,٨٨٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٠,٠٠٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٢,١٢٪)

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی قایلکردن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری (تێگەیشتنی ورد و دروست بۆ جەماوەر، لە لایەن پەیوەندییە گشتییەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ قەناعەتپێکردنیان) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,١١)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٨)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٠,٢٠٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٢٨,٧٩٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٣,٠٣٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٨,١٨٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی قایلکردن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,١٨)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٧)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٧٢,٥٩٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٣٣,١٣٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥١,٥٢٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٥,٣٥٪).

بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتووە هەندێک جار (ئەرکی قایلکردنی) لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتیەکان لە پارتەکاندا لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە جێبەجێی دەکرێت، کە ئامانجی سەرەکی پارتە سیاسییەکان قایلکردنی جەماوەرە بەرامبەر بە پارتە، هەرچەندە بە ڕێژەیەکی زیاتر قایلکردنی جەماوەر بە گرنگی پارتەکە وەکو دامەزراوەیەکی سیاسیی کاریگەر لە کۆمەڵگەگادا لە ئەرکەکانی تر بۆ بازاڕکاری سیاسیی بۆ قایلکردنی جەماوەر کاری لەسەر کراوە، ئەمەش بەتەنیا بەس نیە بۆ تێرکردنی بازاڕی سیاسی پارتە سیاسییەکان بۆ قایلکردنی جەماوەر، لەگەڵ ئەوەدا لە وەڵامی بەرتوێژاندا سەبارەت بە ئەرکی قایلکردن لە پارتە سیاسیەکاندا بۆ تێگەیشتنی ورد و دروست بۆ جەماوەر، لە لایەن پەیوەندییە گشتییەکان

هۆکارێکی گرنگە بۆ قەناعەتپێکردنیان لە دواین ئەوێ ڕیزبەندیە کە هەندێک جار لە لایەن پارتەکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

خشتەی (١١)

ئەرکی قایلکردن لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا

| ئەرکەکان | زۆر جار | هەندێک جار | کەم جار | Mean | S.D | %RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| بایەخ دەدات بەو گۆڕانکاریانەی، کە لە بازاڕی سیاسیدا ئەنجامیدەدەن، بە مەبەستی بنیاتنانی ستراتیژی قایلکەر و کاریگەر | ٦٤ | ١٠٥ | ٢٩ | ٢,١٨ | ٠,٦٦ | ٧٢,٥٦ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٣٢,٣٢ | ٥٣,٠٣ | ١٤,٦٥ | | | | | |
| بانگەشە و چالاکییە جوراوجۆرەکان بەکاردەهێنن، لە پێناو قایلکردنی جەماوەر بە بەرنامە و کادیر و کاندیدانی پارتەکە | ٧٢ | ٩٩ | ٢٧ | ٢,٢٣ | ٠,٦٧ | ٧٤,٢٤ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٣٦,٣٦ | ٥٠,٠٠ | ١٣,٦٤ | | | | | |
| قایلکردنی جەماوەر بە گرنگی پارتەکە وەکو دامەزراوەیەکی سیاسیی کاریگەر لە کۆمەڵگادا | ٧٥ | ٩٩ | ٢٤ | ٢,٢٦ | ٠,٦٦ | ٧٥,٢٥ | هەندێک جار | ١ |
| | ٣٧,٨٨ | ٥٠,٠٠ | ١٢,١٢ | | | | | |
| پەنابردن بۆ تەواوی ئامڕازەکانی پەیوەندی کردن لە پرۆسەی قایلکردندا. | ٦٠ | ١٠٢ | ٣٦ | ٢,١٢ | ٠,٦٩ | ٧٠,٧١ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٣٠,٣٠ | ٥١,٥٢ | ١٨,١٨ | | | | | |
| تێگەیشتنی ورد و دروست بۆ جەماوەر، لە لایەن پەیوەندییە گشتییەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ قەناعەت پێکردنیان. | ٥٧ | ١٠٥ | ٣٦ | ٢,١١ | ٠,٦٨ | ٧٠,٢٠ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٢٨,٧٩ | ٥٣,٠٣ | ١٨,١٨ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٣٢٨ | ٥١٠ | ١٥٢ | ٢,١٨ | ٠,٦٧ | ٧٢,٥٩ | هەندێک جار | |
| | ٣٣,١٣ | ٥١,٥٢ | ١٥,٣٥ | | | | | |

**٤- ئەرکی هەڵسەنگاندن پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاریی سیاسیدا**

خشتەی (١٢) ڕوونی دەکاتەوە (ئەرکی هەڵسەنگاندن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا)، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی هەڵسەنگاندن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری (هەڵسەنگاندنی وردی بۆ دۆخ و ئەو بەربەستانە کردووە، کە ئەگەری هەیە بێنە بەردەمیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (١,٩٦)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٧٠)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٦٥,٣٢٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٢٢,٢٢٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥١,٥٢٪) (هەرگیز) بریتییە لە (٢٦,٢٦٪).

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی هەڵسەنگاندن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری (بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ شێوازەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە دەکات) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (١,٨٠)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٧١)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٦٦,١٠٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (١٧,١٧٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٥,٩٦٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٣٦,٨٧٪).

هەروەها بە شێوەیەکی گشتی ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی هەڵسەنگاندن پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (١,٨٨)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٩)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (٦٢,٥٩٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (١٨,٣٨٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥١,٠١٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٣٠,٦١٪).

بەشێوەیەکی گشتی لە لایەن بەرتوێژانەوە ئەوە خراوەتە ڕوو (هەندێک جار) لە پارتەکاندا (ئەرکی هەڵسەنگاندنی) بۆ ئەو تەوەرانەی لەڕووی هەڵسەنگاندنەوە ئاراستەیان کراوە ئەنجام دراوە، بەرتوێژان بۆ هیچ تەوەرێک لە ئەرکی هەڵسەنگاندن ئاماژەیان نەداوە کە زۆرجار لە پارتەکاندا هەڵسەنگاندن جێبەجێی دەکرێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی زیاتر کە لە پێشینەی تەوەرەکانی تردایە کە لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە هەڵسەنگاندنی وردی بۆ ئەو دۆخ و بەربەستانە کردوە، کە ئەگەری هەیە بێنە بەردەمیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بەڵام کەمترین لەو ڕێژەی کە هەندێک جار پارتە سیاسییەکان بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ شێوازەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە دەکات، کەهە ئەمەش هۆکارێک دەبێت کە پەیامی

پارتە سیاسییەکان وەک پێویست نەگات بە جەماوەر و لە پاشدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی جەماوەر.

خشتەی (١٢)

ئەرکی هەڵسەنگاندن لە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا

| ئەرکەکان | زۆر جار | هەندێک جار | کەم جار | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژم | لادانی پیوەری | گرنگی ریژەیی | ئەنجام | ریزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| هەڵسەنگاندنی وردی بۆ دۆخ و ئەو بەربەستانە کردوە، کە ئەگەری هەیە بێنە بەردەمیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. | ٤٤ | ١٠٢ | ٥٢ | ١,٩٦ | ٠,٧٠ | ٦٥,٣٢ | هەندێک جار | ١ |
| | ٢٢,٢٢ | ٥١,٥٢ | ٢٦,٢٦ | | | | | |
| بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەی سیاسی و کارکردنی کادرەکانی پارتەکە دەکات. | ٣٧ | ١٠٣ | ٥٨ | ١,٨٩ | ٠,٦٩ | ٦٣,١٣ | هەندێک جار | ٢ |
| | ١٨,٦٩ | ٥٢,٠٢ | ٢٩,٢٩ | | | | | |
| بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ کاری ئۆرگانەکانی پارتەکە دەکات. | ٣٠ | ١١٢ | ٥٦ | ١,٨٧ | ٠,٦٥ | ٦٢,٢٩ | هەندێک جار | ٣ |
| | ١٥,١٥ | ٥٦,٥٧ | ٢٨,٢٨ | | | | | |
| بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ شێوازەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە دەکات. | ٣٤ | ٩١ | ٧٣ | ١,٨٠ | ٠,٧١ | ٦٠,١٠ | هەندێک جار | ٥ |
| | ١٧,١٧ | ٤٥,٩٦ | ٣٦,٨٧ | | | | | |
| بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ جەماوەری لایەنگر و ئۆپۆزسیۆن و خەڵکانی بێلایەن دەکات. | ٣٧ | ٩٧ | ٦٤ | ١,٨٦ | ٠,٧٠ | ٦٢,١٢ | هەندێک جار | ٤ |
| | ١٨,٦٩ | ٤٨,٩٩ | ٣٢,٣٢ | | | | | |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ٥٠٥ | ٣٠٣ | ١,٨٨ | ٠,٦٩ | ٦٢,٥٩ | هەندێک جار | |
| | ١٨,٣٨ | ٥١,٠١ | ٣٠,٦١ | | | | | |

### ٥- ئەركی دۆكۆمێنتاری پەیوەندییە گشتییەكان لە بازاڕكاریی سیاسی.

خشتەی (١٣) روونی دەكاتەوە (ئەركی دۆكۆمێنتاری پەیوەندییە گشتییەكان لە پارتەكاندا)، دەردەكەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەكانی بە (ئەركی دۆكۆمێنتاری پەیوەندییە گشتییەكان لە پارتەكاندا) بریتییە لە پرسیاری (كاركردن لەسەر بەڵگەكانی پێشوو، سەبارەت بە ناسینی جەماوەری ئامانجدار) دەردەكەوێت كە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٠٣)، ئەنجامەكەی بە گوێرەی (پێوەری لیكارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٩)، گرنگی رێژەییەكەی بریتییە لە (٦٧,٦٨٪) لە كاتێكدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٢٥,٢٥٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٢,٥٣٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٢٢,٢٢٪).

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەكانی (ئەركی دۆكۆمێنتاری پەیوەندییە گشتییەكان لە پارتەكاندا) بریتییە لە پرسیاری (كاركردن لەسەر بەڵگەكانی پێشوو، سەبارەت بە تایبەتمەندی شێوازەكانی پەیوەندیكردنی باو 'تقلیدی' و نوێ لەگەڵ جەماوەر) دەردەكەوێت كە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (١,٩٢)، ئەنجامەكەی بە گوێرەی (پێوەری لیكارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦٥)، گرنگی رێژەییەكەی بریتییە لە (٦٣,٩٧٪) لە كاتێكدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (١٧,١٧٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٧,٥٨٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٢٥,٢٥٪).

هەروەها بە شێوەیەكی گشتی ئاستی تایبەت بە پرسیارەكانی (ئەركی دۆكۆمێنتاری پەیوەندییە گشتییەكان لە پارتەكاندا) دەردەكەوێت كە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (١,٩٧)، ئەنجامەكەی بە گوێرەی (پێوەری لیكارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە (٠,٦٨)، گرنگی رێژەیەكەی بریتییە لە (٦٥,٧٦٪) لە كاتێكدا بەڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٢٢,٠٢٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٣,٢٣٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (٢٤,٧٥٪).

ئەنجامە دەركەوتووەكان لە لایەن بەرتوێژانەوە كە (هەندێک جار) ئاستی تایبەت بە ئەركی دۆكیۆمێنتاری پەیوەندییە گشتیەكان لە پارتەكاندا جێبەجێی دەكرێت لە پارتەكاندا، وە زۆرینەی بەرتوێژان هاوڕان كە ئەركی دۆكیۆمێنتاری زۆرجار لە پارتە سیاسییەكاندا جێبەجێ ناكرێت، هەرچەندە بەرتوێژان بە ڕێژەیەكی زیاتر و لە پێشینەی تەوەرەكانی تردا ئاماژە یان داوە كە كاركردن لەسەر بەڵگەكانی پێشوو، سەبارەت بە ناسینی جەماوەری ئامانجدار هەدێک جار كاری لەسەر دەكەن ، بەڵام بەڕێژەیەكی كەمتر و لە كۆتای ڕیزبەندی تەوەرەكانی تری بازاركاری سیاسی لە ئەركی دۆكیۆمێنتاری پارتە سیاسییەكاندا كاركردن لەسەر بەڵگەكانی پێشوو، سەبارەت بە تایبەتمەندی شێوازەكانی پەیوەندیكردنی باو (تقلیدی) و نوێ لەگەڵ

جەماوەردا کەمتر جێبەجێکراوە،ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە ئەرکی دۆکیۆمێنتاری گرنگییەکی زۆری نیە لای پارتە سیاسییەکان، کە پێویستە پارتە سیاسییەکان لە سەرجەم رووەکانەوە گرنگی بدەن بە ئەرکی دۆکیۆمێنتاری بۆ پارتە سیاسییەکان.

خشتەی (١٣)

ئەرکی دۆکۆمێنتاری لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا

| ئەرکەکان | زۆر جار | هەندێک جار | کەم جار | Mean | S.D | %RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ<br>% | ژ<br>% | ژ<br>% | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی رێژەیی | ئەنجام | ریزبەندی |
| کارکردن لەسەر بەڵگەکانی پێشوو، سەبارەت بە دۆخی بازاڕی سیاسی | ٤٧<br>٢٣,٧٤ | ١٠٢<br>٥١,٥٢ | ٤٩<br>٢٤,٧٥ | ١,٩٩ | ٠,٧٠ | ٦٦,٣٣ | هەندێک جار | ٣ |
| کارکردن لەسەر بەڵگەکانی پێشوو سەبارەت بە بەرنامە و سیاسەت و کادرەکانی پارتەکە. | ٤٩<br>٢٤,٧٥ | ١٠٠<br>٥٠,٥١ | ٤٩<br>٢٤,٧٥ | ٢,٠٠ | ٠,٧١ | ٦٦,٦٧ | هەندێک جار | ٢ |
| کارکردن لەسەر بەڵگەکانی پێشوو، سەبارەت شێوازی کارکردنی پارتەکە | ٣٨<br>١٩,١٩ | ١٠٧<br>٥٤,٠٤ | ٥٣<br>٢٦,٧٧ | ١,٩٢ | ٠,٦٨ | ٦٤,١٤ | هەندێک جار | ٤ |
| کارکردن لەسەر بەڵگەکانی پێشوو، سەبارەت بە تایبەتمەندی شێوازەکانی پەیوەندیکردنی باو (تقلیدی) و نوێ لەگەڵ جەماوەر. | ٣٤<br>١٧,١٧ | ١١٤<br>٥٧,٥٨ | ٥٠<br>٢٥,٢٥ | ١,٩٢ | ٠,٦٥ | ٦٣,٩٧ | هەندێک جار | ٥ |
| کارکردن لەسەر بەڵگەکانی پێشوو، سەبارەت بە ناسینی جەماوەری ئامانجدار. | ٥٠<br>٢٥,٢٥ | ١٠٤<br>٥٢,٥٣ | ٤٤<br>٢٢,٢٢ | ٢,٠٣ | ٠,٦٩ | ٦٧,٦٨ | هەندێک جار | ١ |
| کۆی گشتی | ٢١٨<br>٢٢,٠٢ | ٥٢٧<br>٥٣,٢٣ | ٢٤٥<br>٢٤,٧٥ | ١,٩٧ | ٠,٦٨ | ٦٥,٧٦ | هەندێک جار | |

**٦- ئەرکی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکان لە بازاڕکاریی سیاسی**

خشتەی (١٤) روونی دەکاتەوە (ئەرکی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا)، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی بە (ئەرکی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری(پەیوەندییە گشتییەکان، لە هەڵمەتی بانگەشەدا، کارئاسانی دەکات بۆ جەماوەر تاوەکو پەیامەکانیان پێبگات) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە (٢,٣٨)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (زۆر جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٧)، گرنگی رێژەییەکەی بریتییە لە (٧٩,٤٦٪)، ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٤٨,٩٩٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٤٠,٤٠٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٠,٦١٪).

هەروەها نزمترین ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) بریتییە لە پرسیاری (کاری ئۆرگانەکانی دیکە لە پارتەکەدا دەکات، لە کاتی پێویستی کارکردندا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٠٧)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٥)، گرنگی رێژەیەکەی بریتییە لە (٦٨,٨٦٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٢٤,٧٥٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٧,٠٧٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٨,١٨٪).

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئاستی تایبەت بە پرسیارەکانی (ئەرکی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا) دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرە بریتییە لە (٢,٢٢)، ئەنجامەکەی بە گوێرەی (پێوەری لیکارت) بریتییە لە (هەندێک جار)، لادانی پێوەری بریتییە لە (٠,٦٦)، گرنگی رێژەیەکەی بریتییە لە (٧٤,٠٢٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر جار) بریتییە لە (٣٦,٠١٪)، (هەندێک جار) بریتییە لە (٥٠,١٠٪)، (هەرگیز) بریتییە لە (١٣,٨٦٪).

بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئەنجامانە دەرکەوتووە کە (هەندێک جار) ئاستی تایبەت بە (ئەرکی ئاسانکاری)لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتیەکان لە پارتەکاندا جێبەجێکراوە، هەرچەندە لە ئەوە خراوەتە روو کە زۆرجار پەیوەندییە گشتییەکان، لە هەڵمەتی بانگەشەدا، کارئاسانی دەکات بۆ جەماوەر تاوەکو پەیامەکانیان پێبگات، بەڵام ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا نیە، بەڵکو کاتی هەڵبژاردن چنینەوەی کاری پێشینەی پارتەکەیە کە ئەنجامی داوە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوە خراوەتە روو کە سەرجەم تەوەرەکانی تر سەبارەت بە ئەرکی ئاسانکار پەیوەندییە گشتییەکان لە لایەن پارتکانەوە هەندێک جار ئەنجام دەدرێت، کە لە کۆتای ڕیزبەندییەکەدا کە هەندێک جار کادران کاری ئۆرگانەکانی دیکە لە پارتەکەدا دەکات، لە کاتی پێویستی کارکردندا، کە ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ لاوازبوونی پارتەکان.

خشتەی (١٤)

ئەرکی ئاسانکاری لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسییەکاندا

| ئەرکەکان | زۆر جار | هەندێک جار | کەم جار | Mean | S.D | ٪RI | Results | Sort |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | | |
| لەبەرچاوگرتنی شوێن و سنوری کارکردن، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیدا | ٨٥ | ١١٠ | ٢٣ | ٢,٢٨ | ٠,٦٥ | ٧٦,١٥ | هەندێک جار | ٢ |
| | ٣٨,٩٩ | ٥٠,٤٦ | ١٠,٥٥ | | | | | |
| ئاسانکاریی دەکات بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانیان زووتر و باشتر بگەنە جەماوەر. | ٦٢ | ١٠٢ | ٣٤ | ٢,١٤ | ٠,٦٨ | ٧١,٣٨ | هەندێک جار | ٤ |
| | ٣١,٣١ | ٥١,٥٢ | ١٧,١٧ | | | | | |
| کاری ئۆرگانەکانی دیکە لە پارتەکەدا دەکات، لە کاتی پێویستی کارکردندا. | ٤٩ | ١١٣ | ٣٦ | ٢,٠٧ | ٠,٦٥ | ٦٨,٨٦ | هەندێک جار | ٥ |
| | ٢٤,٧٥ | ٥٧,٠٧ | ١٨,١٨ | | | | | |
| ئاسانکاریی بۆ میدیاکان و جەماوەر دەکات، لە گەیاندنی پەیام و ناساندنیاندا. | ٧١ | ١٠١ | ٢٦ | ٢,٢٣ | ٠,٦٦ | ٧٤,٢٤ | هەندێک جار | ٣ |
| | ٣٥,٨٦ | ٥١,٠١ | ١٣,١٣ | | | | | |
| پەیوەندییە گشتییەکان، لە هەڵمەتی بانگەشەدا، کارئاسانی دەکات بۆ جەماوەر تاوەکو پەیامەکانیان پێبگات. | ٩٧ | ٨٠ | ٢١ | ٢,٣٨ | ٠,٦٧ | ٧٩,٤٦ | زۆر جار | ١ |
| | ٤٨,٩٩ | ٤٠,٤٠ | ١٠,٦١ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٣٦٤ | ٥٠٦ | ١٤٠ | ٢,٢٢ | ٠,٦٦ | ٧٤,٠٢ | هەندێک جار | |
| | ٣٦,٠٤ | ٥٠,١٠ | ١٣,٨٦ | | | | | |

**تەوەری پێنجەم: کێشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە جێبەجێکردنی بازاڕکردنی سیاسی لە پارتە سیاسییەکاندا**

لەم تەوەرەدا توێژەر هەوڵی زانینی کێشەو بەربەستەکانی کە بونەتە ڕێگر لەبەردەم پەیوەندییە گشتییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لە بازاڕکردنی سیاسی لە پارتەکاندا، کە بە چەند کێشەیەک بەم شێوەیەی لای خوارەوە خراوەتە ڕووی بەرتوێژان ؛ -

